# سۆشیال دیموکرات

## ( تیۆری – گەشەسەندن - پراکتیزەکردن )

سالّح عوسمان

---

٢٠٢٣

پــــڕ بـــەدڵ سوپاســـی بێپایـــانی خێزانەکـەم، بەتایبـەت هاوســەرم (دایکی سالین) دەکەم، کە لـە کـاتی نوســـینی کتێبـــەکانم و هـــەنگاوە ســەرکەوتووەکانی ژیـــانم هاوکـــار و پشــتیوانم بــووە و هەمیشــە بــۆ مــن جێگای شانازیە..

# سۆشیال دیموکرات

( تیۆری – گەشەسەندن - پراکتیزەکردن )

سالّح عوسمان

ناوی کتێب: سۆشیال دیموکرات (تیۆری – گەشەسەندن – پراکتیزەکردن))

نوسینی: ساڵح عوسمان

بابەت: لێکۆڵینەوە

دیزاین: جەلیل حسێن

چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠٢٣

چاپخانەی: بینایی – سلێمانی

تیراژ: ٣٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی ( ٦٩٠ ) ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە.

# ناوەڕۆك


پێشەكی.......................................................................۷

**بەشی یەكەم: تیۆری سۆشیال دیموكرات**

باسی یەكەم: چەمك و پێناسەی سۆشیال دیموكرات..............................۱۲

باسی دووەم: چەمك و بیری سۆشیال دیموكرات.................................۱٤

باسی سێیەم: جیاوازییەكانی نێوان سۆشیال دیموكرات و سۆشیالیست دیموكرات.........۱۸

**بەشی دووەم: بەهاكانی سۆشیال دیموكرات و چەمكە هاوشێوەكان:**

باسی یەكەم: بەهاكانی سۆشیال دیموكرات.....................................۲۲

باسی دووەم:چەمكە هاوشێوەكان.................................................۲۷

باسی سێ یەم: سۆشیال دیموكرات وەك ئامرازێك بۆ خۆشگوزەرانی كۆمەڵگە.............۳۲

**بەشی سێیەم: مێژووی گەشەی سۆشیال دیموكرات:**

باسی یەكەم: مێژووی سەرهەڵدان................................................٤۰

باسی دووەم: قۆناغەكانی سۆشیال دیموكرات:.....................................٤۲

**بەشی چوارەم: بزوتنەوەی سۆشیال دیموكراتو سەرچاوەو بنەماو جیاوازییەكان**

باسی یەكەم: سەرچاوەكانی بزوتنەوەی سۆشیال دیموكرات..........................٥٤

باسی دووەم: بنەما بنەڕەتیەكانی بزوتنەوەی سۆشیال دیموكرات......................۷٤

باسی سێیەم: تابەتمەندیو جیاوازییەكانی سۆشیال دیموكرات........................۷۸

**بەشی پێنجەم: دیدو بەهاكانی سۆشیال دیموكرات بۆ جیهانو كۆمەڵگای نوێ:**

باسی یەكەم: بەهاكانی سۆشیال دیموكرات لە ئاستی جیهانیدا........................۹۲

باسی دووەم: دیدی سۆشیال دیموكرات بۆ كۆمەڵگای نوێ...........................۱۰۸

**بەشی شەشەم: رێکخراوی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنالی جیهانی (SI)و ئەندامەکانی:**

باسی یەکەم: رێکخراوی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال (SI)..........................١٤٨
باسی دووەم: ئەندامانی رێکخراوی سۆشیالیست ئەنتەرناسیۆنال (SI)..................١٥٧
باسی سێیەم: حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا (SPD)..........................١٧١

**بەشی حەوتەم: پراکتیزە کردنی سۆشیال دیموکراسی لە کوردستان:**

باسی یەکەم: سۆشیال دیموکراتو کۆمەڵگەی کوردستان............................١٧٨
باسی دووەم: بنەمای بیری سۆشیال دیموکرات و جێبەجێ کردنی.....................١٨٢
باسی سێیەم: سەرهەڵدانی بیری سۆشیال دیموکرات لە کوردستان.....................١٩٦
باسی چوارەم: هۆکارەکانی درەنگ سەرهەڵدانی بیری سۆشیال دیموکرات...............٢٠١

**بەشی هەشتەم: یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و سۆشیال دیموکرات:**

باسی یەکەم: یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و فکری سۆشیال دیموکرات...............٢١٦
باسی دووەم: یەکێتیی نیشتمانی کوردستانو سۆشیال دیموکرات.....................٢٢٣
باسی سێیەم: یەکێتیی نیشتمانی کوردستانو ناسنامەی سۆشیال دیموکرات............٢٣٢

**بەشی نۆیەم: یەکێتیی نیشتمانی کوردستانو وەرچەرخانو گەشەی فکری بەرەو سۆشیال دیموکرات:**

باسی یەکەم: یەکێتیو وەرچەرخانی فکری لە (شاخ بۆ شار)...........................٢٤٢
باسی دووەم: یەکێتیی لەنێوان سۆشیال دیموکراتو سۆشیالیست دیموکراتدا...........٢٥٥
باسی سێیەم: پرۆگرامی یەکێتیو کارکردن بۆ بەها بنەڕەتیەکانی سۆشیال دیموکرات...٢٥٩

وتـــەی کـــــۆتـــایـــــی.........................................................٢٩١
پاشکۆ.................................................................٢٩٨

# پێشەکی:

سۆشیال دیموکرات وەك چەمك و ئایدۆلۆژیا و جێبەجێ کردنی لە مەیدانی سیاسەتو کاری سیاسیدا، مێژوویەکی درێژی لە جیهاندا هەیە و پانتاییەکی فراوانی لە کایە جیاوازەکاندا داگیر کردووە، بەڵام هێشتا بەشێکی زۆر لە خوێنەرانی کورد، ئاشنای تەواوی ڕەهەندەکانی نەبوون، لەوەیە وەك ناو پێیانگەیشتبێت، بەڵام زانیارییەکی پڕاوپڕیان لەسەری نیە، کە بتوانن وەبەرهێنانی تێدا بکەن و لە کاری خۆیاندا بنەماکانی جێبەجێ بکەن و بە سودی گشتی بیشکێننەوە، لەسەر ئەو بنەمایە بە پێویستم زانی نوێترین کتێبم لەسەر سۆشیال دیموکرات بێت، بۆ ئەوەی هەموومان ئاشنای فکر و بۆچوونەکانی ببین و تێبگەین سۆشیال دیموکراتی لە ناوەخنیدا چی بۆ کۆمەڵگە هەڵگرتووە.

ڕاستە کۆمەڵێك نوسەری بەتوانا تیشکیان خسۆتە سەر ئەم بابەتە،بەڵام هەریەکەیان و گۆشەنیگایەکیان هەڵبژاردووە، کە لەوەیە تەواو گشتگیر نەبێت، بۆیە من هەوڵمداوە سود لە بەرهەمی ئەم نوسەرانە وەربگرم و بابەتەکانیان کۆبکەمەوە و کتێبێکی گشتگیری لێ بەرهەم بهێنم، کە خۆی

له سێ تەوەری سەرەکی دەبینێتەوە، کە بریتین له باس کردنی سۆشیال دیموکرات له ڕووی تیۆرییەوە تا گەشەسەندنی، دووەمیشیان چۆنیەتی جێبەجێ کردنی سۆشیال دیموکرات لە کوردستان، سێیەم تەوەریشمان تایبەت کردووە، بە یەکێتیی نیشیتمانیی کوردستان، وەك تاقە حزبی سۆشیال دیموکراتی کوردستان، بێگومان ئەم سێ تەوەرە سەرەکیە دابەشی چەند بەش و باسێکی دیکە بوون، کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەییان پێدەدەین:

بەشەکانی یەکەم، تەرخانکراوە بۆ ناساندنی سۆشیال دیموکرات لە ڕووی چەمك و پێناسە و بەها و بیری سۆشیال دیموکرات و جیاوازی لەگەڵ سۆشیالیست دیموکرات، لە بەشی دووەمدا بەهاکانی سۆشیال دیموکرات و چەمکە هاوشێوەکانی لەگەڵ بەکارهێنانی وەك ئامرازێك بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە ڕوون کراوەتەوە.

بەشی سێیەم تەرخانکراوە، بە گەشەی سۆشیال دیموکرات، واتە مێژووی سەرهەڵدانی تا جیا کردنەوەی قۆناغە جیاوازەکانی و گەیشتنی بە ئەمڕۆ، کە ئەمیش خۆی لە چەندین قۆناغ و بەش دەبینێتەوە، هەروەها بەشی چوارەمیش لە سەرچاوەو بنەما و تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی

سۆشـیال دیمـوکراتی پێکـدێت، کـە هــەموو بـاس و ڕەهەنـدەکانی شــی کراوەتەوە.

بەشی پێنجەم تایبەت کراوە بە دید و بەهاکانی سۆشیال دیموکرات لەسەر ئاسـتی جیهـان و دیـدی ئـەوان بـۆ کۆمەڵگـەی نـوێ، ئەمـە جگـە لـەوەی بەهاکانییشی لەسەر ئاستی جیهانی ئامـاژەی پێدراوە،بەشـی شەشـەمیش تەرخانکراوە بۆ ڕێکخراوی سۆشـیال ئینتەرناشیۆناڵیسـتی جیهـانی (SI) و ئەندامەکانی لەگەڵ حزبی حزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا (SPD)

لەبەشی حەوتەمدا، هاتوومەتە سەر تەوەری دووەمی کتێبەکە، کە ئەویش میکانیزم و ڕێگاکانی جێبەجێ کردنی سۆشیال دیموکراتە لە کوردسـتان ، بۆ ئەمەش سەرباری ئاماژەدان بە چۆنیەتی سـەرهەڵدانی بـیری سۆشـیال دیموکرات لە کوردستان و بنـەماکانی، باسـم لـە میکانیزمـەکانی جێبـەجێ کردنـی بـیری سۆشـیال دیمـوکرات لـە کوردسـتان کـردووە، کـە دەکرێـت لەگشت سێکتەرەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردیدا جێبەجێ بکرێت.

بەشی هەشتەم و نۆیەم، تەرخانکراوە بەتەوەری سـێیەمی کتێبەکـە، کـە تایبەتە بە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و سۆشیال دیموکرات، لەم دوو بەشەدا باسمان لە فکری سۆشیال دیموکرات و ناسنامەکەی کردووە، ئەمە جگە لەوەی بە وردی یـەکێتیی و وەرچـەرخانی فکرمـان ڕوون کردۆتـەوە،

پرۆگرام و کارکردنی بۆ خاڵە بنەڕەتیەکانی سۆشیال دیموکراتیش باس کراوە.

لە کۆتاییدا، دەمەوێت بڵێم کە سۆشیال دیموکرات ئەوەندەی واقعی و پراکتیکە، ئەوەندە فکرێکی تیۆری نیە، ئەگەر بەتەنها وەك تیۆر سەیری بکەین، ئەوە ئێمە ناتوانین بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی و ئەزمونی خۆمان سودی لێوەربگرین،بۆیە گرنگە بەندەکانی وەك خۆی جێبەجێ بکەین، بۆ ئەمەش پێویستە پێداچوونەوەیەکی هەمەلایەنە بەخۆماندا بکەین و بەراوردی کار و بەرنامەی خۆمان بە فکری سۆشیال دیموکرات بکەین، بزانین لە کوێدا بە تەواوی جێبەجێ کراوە، لە کوێشدا کەمتەرخەمیمان تیایدا کردووە، بۆ ئەوەی خۆمان بۆ جێبەجێ کردنی بنەماکانی یەکلایی بکەینەوە.

**نوسەر**

# بەشی یەکەم:
# تیۆری سۆشیال دیموکرات

## باسی یەکەم: چەمك و پێناسەی سۆشیال دیموکرات:

سۆشـــیال دیمـــوکرات یـــان دیمـــوکراتی کۆمەڵایـــەتی (Social democracy) ، بـریتی یـە لـە ئایدۆلۆژیاییـەکی سیاسـی کـە داوا دەکات حکومەت بۆ چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی کـار لەسـەر لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی بکات،ئەمەش بـە ئامـانجی دارشـتنەوەی سیاسـەتێك بـۆ خۆشـگوزەرانی دەوڵـەت، بەشـێوەیەك خزمـەت بـە بەرژەوەندی گشتی بکات و جارێکی دیکـە داهـات و سـەرمایە دابـەش بکرێتەوە، هەروەها پێویستە دەوڵەت پابەندی دیموکراسی پەرلەمانی بێت [١] .

وەك پێناسـە، بریتیـە لـە ئایـدۆلۆژیای سیاسـی چـەپی ناوەڕاسـت، سۆسیالســتی دیمــوکراتی نــوێ بزووتنەوەیەکــە هەوڵــدەدات بــۆ ریفۆرمکردنی سـەرمایەداری، بـۆ ئـەوەی بگونجێـت لەگـەڵ بـەهاکانی

---

[١] ویکیپیدیا، https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%8A%D9%85%D9%82%D8%B1%D8%A7%D8%B7%D9%8A%D8%A9_%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%B4%D8%AA%D8%B1%D8%A7%D9%83%D9%8A%D8%A9

دادگـــەری کۆمەڵایـــەتیو سۆســـیالیزم بەمەبەســـتی دروســـتکردنی ئەڵتەرناتیڤێك بۆ سیستمی ئابوری سۆسیالیستی،سۆسیال دیموکراتی نــویێ پراکتیکــی هــەوڵی گرتنــە خــۆی ژیــانێکی خۆشــگوزەران و ئابورییــەکی جیمــوکراتی دەدات، بەمەبەســتی پاراســتنی مافــەکانی کرێکاران. [٢]

سۆسیال دیموکرات پشتگیری لە سیستمی ئـابوری تێکـەڵاو و ئـابوری بازاڕی ئازاد دەکات،بـە ئامـانجی دیموکراسـی کۆمەڵایـەتی بـۆ باشـتر کردنــی لایەنــەکانی یەکســانی و دیموکراســی،بۆ ئــەوەی ژیــانێکی شکۆمەندانە و یەکسانی و داهێنان بۆ تاکەکان فەراهەم بکات [٣] .

[٢] سۆسیال دیموکرات، پاشکۆی گۆڤاری ئایدیا والأژمارە١٠ ،سلێمانی، ل٣.

[٣] سەرچاوەی پێشوو.

## باسی دووەم: چەمك و بیری سۆشیال دیموکرات:

سۆشیال دیموکرات وەك چەمك بۆ یەکەمجار لەسەدەی نۆزدە بەکارهێنرا، کە دەکەوێتە نێوان سالآنی (١٨٦٣-١٨٨٩ز) ، بۆ جیا کردنەوەی ئەو پارتانەی بەرنامەی سۆشیال دەکەنە بەرنامەی خۆیان، ئەمەش بۆ جیا کردنەوەیان بوو لە پارتەکانی دیکە [٤] .

بەشێوەیەکی کردەوەیش لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پەیدابوو، واتە ئەوکاتەی ئیدوارد برنشتاین، کە هەتا ئەوکاتە یەکێك بوو لە رابەرانی مارکسیزمی ئەڵمانی، دیدگا و گێڕانەوەی خۆی لە سۆشیالیزم بەیانکرد. برنشتاین رایگەیاند کە پێشبینی مارکس دەربارەی مەرگی سەرمایەداری و سەرکەوتنی خەباتی شۆڕشگێرانەی چینی کرێکار، پێش بینی و دیدگای نادروستن. تازەکردنەوەی دیدگاکانی مارکسیزم لەم سەردەمەدا بووە هۆی سەرهەڵدانی رێبازێك کە ئەوکاتە بە «نویٚ خوازی» دەناسرا لەناو بزاڤی سۆشیالیستی و

٤ ماڵپەڕی المعرفة، الديمقراطية الآشتراكية، https://www.marefa.org

مارکسـیدا. ئـەم رێبـازە گرنگـی زیـاتری دەدا بـە ئامانجـەکانی سۆشـیالیزم لـە رێگـەی پەرلـەمان و رەوشـی چاکسـازیی و ریفـۆرمی بـەردەوام، نـەك ئامـانجی کۆتـایی شـۆڕش و سـەرکەوتنی چـینایەتی کرێکـاران. یـەکێك لـە بنـەما گرنگـەکانی کـاری سۆشـیال دیمـوکرات، «پرەنسیپی گۆڕانکاریی سیاسی هاوشێوەیە» کە دەبێتە وێستگەیەك و سۆشـیال دیمـوکرات دەخاتـە نێـوان هـەردوو بزاڤـی سۆشـیالیزم و لیبرالیزم [٥] .

هەر لەو کاتەوە کە مرۆڤ هەستی بە دەورو بـەر کـردووە و هۆشـی بـە خـۆ و کۆمـەڵ هەبووە،ناتـەبایی و جیاوازییـەکانی نـاو کۆمـەڵی بەدیکردووە، دەرکی بە نـەبوونی یەکسـانی لـە سـامان و دەسـەڵات و خۆسەپاندن و جەور و ستەم و نـادادوەری و مـافخوران کـردووە، لـەو کاتەشەوە خەڵکی هۆشـیار و زانـا کۆمەڵایەتیـەکان هەمیشـە هـەوڵ و تەقـەللایان خسـتۆتە کـار لـە پێنـاو نەهێشـتنی ئـەو نایەکسـانییەو رزگاربوونی مرۆڤ لە هەموو جۆرەکانی چەو ساندننەوە و زەوتکردنـی

---

[٥] ئەکرەمی میهرداد،سۆشیال دیموکرات (دیموکراتی کۆمەڵایەتی) ، ماڵپەری PUKNOWhttps://www.puknow.com/articleview?article=20754&auther=3235

مـاف و هێنانـەی کۆمەڵگەیـەکی دیموکراسـی و مرۆڤدۆسـتی کـە لـە سایەیدا مرۆڤ بحەسێتەوە،ژیانی مرۆڤانە لەگەڵ یەکدا دابـین بکرێـت، دادوەری کۆمەڵایەتی بناغەی کار و ڕەفتارییان بێت، کـە تیایـدا مـرۆڤ ئازاد بێت و پەیوەندییەکانی نـاو کۆمـەڵ لەسـەر بناغـەی یەکسـانی و دۆستایەتی بینا کرابێت، بـۆ مسـۆگەر کردنـی خۆشـگوزەرانی هـەموو تاکـەکانی نـاو کۆمـەڵ، کەواتـە بـیری دیموکراسـی بناغـەی بـیری سۆشیالیستی و پاڵپێوەنەریەتی، هەوڵدانیش بۆ ریفۆرمی کۆمەڵایـەتی ڕەگ و ریشەی بە قوڵایی مێژوودا داکوتاوە، لەسەرەتای سـەرهەڵدانی هەموو ئاینە ئاسمانیەکانیش بانگەشەی بۆ کراوە [٦] .

لـە ئـەنجامی گەشـەکردنی کۆمـەڵ، گـۆڕانی پەیوەندییـەکان بـەپێی قۆناغەکان، لێکۆڵینـەوەی زانایـانی کۆمەڵایـەتی و قوڵبوونـەوەیان لـە هۆکارەکـانی چەوسـاندنەوە و دۆزینـەوەی ڕێگـا چـارە بـۆی، بیریـان کەوتە پێش بیری کۆمەڵی ئەو سەردەمەی خۆیان و بۆچوونی نوێیـان بڵاوکردووەتەوە و پایەکانی کۆمەڵگەی پێشکەوتوویان دامەزرانـدووە،

---

[٦] دڵشاد تاڵەبانی، سۆشیال دیموکرات و دەوڵەت،بەڕێوەبەرایەتی چاپ ە بڵاوکردنەوەی سلێمانی،بەرگی یەکەم ٢٠١٣،ل١٠٨.

بەشـــێکیان مەبەســـتەکانیان زیاتربەســـتۆتەوە بـــە ئـــاین و ســـۆزی حوکمڕانەکانەوە، لەو باوەڕەدابوون گۆڕانکاری پەیوەستە بە ڕەوشت و ئاکـار و سـلوکی خەڵکـەوە، کـە دەبێـت کـاری تێـدا بکرێـت تـا دیموکراسـی و یەکسـانی بێتـە کایـەوە، کۆمەڵـە خـەڵکانێك لـە هـەر قۆناغێکـــدا شـــوێن ئـــەو بۆچـــوونانە کـــەوتوون و بروایـــان پێـــی هێناوە،بـــەوەش جیـــاوازی لـــە بـــیری سیاســـیدا پێکهاتووە،ئـــەم بۆچـــوونەش دوای ســـەدەکانی ناوەڕاســـت بـــاو بوو،کۆمـــەڵێك بـــیری سیاسی تۆباوی هێنایە کایەوە.

بیری دیموکراسی و یەکسانی مرۆڤ و خـەیاڵی دامەزرانـدنی کۆمەڵگـەی هەرەوەزی و بـێ چەوسـاندنەوەو جـەنگ لـە مێـژوودا کۆنە،مەبەسـتی ریفۆرمی کۆمەڵایەتیش لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵگـە سـەرەتاییەکاندا وەدەرکەوت [٧] .

---

[٧] سەرچاوەی پێشوو ل١٠٩

## باسی سێیەم: جیاوازییەکانی نێوان سۆشیال دیموکرات و سۆشیالیست دیموکرات:

ئەم دوو چەمکە هەرچەندە لە یەکەوە نزیکن، لەوەیە زۆر کەسیش وەك یەك چەمك بەکاریبهێنێت، بەڵام لە ڕاستیدا چەند جیاوازییەکیان هەیە، کە ئێمە لێرەدا بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێدەدەین:

١. سۆشیالیست دیموکراتەکان بڕوایان وایە کە سۆشیالیستی و سۆشیال دیموکراتەکان و لیبراڵیزم بە تەنها سۆشیالیست نین، بەڵکو دەڵێن:" بۆ گەیشتن بە سۆشیالیستی تەنها لە ڕێگای سۆشیالیستی و سۆشیال دیموکراتەوە نایەتەدی، بەڵکو دەکرێت هەموو گروپ و ڕێکخراوێك بە ڕێگە و هۆکاری تایبەتی خۆی بگاتە سۆشیالیستی.

٢. سۆشیالیست و دیموکراتەکان باوەڕیان بە دیموکراتی تەواوەتی هەیە.

٣. سۆشیالیست دیموکراتەکان داوا دەکەن، کە بەدەستور و یاسا باس لە عەدالەت بکرێت.

٤.  سۆشیالیست دیموکراتەکان بڕوایان وایە کە ئەو پێداویستیانەی ژیان کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بە ژیانی خەڵکەوە نابێت موڵکی تایبەتی بن، وەك خوێندن و تەندروستی و ڕێگاو بان و بانکەکان... هتد.

٥.  سۆشیالیست دیموکراتەکان بڕوایان وایە کە سۆشیالیزمی بزووتنەوەیەکی حەتمی نیە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامە.

٦.  ئەوان دەڵێن:" بەدیلی دیموکراتیمان هێناوە، وەك دیموکراتی سۆشیالیستی، نەك سۆشیال دیموکرات".

٧.  جێگای باسە ئەم گروپانە هەموویان پێکەوە گروپی سۆشیالیست و دیموکراتیان پێکهێناوە، وەك" بزوتنەوەی چەپی نوێ، بزوتنەوەی سەوزەکان، بزوتنەوەی ئاشتی پارێزو ژینگە،بزوتنەوەی فیمینیستەکان، بزووتنەوەی نەتەوەکان، بزوتنەوەی لاوان، بزوتنەوەی مافە مەدەنییەکان ، بزوتنەوەی ڕووناکبیری، بزوتنەوەی سەندیکاکان... هتد." [٨]

[٨] نەوزاد عوسمان، ڕێبازی سۆشیال دیموکراتەکان و کۆمەڵگەی کوردی،چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، سلێمانی، ل٣٢٢.

# بەشی دووەم:

# بەهاکانی سۆشیال دیموکرات و

# چەمکە هاوشێوەکان

## باسی یەکەم: بەهاکانی سۆشیال دیموکرات

سۆشـیال دیمـوکرات بانگەشـەی (ئـازادی، یەکسـانی و دادپـەروەری، سـۆلّیداریّتی) میّژوویـەکی دیّـرینی هەیـە و لـە پەیامـە ئاینییەکانـدا باسـکراوە. داخـوازی شۆڕشـی فەرەنسـی بـووەو رەنگیداوەتـەوە لـە پڕەنسـیپە یاسـاییەکانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان، هــەروەها بــەها بنەڕەتییەکانی سۆشیال دیموکراتی پێکدێنێت.

مافەکان و ئازادی مرۆڤ:

ئازادی یەکێکە لە پێناسە بنەڕەتییە پەسـەندەکانی، بریتیـە لـەوەی کەسـی ئـازاد توانـای بڕیـاردانی هـەبێت بـە بـیّ بـوونی سانسـۆر و ناچـارکردن، ئـازادی پـەیڕەوکردنی ئـایین و دەربـڕینی راوبۆچـوونی سیاسی و کاری سەندیکایی هەیە.

ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ پێشمەرجێکی دیموکراسـی و گوزارشـتێکی بەها بنچینەییەکانی سۆسیال دیموکراتە، مافەکانی مرۆڤ بەو جـۆرەی

که له راگەیاندنی گشتی نەتەوە یـەکگرتووەکان لـە سـاڵی (١٩٤٨) دا هاتووە، یان لەو پەیماننامەکانی تردا دەربڕدراوە [٩] .

هــەروەك تیۆریســت و ئابووریـنــاس جــۆن ســتیوارد میلــز ( ١٨٠٦ – ١٨٧٣) شـرۆڤەی ئـازادی دەکـات و دەڵێـت ( سـنووری ئـازادی تـاك کۆتایی دێت لەو خاڵەدا کە هۆکاری زیانگەیاندنە بە کەسێکی تر) .

سۆشیال دیمـوکراتی بـەرگرییکاری ئازادییـە و داوا دەکـات پاراسـتنی ئازادی بە یاسا زامن بکرێـت، هـەموو تـاکێکی کۆمەڵگـە بـە یەکسـانی ماف و هەلی پەیڕەوکردنی ( ئـازادی) بـۆ فەراهـەم بکرێـت ، ئەمـەش پێویسـتی بــە دامــەزراوەکان و هۆشــیاری و ئاکــاری تــاك هەیــە لــە کۆمەڵگــەدا. لێرەشــەوە گرنگــی رۆڵــی پرۆســەی خوێنــدنمان بــۆ دەردەکــەوێت لـــە بونیادنـــانی تـــاکێکی هۆشـــیار بـــە ئـــازادیی و سـنوورەکانی. ئـازادی یەکێکـە لـە بـەها سـەرەکییەکان سـنووردار و فەراهەم دەکرێت بەگوێرەی یاسا بەڵام پێویستە مرۆڤ پڕەنسیبی ئـەم ئازادیەی داوای دەکات زیان بە کەسی تر نەگەیەنێت.

---

[٩] و/کارزان کاوسین، جیهانێکی دادپەروەر شیاوە، سلێمانی چاپی یەکەم ،٢٠٠٨، ل٦٥.

**یەکسانیی و داد پەروەری:**

سۆشیال دیموکراتی بڕوای وایە کە مرۆڤ بە یەکسانی لەدایك دەبێت و یەکسانن لە مافەکانیاندا و شایستەی ژیانێکی شکۆمەندن بەبێ کاریگەری جیاوازی ئایین، رەگەز، رەنگی پێست و بیروڕای سیاسی. هەوڵ دەدات هەلی یەکسان لە بەدەستهێنانی کار و چاودێری تەندروستی و پەروەردە و فێرکردن فەراهەم بکات بۆ هەر تاکێك لە کۆمەڵگەدا.

**سۆڵیداریێتی (هاریکاری و پێکەوە ژیان):**

مەبەست لێی پەیوندییەکانی نێوخۆی خودی کۆمەڵگەیە کە لە ئەنجامی بەهای هاوبەش و شێوازی ژیانکردن لە نێوان تاکەکانی خودی کۆمەڵگەیەکدا دروست دەبێت لە فۆرمی (هاوکاریی و پشتگیری نێوان گەنج و پیر، لاواز و بێهێز و هەژار و دەوڵەمەند) بۆیەکتری کە باوە لەسەر ئاستی خێزان روودەدات.

سۆشیال دیموکراتی هەوڵ دەدات ئەم فۆڕمە لە سۆڵیداریێتی لە سەر ئاستی خێزان فراوان بکرێت بۆ سەرئاستی کۆمەڵگە و بڕوای وایە کە

دەبێـت دەوڵـەت لـە ڕێگـەی کۆکردنـەوەی بـاج لـە تـاك و دامـەزراوە ئابووریـــەکانی کـــەرتی تایبەتـــەوە، (ئاســـایش، پێداویســـتییە بنەڕەتییەکانی ژیان، بیمـەی بێکـاری، چـاودێری تەندروسـتی، هـەلی خوێنـدن، نیشـتەجێبوون و موچـەی خانەنیشـینی) بـۆ هـەر تـاکێکی کۆمەڵگە دابین بکرێت.

## مافە بنەڕەتییەکانی سۆشیال دیموکرات:

سۆشیال دیموکراتی کار دەکات، دەوڵەت چالاکانە دەستەبەری مافـە بنەڕەتییەکان بکات بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە بـەبێ جیـاوازی تەمـەن، ڕەگەز و نەژاد و ئەرکی دەوڵەتە پابەنـدبێت بەدابینکردنیانـەوە، وەك مافەکانی دەنگـدان، بەهاناوەچوونی پـۆلیس لـە بـاری ناکـاودا، مـافی خوێندن و مافی پاراستن لە حاڵەتی خراپدا.

بڕوای وایە ئەرکی دەوڵەتە مافی (پاراستنی ئازادی تـاك) دابـین بکـات، ڕێگری بکـات لـە ڕوودانـی توندوتیـژی دژی یـەکتر و پاراسـتنی منـداڵ دابین بکات، داتـا و زانیارییـە تایبەتیـەکانی تـاك بپارێزێـت بۆئـەوەی مرۆڤ بتوانێت سوود لە ئازادی ببینێت. مافی پاراستن و چاودێرییکردن

بە یاسا ڕێکبخات بـە شـێوەیەك هـەمووان بـە یەکسـانی و بـە ئـازادی بژین و بتوانن بەشداریی بکەن لە دروستکردنی بڕیار لە کۆمەڵگەدا.

## لیبرالیزم:

بـیری لیبرالیـزم کـە لەسـەدەی حەڤـدە دروسـت بـوو، لـە شۆڕشـی فەرەنسیشدا بەڕوونی دەرکـەوت کاتێـك کۆمەڵگـە دژایـەتی سیسـتمی پاشایەتی دەکرد بۆ بەدەستهێنانی ئازادی. ئـازادی گـرنگترین بـەهای لیبرالیزمـە و کـە لەهەمانکاتیشـدا یەکێکـە لـە بـەهاکانی سۆشـیال دیموکراتی و چەند جارێك پارتە لیبرالەکان هاوکـاری پارتـە سۆشـیال دیموکراتـەکانیان کـردووە کـە ئەمـەش پشتبەسـتووە بـە شـرۆڤەی هەردوو ئایدۆلۆژیاکە سەبارەت بە چەمکی ئازادیی و ئەو سیاسەتانەی لێوەی بەرهەم دێت، کە ئایا ئازادی رادەربڕین گرەنتی کراوە؟ ڕێگری لە کەس ناکرێت بـۆ دەربـڕینی رای خـۆی؟ گەیشـتن بـە ئامڕازەکـانی راگەیاندن مۆنۆپۆل کراوە یان بەردەستە بۆ هەمووان بە یەکسانی؟

## باسی دووەم: چەمکە هاوشێوەکان:

### یەکەم: لیبراڵەکان و سۆشیال دیموکراتەکان:

کۆنسێپتی یەکسانی، خاڵی ناکۆکی نێوان لیبراڵەکان و سۆشیال دیموکراتەکانە، ئارگومێنتی ناکۆك ئەوەیە کە ئایا پێویستە دەوڵەت کاڵای گونجاو دابین بکات بە گوێرەی بارودۆخی تاك؟ یان هەموو وەك یەك هەمان هەلیان بۆ بڕەخسێنرێت؟

لیبراڵیزمی ئەوروپی خۆی بەدوورگرتووە لە شرۆڤەیەکی کۆمەڵایەتییانە بۆ ئازادیی و یەکسانی، سیاسەتی لیبراڵی ئەوروپییەکان فۆکسی لەسەر ئابووریە و بڕوای بە بازاڕی ئازاد و ئازادیی بازرگانییکردن هەیە لە پێناو دروستبوونی هەلی هاوشێوە لە ناو کۆمەڵگەدا.

ئازادی لە دەوڵەتدا تەواوکاری ئازادی دەبێت لە بازاڕدا، لە چوارچێوەیەکی دیموکراسیانەدا بڕوایان وایە کە بازاڕ خۆی ڕێکدەخات لە ڕێگەی خواست و خستنەڕووی کاڵاوە.

دەوڵــەت تــەنها ئــەرکی پاراســتنی ئــازادیی تاکــە و لــە ڕێگــەی چوارچێوەیەکی یاسایی دامەزراوەیی ڕێگرە لـەوەی کۆمەڵگـە ئـازادی پێشێل بکات.

**دووەم: کۆنزەرڤاتیزم و سۆشیال دیموکرات:**

ســەبارەت بــە کۆنزەرڤــاتیزم (محافزکارەکــان) کــە مەبەســت لێــی هێشــتنەوەی سیســتمی کۆمەڵگــە و ڕێگەگرتنــە لــە ڕوودانــی گــۆڕانی ریشەییە، بەردەوام بوون گرنگترین پڕەنسیپە و ئاسـایش و شوناسـی کۆمەڵگەش دوو گرنگترین بەهایە.

لە ڕوانگەی کۆنزەرڤاتیفەکانەوە، ئاسـایش بـەردەوامی سیسـتم زامـن دەکات و شوناسـیش هێمایـە بـۆ بـەها تەقلیدییـەکانی کۆمەڵگـە وەك خێـزان و دابونـەریت لـە پـەنا پاراسـتن و هێشـتنەوەی سیسـتم وەك خـۆی، پاراسـتنی ئاسـایش و شـوناس لـە ئامانجـە بنەڕەتییـەکانی کۆنزەرڤـاتیزمن. بۆچـوونیان وایـە پێویسـتە بـەهاکان لـە ژێـر ڕکێفـی سیستمی ئێستادا بن.

دابونەریت و بەرەوپێشچوونی هێواشی کۆمەڵایەتی پەسەند کراوەو کاری بۆ دەکات، لایان باشترە دەوڵەت بەهێزبێت و کۆنترۆڵی تەواوی هەبێت بەسەر هاووڵاتیاندا لەپێناو پاراستنی سیستمی ئێستادا و ئازادیش بایەخێکی گرنگی نییە. سۆشیال دیموکراتەکان هەوڵدەدەن بۆ باشترکردنی مافی چینی هەژاران، لەکاتێکدا کۆنزەرڤاتیفەکان نوێنەرایەتی بەرژەوەندیی چینی باڵای تەقلیدی دەکەن.

## سێەم: کۆمۆنیزمی و سۆشیالیستی دەوڵەتی!

لە جەنگی جیهانی یەکەمەوە گرنگ بوو بۆ سۆشیال دیموکراتەکان کە خۆیان جیابکەنەوە لە بیری کۆمۆنیزمی و سۆشیالیستی دەوڵەتی. لەگەڵ جیاوازی ئایدۆلۆجی نێوانیان بەلام هاوبەشی زۆر هەیە لە نێوانیاندا لەڕووی فکر و بیرمەندەکانیانەوە.

کارل مارکس (١٨٨٣/١٨١٨ ) و فریدریك ئەنگلز ( ١٨٢٠ – ١٨٩٥ ) کاریان لەسەر فۆرمێکی نوێ کرد بۆ کۆمەڵگە کە پاشان بووە بنەمایەك بۆ هەموو ئایدۆلۆژیا جیاوازەکان.

بــەها بنەڕەتییــەکان بــریتی بــوو لــە یەکســانی و دادپــەروەریی و سۆڵیدارێتی، بەڵام هەر زوو بزووتنەوەکە بیروبۆچوونی جیاوازی تێیـدا دەرکــەوت و بــوو بــە چــەند گروپێکــەوە. پرســی چــۆنێتی گــۆڕینی سیستمی کۆمەڵگەیەکی نادادپەروەر، خاڵی ناکۆکی نێوانیان بووە. لە کاتێکـدا سۆشــیالیزم داوای شۆڕشــی چــەکداری دەکـرد بـۆ گــۆڕینی ستراکچــەری کۆمەڵگــە، سۆشــیال دیمــوکرات بــڕوای بــە چاکســازیی سیاسی و دەوڵەتی دیموکراسی هەبوو. ئەم ئایدۆلۆژیانە هاوبەشـن لـە هەندێ بەهادا، بەڵام جیاوازیان هەیە لە شرۆڤەی بەهاکاندا.

سۆشــیالیزم لای کۆمۆنیســتەکان بریتیــە لــە قۆنــاغی گەشــەی نێــوان کۆمەڵگەی کاپیتالیزمی و کۆمـۆنیزمی زانسـتی و لـە سـەدەی بیسـت، چــەمکی سۆشــیالیزم و دەوڵــەتی سۆشیالیســتی یــان کۆمۆنیســتی بەشـێوەیەك لـە شـێوەکان هاومانـا بـەکارهاتوون، هەربۆیـە چـەمکی سۆشیالیزم پەیوندییدارە بە دەوڵەتەکانی خۆرهەڵاتی ئەورووپاوە.

پارتە سۆشـیال دیموکراتـەکانی ئـەورووپا توانیویانـە سـودێکی زۆر بـە کۆمەڵگەی ئەورووپی بگەیەنن. بە نموونە پـارتی سۆشـیال دیمـوکراتی سویسرا داوا دەکات کـە دەبێـت داهـاتی تـاك لانـی کـەم چـوار هـەزار

فرەنکی سویسری کەمتر نەبێت و هەوڵ دەدات هاوسەنگی نێوان کار و خێزان رابگرێت، بڕوای وایە زەوی کاڵایەکی دەگمەنە و ناتوانرێت بەرهەم بهێنرێتەوە. پێویستە بەکارنەهێنرێت بۆدەسکەوتنی قازانجی تایبەت لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی. بانگەشە دەکات بۆ دەستەبەرکردنی رووڕووبەری گونجاوی نیشتەجێبونی ستوونی کە هاوڕێی ژینگە بێت و دادپەروەرانە دابەش بکرێت [١٠] .

[١٠] ئاری محمود قەرەداغی، تیۆری سۆشیال دیموکرات، رۆژنامەی کوردستانی نوێ،
https://knwe.org/KU/ArticleDetails/1284?fbclid=IwAR3gI6NvbNaEFoXKYBmAt2NR5w-LFV0Xsn1U4cliEBNjNLcV7IYsGG6FATU

## باسی سێیەم: سۆسیال دیموکرات وەك ئامرازێك بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە:

سۆسیال دیموکرات" جۆرێکە، یان ئامڕازێکە لە ئامڕازەکانی سۆسیالیزم, تێکۆشانە بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران لەسەر بنەمای ئاشتی کۆمەڵایەتی و ریفۆرمی ئابووری بەردەوام بەرەو کەمکردنەوەی جیاوازی نێوان چینەکانی (هەژارو دەوڵەمەند) ، بەومانایەی کە حزبە سۆسیال دیموکراتەکان لە رێگەی دیموکراسییەوە دەیانەویت بگەنە دەسەڵات بە مەبەستی ئەنجامدانی بەرنامەکانیان کە بریتین لە ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئابووریی، بە قازانج و بەرژەوەندی کەمدەرامەتەکان، لەرێگەی رەخساندنی هەلی کارو هەلی خوێندنی یەکسان و زامنکردنی تەندروستی باش و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموان بێ جیاوازی.

دیارە لەرووی مێژووییەوە پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا یەکەم حزبە کە هەڵگری ئەم ئایدۆلۆجیایە بووە" (ئیدوار بیرنشتاین) لە سالآنی (١٨٥٠-١٩٣٢) کە دامەزرێنەری ئەو حزبەبووەو بیری سۆسیال دیموکراتی دارشتووەو بلآویکردۆتەوە بە ولآتانی دیکەی ئەوروپا. لەدوای روخانی دیواری بەرلین" کە بە کۆتایهێنانی جەنگی ساردو سەرهەڵدانی تاك جەمسەری و برەوسەندنی سیستمی دیموکراسی و لیبرالّی" پاشەکشەکردنی سیستمی شیوعیەت ئەو ئاراستەیەی وەرگرت". هەربۆیە لەدوای ئەو رووداوەوەو ئێستاش بەشێك لە هێزە سەرەکییەکانی کوردستان بانگەشەی ئایدیۆلۆجیایی سۆسیال دیموکرات دەکەن" واتە لە دروشمەکانیان و پەیرەوەکانیاندا کارو بەرنامەی سۆسیال دیموکراتیان جێکردۆتەوەو بەجۆرێك لە جۆرەکان کار بۆ بەرنامەکانی دەکەن.

لەو روانگەیەوە هەموو حکومەت و دەسەلآتێك بۆ بەرێوەبردن پێویستی بە خەرجی و بودجەی گشتی هەیە، بۆئەوەش پێویستی بە سەرچاوەی داهاتی گشتی هەیە" تا سەرچاوەکان بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە تەنیا لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکدا نەبێ، ئەوا پێویستە

لەسەر دەسەڵاتی یاسادانان بەیاسا بڕیار لەسەر هێنانەدی کۆمەڵی خۆشگوزەران بدرێ، لە رێگەی بودجەو یاساکانی بوارە جیاجیاکانی ژیان، چونکە بوارەکان هەموویان پێکەوە گرێدراون بۆ هێنانەدی ئازادی و یەکسانی و عەدالەت لەناو کۆمەڵدا، وەك خوێندن و تەندروستی و چاودێری بەساڵاچووان و خانەنشینی، ئەوەش وا پێویست دەکات سیستمی باج وەك سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی دەوڵەت تەماشا بکرێت و کاری لەسەر بکرێت" لەرێگەی دەسەلاتی یاسادانانەوە یاسای گونجاو کە لەگەڵ هەلومەرجە ئابوورییەکانی کۆمەڵگەدا پەیڕەو بکرێت" کە وەك دوبارە دابەشکردنەوەی سامان لەنێوان چین و توێژەکاندا بڕوای پێبهێندرێ. بەومانایی وەك پایەیەکی خۆشگوزەرانی و دادپەروەری ببینرێ. نەك لەرێگەی ئەو باجە ناڕاستەوخۆیانەی کە بەشێوەی یەکسان بەسەر هەموو هاوڵاتیاندا دەسەپێندرێ، کە ئەمە وادەکات کەمدەرامەتان" وەك خاوەن داراییە بەرزەکان باج بدەن. واتە بە زیادبوونی کۆمپانیاو کارگەکان واباشترو گونجاوە کە باج لەسەر سەرمایەی قازانجی بەدەستهاتوو زیادبکرێ لەبەر بەرژەوەندی گشتی و زیادکردنی

داهــاتی گشــتی دەوڵەت،کــەدواتر دابەشــبکرێتەوە لــە ڕێگــەی خزمەتگوزارییــە پێویســتیە گشــتییەکانەوە. واتــە ئەمــە وادەکــات حکومــەت هەمیشــە خــۆی بــە قــەرزاری هاوڵاتییــەکانی بزانێــت و هــاوڵاتیش دەنگــی دلێرتربــێ بــۆ داواکردنــی خزمــەتگوزاری زیــاتر، بەواتایــەکی تــر هــاوڵاتی زیــاتر داوای شــەفافیەت لــە حکومــەت و دەسەڵات دەکات. واتــە دەپرسێت کــە لەچــی بۆچــی لەبەرچــی بــە چ پێوەرێـك ئـەو داهاتانـەی کـە دەسـتی دەکـەوێت خـەرجی دەکـات؟ ئەمەش وادەکات کە حکومەت باشترین خزمەتگوزارییەکان پێشـکەش بکات کـە ئەمـە ڕوویـدا ئـەوا ڕکابـەری نێـوان هێـزە سیاسـییەکان بـۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان زیاتر دەکات بەڵام کە سەرچاوەی داهات تەنها نەوت بوو ئەوا حکومەت بەهۆکاری دابەزینی نرخی نـەوت لە بازارەکانی جیهاندا، هەندێکجار بەهانەی ئەوەی بەدەستەوە دەبێ کە خزمەتگوزارییـە مادییـەکان کـەمتر پێشـکەش بکـات. مـاف دارایـی هاوڵاتیـانیش لـەو نێوەنـدا بـەردەوام لەدواکەوتنـدا دەبـێ. لەلایـەکی دیکــەوە هۆکارێــك دەبــێ بــۆ جۆرێــك لــە کەمکردنــەوەی بەرهــەم و

نەبوونی کێبڕکێی بەرهەمدار، وەك ئەوەی کە ئێستا دەبیندرێ. بۆیە ئەوکاتە گەر پرسیارەکانیش بکرێت ئەوا کەمتر دەکرێ.

هەروەها لەسەر پارتە سۆسیال دیموکراتەکانە فشار بخەنە سەر حکومەت بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی کە لەخزمەتی هاوولاتی و دەستەبەرکردنی عەدالەتی کۆمەلایەتی و مافە سەرەتایی و خۆشگوزەرانی بێ بەپێی بەرنامەکانیان هەولبدەن دەسەلات بگرنەدەست بۆ ئەو مەبەستانەی سەرەوە، گەر لە دەرەوەی دەسەلاتبێ کەمتر دەتوانێ بۆچوون و بەرنامەکانی جێبەجی بکات، بەلام دەتوانێ چاودێرێکی بەهێزبێ لەسەر هەموو جومگەکانی حکومڕانی و کەموکوڕییەکان لە رێگای فشاری مەدەنیانەو چالاکی جۆراوجۆر بۆ هاوولاتی روونبکاتەوە، تەنانەت وا لە دەسەلاتیش بکات رێڕەورێچکەی نەگونجاوی خۆی بگۆڕێ بەرەو خزمەتگوزاری، واتە پێویستە لەسەر ئەحزابی سۆسیال دیموکرات چاودێرێکی چالاکی سەر کەرتەکانی پەروەردەو فێرکردن و تەندروستی بن کە ئایا مەبەستیان تەنها بەدەستهێنانی قازانجە، یان قازانجێکی کەم و بەرزکردنەوەی کوالێتی خزمەتگوزاری و پێشکەشکردنی بە فێرخوازو

نەخۆشـــەکانیانە، بـــەڵام لێـــرەدا خاڵـــە گرنگەکـــە ئەوەیـــە کـــە نـــابێ جیاوازییەکـە ئەوەنـدەبێ کـەرتی گشـتی پشـتگوێ بخرێـت، چـونکە هەیشە ئەو کەرتە بەوە وێنـە دەکرێـت کـە زۆرتـر هـەژارەکان سـودی لێـوەردەگرن واتـە لـە پـاڵ گەشـەی کـەرتی تایبەتـدا بـرەو بەکـەرتی گشـتیش بـدرێت، تـا ململانێکـان تەندروسـتربن چـونکە گـەر ئـەو جیاوازییـە روویـدا ئـەوا دەبێتـە دەسـتپێکی دروسـتکردنی جیـاوازی چـینایەتی و دوور کەوتنـەوەی زیـاتری چـینەکانە لـە یـەکتری. واتـە دەبێ نەهێڵدرێت کە جیاوازییەکە گـەورە بـێ، چـونکە گـەر جیـاوازی چـینایەتی کەلێنەکـەی گـەورە بـوو، لەلایـەك مەترسـی کێشـە هەمـە جۆرەکانی نێو کۆمەڵگە زیاتر دەبێت“ لەلایەکی ترەو بیری میـانڕەوی بەرەو لاوازی دەڕوات. بەمانایـەکی تـر گـەر هـەوڵ بـۆ کەمکردنـەوەی جیاوازییەکە نەدرێ، ئـەوا دوورنییـە خۆشـگوزەرانی گشـتی کۆمەڵگـە وەك جۆرێـــك لـــە یۆتۆپیـــای لێبێـــت، کـــە بـــە خـــەون و خـــەیاڵ جیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو چینە نزیکببنەوە“ کە دواجار کۆمەڵگەو هاووڵاتی زەرەرمەندی یەکەم دەبێ.

بۆیە کە هەندێکجار دەوترێ، حکومەت ناتوانێ ئەم جۆرە سیستمە پەیڕەو بکات "لەبەرئەوەی قەیران و کێشەی هەمە جۆرو گەورەی هەیە" ئەوا وەڵامەکە ناواقیعیەو یەکناگرێتەوە لەگەڵ کۆشش و ئامانج و مەبەستەکانی سۆسیال دیموکرات، لەبەرئەوەی ئەم سیستمە خۆی بۆ چارەسەر دانراوە" لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە روونە کە وڵاتانی پەیڕەوکاری سۆسیال دیموکرات بە ساڵ و دووان نەگەیشتوون بەوەی کە ئێستا هەن" بەڵکو چەندین ساڵە هەوڵ بۆ ئازادی و عەدالەتە دەدەن، تاکو پێیگەیشتوون و ئێستاشی لەگەڵدابێ بەردەوامن لە پاراستنی، لە رێگەی بەدامەزراوەکردن و سەروەری یاسا و جێبەجێکردنی یاساکان و هەموارکردنەوەی یاساکانەوە لە بەرژەوەندی گشتی و هاووڵاتیانیان [11] .

[11] سەروەت تۆفیق، سۆسیال دیموکرات، کۆمەڵگەی خۆشگوزەران، چاودێر ٢٠١٨.

# بەشی سێیەم:
# مێژووی گەشەی سۆشیال دیموکرات

## باسی یەکەم: مێژووی سەرهەڵدان:

سۆشیال دیموکرات بۆ یەکەمجار لەسەدەی نۆزدە بەکارهێنرا، کە دەکەوێتە نێوان سالأنی (١٨٦٣–١٨٨٩ز) ، بۆ جیا کردنەوەی ئەو پارتانەی بەرنامەی سۆشیال دەکەنە بەرنامەی خۆیان، ئەمەش بۆ جیا کردنەوەیان بوو لە پارتەکانی دیکە [١٢] .

مێژووی سەرهەڵدان و گەشە و وەرچەرخانی سۆسیال دیموکراسی تا کاتی جەنگی جیهانی یەکەم لەگەڵ مێژووی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم (١٨٨٩–١٩١٤) ئاوێتەیە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە سەرهەڵدان و گەشە و ئاستەنگی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ پەیدابوون و پاشەکشەی ئەم ڕێکخراوە جیهانییەی سۆسیالیزم و بزوتنەوەی کرێکاری هاوبەشە،سەردەمی ئەنتەرناسۆنالی دووەم (١٨٨٩–١٩١٤) دەتوانین بە سەردەمی زێرینی مارکسیزم بخوێنینەوە، بیروڕاو ئامۆژگارییەکانی مارکس بەو ڕادەیە ڕۆشن بوون، کە بتوانین وەك پەیڕەوێکی فکری و

---

[١٢] ماڵپەڕی المعرفە، الدیمقراگیە الأشتراکیە،https://www.marefa.org

سیاسی و فەلسەفەیی چاوی لێبکەین،هاوکات بزاڤی سۆسیالیستی و کرێکاری کاریگەر بە مارکسیزم وەکو بزووتنەوەیەکی بەهێزی جیهانی هاتە سەر شانۆی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە جیهاندا، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە هێشتا ئەو ڕێباز و بیرو ڕایە (واتە مارکسیزم) چوار چێوە یان تەختەبەندی جەزمی بەرهەم نەهێنابوو، کە باس و گفتوگۆ و جیاوازی ناو ئەو بزاڤە جیهانییە نەهێڵێ و هێشتا (واتە ئەو کاتەی ئەنتەرناسیۆنالی دووەم لە (١٨٨٩–١٩١٤ پەیرەوی کردن) لە دیدگا و ڕێگا چارەی جیاواز بۆ پرسەکانی تیۆری و تاکتیکی لەناو نەچوو بوو[١٣].

[١٣] ئەکرەمی میهرداد،سۆسیال دیموکراسی (مێژوو، تیۆر، ڕەخنە) ، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی،٢٠٠٨،ل١٠.

## باسی دووەم: قۆناغەکانی سۆشیال دیموکرات:

### قۆناغی یەکەم: هاتنە کایەی سۆشیال دیموکرات تا ئینتەرناسیۆنالی یەکەم:

لە سییەکانی سەدەی (١٩) ئەو کۆمەڵانەی ناوی سۆشیالیزمیان لەخۆ نابوو (٣) کۆمەڵە بوون، سان سیمۆنی و فۆریەکان لە فەرەنسا و ئۆینییەکان لە ئینگلستان، بزوتنەوەی ناوەڕاست و خواروی ئەوروپاش هەر بەمانەوە پەیوەست بوون،هەرچەندە ئەمانە جیاوازیان لەگەڵ یەك هەبوو،بەڵام لە مەبەستدا سەرەکیەکاندا لە یەك نزیك بوون، هەر یەکەیان مەبەستی کۆمەڵایەتیان بە گرنگترین مەبەست دەزانی، لە ئاستی دووەمدا هەموو سیستەمەکانیان بە خراپ دەزانی کە ڕووبکاتە ململانێی نێوان مرۆڤەکان، سێیەم هەموو هاوبەش بوون لەوەی کە بڕوایان بە سیاسەت و سیاسیەکان نەبوو، بڕوایان بەوە هەبوو کە کاروباری کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵ چارەسەر دەکرێت، مرۆڤەکانیان بەوانە دەزانی کە هەوڵی تەواو بدەن بۆ

بەرژەوەندی گەل و خۆشگوزەرانی، فۆرییەکان پشتیان بە کشتوکاڵ بەستبوو، ئۆینییەکان بە گەشەکردنی پیشەسازی و هاوسەنگی نێوان ئەو و کشتوکاڵ سان سیمۆنییەکان مەبەستی ئەندازیاری و تەکنیکی و ڕێکخستنی پیشەسازی داراییان بە گرنگ دەزانی، لە ساڵی (١٨٣٠) لە ئینگلستان (کۆمەڵەی نیشتیمانی پاراستنی کار) دامەزرا، لەساڵی (١٨٣١) یەکێتی نیشتیمانی بۆ کرێکاران لەلایەن دارتاش لوڤیت هاتە کایەوە [١٤].

## قۆناغی دووەم: ڕۆڵی سۆشیال دیموکراتەکان لە ئینتەرناسۆنالی

## یەکەم، دامەزراندنی پارتە سۆشیال دیموکراتەکان:

لە (٢٨) ی ئەیلولی (١٨٦٤) لە سانت مارتن (لەندەن) لەلایەن هەموو تێزەکان و نوێنەرانی پارت و ڕێکخراوە سۆشیال دیموکرات و باڵەکانی تری ناو بزووتنەوەی سۆشیالیستی، یەکەم کۆنگرەی جیهانی سۆشیالیستی بەسترا، وەك کارێکی هاوبەشی سەندیکاکانی

١٤ دلّشاد تالّەبانی، سۆشیال دیموکرات و دەولّەت،بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی،بەرگی یەکەم ٢٠١٣،ل١٢٣.

ئینگلیـزو فەرەنسا بـە هاوکـاری چـەند پەنابـەرێکی ئـەوروپی تـر لـە ئینگلستان، ئەو کۆنگرەیە بەسەرۆکایەتی (ئەدوارد بیزلـی) سـازکرا و بە ئامادەبوونی چەند کەسێکی وەك (بودجر) سـەرۆکی سـەندیکاکانی لەنـدەن، کریمـۆ سـکرتێری بیناسـازی، ئـەنگڵس، کـارل مـارکس و کـاریۆس لـە ئـەڵمانیاوە، مـاجور ولفـت، چـەند کەسـێکی دیکـە لـە فەرەنسـاوە) ، پێکـەوە ( یـەکێتی ئینتەرناسـیۆنالی کرێکـارانی نێودەوڵەتی یان ئینتەرناسیۆنالی یەکەم) یان دامەزراند.

لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەوروپا پارتە سۆشیال دیموکراتەکان بە چەند شێوەیەك بنـەمای دروسـتبوونیان ڕەخسـاو هاتنـە کایـەوە و کەوتنـە بـواری کـاری عەمەلیـەوە، کـۆنترین پـارتی سۆشـیال دیموکراتـەکانی ئـەوروپا، پـارتی سۆشـیال دیمـوکراتی ئەڵمانیایـە (لاسـال) لـە (١٨٦٣/٣/٢٣) کۆمەڵەی کرێکارانی ئەڵمانیا (ADAV) ی دامەزرانـد، کـە بـە ڕۆژی دامەزرانـدنی پـارتی سۆشـیال دیموکراتـەکانی ئـەڵمانیا دەژمێردرێت.

لەو ماوەیەدا لە چـەندین وڵاتـی وەك ئـەمریکا و کیشـوەری ئـەفریقا و ئەمریکای لاتین و وڵاتانی ئەوروپا چەندین پارتی سۆشـیال دیمـوکرات

دامەزرا، کە کاری زۆرینەیان تا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوەی یەکدی بوون.

## قۆناغی سێیەم: ئینتەرناسیۆنالی دوو و بزوتنەوەی سۆسیال دیموکرات تا جەنگی یەکەمی جیهانی:

ئەم قۆناغە لە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئینتەرناسۆنالی دووەم و هاتنە کایەی لە ساڵی (١٨٨٩) دەست پێدەکات و تا ساڵی (١٩١٧) دەخایەنێت، ئەو قۆناغە گەشەکردن و بەرزبوونەوە و پەرەسەندن و جێگیربوونی بزووتنەوەی سۆشیال دیموکرات و خەباتی کرێکاری، هەروەها گەڵاڵە بوونی و جیابوونەوە و لە یەکتر ترازاندنی تێزەکانی سۆسیالیستی دەخاتە ڕوو.

پاش لەناوچوونی نێودەوڵەتی یەکەم، لەئەنجامی تەقینەوەی ناکۆکیەکانی ناوخۆ و گۆڕانی بارودۆخە دەرەکییەکان، بزوتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی لەسەر ئاستی نەتەوەیی پەرەیسەند، چەندین پارت و ڕێکخراوی سۆسیال دیموکراتی دامەزران و هاتنە ڕیزی خەباتەوە.

یەکــەم دەستپێشــخەری بــۆ دامەزرانــدنی ئینتەرناســیۆنالی دووەم، لەلایەن ریفۆرمیستەکانەوە بوو، کـۆنگرەی لیـۆنی یـەکێتیی کرێکـاری فەرەنسـا لـە سـاڵی (١٨٧٨) کـۆنگرەی برۆدۆنـی و هەرەوەزییـەکان پرۆژەی ڕێکخراوێکی جیهانیان ئامادەکرد (حکومەت ئەو کۆنگرەیـەی قەدەغـە کـرد) پاشـان یەکێتییـە کرێکارییـەکانی ئینگلسـتان ئـەو بۆچوونەیان وەرنەگرت.

لـە سـاڵی (١٨٨٠) پـارتی سۆسـیال دیمـوکراتی ئـەڵمانیا پشـتگیری بانگەوازی بەلجیکیەکانی کرد،ئەمان لەگەڵ سۆشیالیستە فەرەنسـی و سویسرییەکان ئامادەکاریـان ئەنجامـدا بـۆ کۆنفرانسـی سۆشیالیسـتی جیهانی،ئـەو کۆنفرانسـە لـە شـاری چـود لـە سـاڵی (١٨٨١) بەسـرا، کۆنفرانســەکە لائیحەیــەکی ئامــادەکرد بــۆ کۆنفرانســی داهــاتووی (١٨٨٦) ی پاریس، لە هەمانکاتدا ئەنارشیستەکان کۆنفرانسی خۆیان لە لەندەن بەست.

لەو ماوەیەدا چەندین کۆنگرە بەسترا وەك کۆنگرەی دووەمی برۆکسل (١٨٩١) ، کـــۆنگرەی (١٩٠٤) ی برۆکســـــل، کـــۆنگرەی (١٩١٠) ی کۆبنهاگن [١٥]

ئەنتەرناسـۆنالی دووەم ڕێکخـراو و ئۆرگـانێکی ناوەنـدی و یەکپارچـە نەبوو، هەروەها سەرەرای بەهێزی و کاریگەری مارکسـیزمیش هێشـتا ئامۆژگاری و پلانی رۆشن و وردی نەبوو، کـە مایـەی پەسـەند کردنـی هـــەموو ئەندامـــەکانی بێـــت، ئەنتەرناســـیۆنالی دووەم زیـــاتر وەك فیدراسیۆنێکی نامەرکەزی پارت و سەندیکا و بزوتنەوە کرێکارییەکان بوو، کە جیا لە یەك کار و چالاکیان دەکرد،بەلاّم بـاوەڕی هاوبەشـیان بـە سۆسـیالیزم و ئـەوانی یـەك پـێ گرتبوو،ئەگـەر ئینتەرناسـیۆنالی یەکـــەم ناوەنـــدی ئایدۆلۆژیایـــەك بووبێـــت بـــۆ بـــزاڤی کرێکـــاری سۆسیالیستی،بەلاّم ئینتەرناسـیۆنالی دووەم کۆبوونـەوەی ئـەو پـارت وسەندیکا و یەکێتی یانە بوو کە بەراستی نوێنەری جەماوەری فراوانی خەڵك و کرێکاران بوو. [١٦]

---

[١٥] سەرچاوەی پێشوو ل١٤٥.

[١٦] ئەکرەمی میهرداد،سۆسیال دیموکراسی (مێژوو، تیۆر، ڕەخنە) ، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی،٢٠٠٨،ل١٣.

## قۆناغی چوارەم: سۆشیال دیموکرات تا ساڵی (١٩٥١) :

کاری ئینتەرناسیۆنالی یەکێتیی پارتە سۆشیالیستیەکان، هەروەها بە ئینتەرناسیۆنالی دوو و نیو یان ینتەرناسیۆنالی ڤیەنا ناسراوە.

لە (١٩٢١/٢/٢٧) لە کۆنفرانسی ڤیـەنا کـە ڕێکخرابـوو لەلایـەن پـارتی سۆشیال دیموکراتی سەربەخۆی ئەڵمانیا، لقی فەرەنسـای کرێکـارانی ئینتەرناسیۆنال، پارتی سۆسیال دیموکراتی سویسرا، پارتی سۆسیال دیموکراتی نەمسا، فراکسـیۆنی پـارتی سۆشیالیسـتی ڕۆمانیـا کـە لـە (١٩٢١/٤/٢١) چووە ناو پارتی سۆسیالیستی ڕۆمانییەوە.

لە ئەڵمانیا لە (١٩٢٢/٩/٢٤) پـارتی (uspd) لەگـەڵ (spd) یـەکیان گرت لە کۆنگرەی یەکگرتنی ئینتەرناسۆنالی دوو لە مانگی (١٩٢٣/٥) لــە هــامبۆرگ (iwusp) لەگــەڵ ئینتەرناســیۆنال یــەکیانگرت و ئینتەرناسـۆنالی نێودەوڵـەتی دامـەزرا، لـە سـییەکانی ئـەو سـەدەیە

هـەمان هـەوڵ درایـەوە لـە نوسـینگەی لەنـدەنی بـاڵی چـەپی پارتـە سۆشیالیستەکان، بەڵام ئەوەش سەری نەگرت [(١٧)]

**قۆناغی پێنجەم: سۆشیال دیموکراتی دوای جەنگی دووەمی جیهانی:**

دوای جەنگی دووەمی جیهانی، سۆسیال دیموکراتەکان ڕێکخراوێکیـان دروسـتکرد بـۆ نوێنەرایـەتی کردنـی خۆیـان (سۆسیالسـت ئەنتەرناسیۆنال) لە ساڵی (١٩٥١) دا لە ڕاگەیاندنی دامەزراندنیـدا کـە بـە ڕاگەیانـدنی فرانکفـۆرت ناسـراوە سەرزەنشـتی هەریـەك لـە سەرمایەداری و کۆمۆنیزمی بەلشەفی دەکات.

لـە مادەکـانی (٧-٨-٩-١٠) ی ئـەو ڕاگەیاندنـەدا ڕەخنـەی تونـد ئاراسـتەی کۆمـۆنیزمی بەلشـەفی دەکرێت،بـەوەی بۆتـە هـۆی دروسـتکردنی هەڕەشـە لەسـەر ئـازادی و دادی کۆمەڵایـەتی، هاوکـات کۆمۆنیزمی بەلشـەفی لـە ڕۆحـی مارکسـیەت دوورکەوتۆتـەوە و بـەزۆر دەیەوێت جیاوازی چینایەتی دروست بکـات، بەمەبەسـتی سـەپاندنی

---

[١٧] دڵشاد تاڵەبانی، سۆشیال دیموکرات و دەوڵەت،بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی،بەرگی یەکەم ٢٠١٣،ل١٦١

بیرۆکـەی دیکتاتۆریـەتی پرۆلیتاریـا، هـەر بـەپێی ئـەو ڕاگەیاندنـە کۆمۆنیزمی جیهانی ئامرازێکە لە ئامرازەکـانی ئیمپریـالیزمی نـوێ بـۆ تێکشکاندنی ئازادی، کۆمۆنیزم بۆتە هۆی دروستکردنی بیرۆکراسـی و سەربازی و تیرۆری پۆلیس لەناو کۆمەڵگەدا.

دوای لێـك جیابوونـەوەی سۆسیالیسـتی دیموکراسـی و کۆمـۆنیزم لـە یـەکتری، چـەندین لـێکترازان و جیابوونـەوەی دیکـەش لـە هـەناوی سۆسیال دیموکراتدا ڕوویاندا لە نێوان ئەوانەی بروایان بە کۆتاییهاتنی سـەرمایەداری هـەبوو (بـەبێ شـۆرش) بـە ڕێگـای دیموکراسـی و پەرلەمانی بەرەوە سۆسیالیزم لەگەڵ ئەوانەی بروایان بە ئەنجامـدانی ریفۆرم هەبوو.

سەرنجام زۆربەی پارتـە سۆشـیال دیموکراتـەکان شـێوازی دووەمیـان هەڵبـژارد، کـە بـوار بـە مانـەوەی سیسـتمی سـەرمایەداری دەدات لـە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا، لەگەڵ دەستخستنە ناوەوەی حکومـەت لـە هەنـدێ خزمـەتگوزاری گشـتیدا،ئەم تێڕوانینـە بـە ڕێگـای سـێیەم ناسـراوە، زۆربـەی سۆسـیال دیموکراتـەکان گۆرانکـاری گـەورەیان

بەسەردا هـاتووە، سـەبارەت بـە ئامانجـە بنەڕەتیـەکانیان کـە بـریتی بوون لە دادی کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ و کێشە ژینگەییەکان[١٨].

## قۆناغی شەشەم: سۆشیال دیموکراتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا:

زۆربەی ئەو داوایانەی لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتدا لەلایـەن پارتـە سۆشــیال دیموکراتەکانــەوە داوا دەکــران، ئێســتا لەلایــەن ئــەو حکومەتانــەی سۆشــیال دیمــوکراتن هاتونەتــەدی، زۆربــەی پیشەســازییەکان بــە میللــی کــراون، خەرجییــەکی زۆر لەلایــەن حکومەتەکانــەوە بــۆ کــەرتی گشــتی تــەرخانکراوە، تەندروســتی پەروەردەی خۆرایی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەییکردووە، لە زۆربەی وڵاتــانی ئــەوروپا و تەنانــەت ئــەمریکاش (کــە پارتــە سۆســیال دیموکراتەکان بونێکی گەورەیان نیـە) ریفۆرەمـەکانیان سـەرکەوتنیان بەدەسـتهێناوە لـە بەدەسـتهێنانی بەرنامـەی گرنگـی پێـدانی کـەرتی تەندروستی گشتی و بواری پاراستنی ژینگە.

---

١٨ و/ شاسوار کەمال، سۆسیال دیموکرات، گۆڤاری ئایدیا واڵا، ژمارە (١٠) ل٧.

هـەروەها " ڕێگـای سـێیەمی" سۆشـیال دیمـوکراتی کـە گرنگـی بـە کەرتی تایبـەت و کۆنترۆڵی سـنورداری حکومـەت دەدات لەلایـەن زۆر کەسـایەتی و پـارتی نـاودارەوە پـەیڕەوی لێکـراوە، بۆنموونـە پـارتی کرێکارانی بەریتانیا. [(١٩)] .

---

[١٩] سەرچاوەی پێشوو ل٨.

# بەشی چوارەم:
# بزوتنەوەی سۆشیال دیموکراتو سەرچاوەو بنەماو جیاوازییەکان

## باسی یەکەم: سەرچاوەکانی بزوتنەوەی سۆشیال دیموکرات:

١–چەمکی سۆشیال دیموکرات لە دوو وشە پێکهاتووە، سۆشیال بە واتای کۆمەڵایەتی و دیموکرات بەواتای دەسەڵات و هێزی گەل دێت، لە خۆیدا ئاماژەیە بە بنەمایەکی سیاسی، کە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، کە گەل (میللەت) بەهۆی هەڵبژاردجنی ئازاد لە ڕێگەی نوێنەرانیەوە لە دەزگاکانی دەوڵەتدا بەشداری لە پیادەکردنی هێزی دەسەڵاتدا دەکات. کەوابوو چەمکەکە واتای دیموکراتی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ. وشەکە خۆی ساڵی (١٨٩٦ز) وەك ناوێك بۆ پارتییەك دانراوە، کە لە کۆنگرەی ئایزناخ لە لایەن هەردوو سیاسەتمەداری ئەڵمانی (ئۆگۆست بیبل و ڤلیهێلم لیبکنێشت) دامەزراوە و خۆی بەرکابەری پارتی کسیستەکان داناوە. ئەو پارتە نوێیە هەر لە سەرەتاوە وەك پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆو دروشمی تایبەتی خۆی، کە لە ئاراستە سیاسیەکانی سەردەمی خۆی جیابکرێتەوە دەستبەرداری خەباتی چینایەتی بووە، پشتگیری سیستەمی ئابووری

و سیاسی و کۆمەڵایتی سەرمایەداری (کاپیتالیزم) دەکات و کردوویەتی. ئەو ئاراستە سیاسییە هەر لەسەرەتاوە پێی لەسەر ئازادی داگرتووە و وای داناوە کە سۆسیالیزم بەبێ ئازادی لەکردن نایەت. سۆسیالیزم تەنیا بەهۆی کەش و هەوای دیموکراتی پیادە و جێبەجێ دەکرێت. لەلای خۆشیەوە دیموکراتی تەنیا هەر بەهۆی سۆسیالیزمەوە کامڵ و تەواو دەبێ و دەخەملێ. ئەو ئاڕاستەیە هەر لەسەرەتاوە پابەندبوونی خۆی بە دروشمەکانی شۆڕشی فەڕەنسای (١٧٨٩ز) ڕاگەیاندووە کە بریتی بوون لە: (ئازادی، یەکسانی، برایەتی).

ئەگەرچی بەریتانیا بە مەڵبەندی سەرەکی شۆڕشی پیشەسازی و پەرەسەندن و جێگیربوونی سیستەمی سەرمایەداری دادەنرێ، بەڵام پریشکی ئەو شۆڕشە بەردەشتی رۆژئاوای ئەورووپا کەوتووەو ئاگری تێبەرداوە، لە فەرەنساو بەلجیکا و ئەڵمانیا هەست بەگۆڕانی کۆمەڵگا کراوە، دۆخی ئابوری و کشتوکاڵی چینی دەرەبەگی بەرەو کۆمەڵگای پیشەسازی بۆرجوازی بردووە، کێشەی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەڕووخسار و ناوەرۆکی نوێی جیاواز لە جاران سەر ئاو

کەوتوون و چاوەڕێی چارەسەرکردنیان کردووە، لەو چوارچێوەیەدا وەڵامی ئەو پرسیارە: چی بکرێ و بەچ ڕێگایەك سیستەمی چەوسێنەری سەرمایەداری بەسیستەمێکی سۆشیال دیموکراتی بگۆڕدرێ؟ ڕێگایەکی تری جیا لەو ڕێگایەی (مارکس) گرتوویەتیە بەر و ئەو ئامانجەی هەوڵی بۆ داوە و کۆششی بەدیهێنانی کردووە، دەرکەوتووە: ڕێگایەك وای داناوە، کە چارەسەری کێشەی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی تەنیا بەڕێگای سۆسیال دیموەکراتی دەبێ.

ئەمە چی دەگەیەنێ و دەکرێ چۆن شرۆڤە بکرێ و لێکبدرێتەوە؟

فردیناند لاسال لە ساڵی (١٨٢٥–١٨٦٤ز) بەڕابەری ئەو ڕێگا نوێیە دادەنرێ و بەدامەزرێنەری ئەو پارتە ناسراوە، کە لەو سەردەمانەدا لەسەرانسەری جیهانی پێشکەوتووخواز بەگشتی و لەڕۆژئاوای ئەوروپا بەتایبەتی بەپارتی سۆسیال دیموکراتی ناودەبرێ، بەشێوازی تایبەتی خۆی بۆ گەیشتنە ئامانجەکانی ڕێگای کۆششی سیاسی دیموکراتیانەی گرتۆتەبەر.

٢–ئەو ئاراستە سیاسیە، کە بزوتنەوەیەکی کارای ئەمڕۆی ڕۆژئاوای ئەوروپایە لە چوارچێوەی پارتی سیاسیدا ئایدیۆلۆجی خۆی

بەرجەستە کردووە، کە لەنێوان بزافێکی نەتەوەیی پێشکەوتووخواز و کراوەیی ئاوێتەکراو بە (ئـازادی و دیمـوکراتی و یەکسـانی و برایـەتی) داڕشتووە، لە مەیدانی هەڵبـژاردن و دەنـگ دان و سیاسـەتی سـیڤیلی دوور لە توندوتیژی لە پەرلەماندا، بەڕێگای دەستوور دەیانەوێ بگـەن بـەو ئامانجـەی، کـە وەك دروشـم لـە پرۆسـەی هەلبـژاردن دا بـە دەنگـدەرانیان راگەیانـدوە و لەپـەیڕەوو پرۆگرامـە ناوخۆییەکانیانـدا رەنگیان رشتووە.

لە دەرەوەی وڵاتانی رۆژئاوای ئەوروپا، ئەم نـاوە لـە بـەریتانیا لـەناو بڵاوکراوەکانی (رۆبـەرت ئـۆین) و رێکخراوەکەیـدا لـە سـاڵی (١٨٢٧ز) بـەکارهاتووە. وشـەی سۆسـیال و سۆسـیالیزم لـە لای (سانسـیمۆن) رابەری سیاسی فەرەنسا باو بووە و بەکارهاتووە.

بەتایبـــەتی لـــە گۆڤـــاری ناوەنـــدی لایـــەنگرانی رێکخراوەکـــە ئـــەو کەسایەتیە، (گۆڤـاری بلبـۆك) لـە سـاڵی (١٨٣٢ز) بـەکارهاتووە. لـەو گۆڤارەدا سانسیمۆن و لایەنگرانی کۆشاون، کـە سۆسـیالیزم دوور لـە توندوتیـژی و بزوتنـەوەی چـەکدارانە بەدیموکراتیـەوە ببەسـتنەوە، ئەمـەش دواتـر بـووە دروشمـی سـەرەکی (کاوتسـکی) لـە ئـەڵمانیا،

دروشمی سۆسیالیزم بەبێ ڕەوشی دیموکراتی لە کردن نایەت. بـەپێی سەرچـاوەکان، شۆڕشــی سیاســی فەرەنســا و شۆڕشــی پیشەســازی بەریتانیا سەرچاوە و بنج و بناوانی پەیدابوونی ئەو بزوتنەوە سیاسیە بوون:

**( شۆڕشی فەرەنسا )**

بەکاریگەرترین شۆڕشی جیهانی و سەردەمی خۆی دادەنرێ، لە ساڵی (١٧٨٩ز) بەرپا بووە. بۆیە بەشۆڕشی سیاسی ناونراوە، چـونکە هـیچ هێزێکی چەکدار بەشداری تێدا نەکردووە، ئینجا نەخشەو هەلومەرج و ڕەوشــی ئـابوری و سیاســی و کۆمەڵایــەتی و چـینایەتی سەرانســەری ئەوروپای ئەوسای گۆڕیوە، کۆتایی بە قۆنـاغێکی دووردرێـژی ساردو سـڕ و سـتەم هێنــاوە و بەهۆیــەوە قۆنــاغێکی تــری نـوێ دەسـتی پێکـردوووە. کۆمەڵگایــەکی نـوێ وردە وردە لەروخســار و ناوەرۆکـدا خـەت و خـاڵی داوە. مەڵبەنـدی هێـز و دەســەڵات لـە شـار و بـازێردا جێگـای خـۆی دۆزیوەتـەوە. سیاسـەت تـەنگی بـە ئـایین هەڵچـینوە،

چینی بۆرژوازی خاوەن پارە و سامان، چینی کرێکار، کە مارکس بە پرۆلیتار ناوی بردووە دوو چینی کاری ئەو سەردەمە بوون.

ئەو شۆڕشە لەسەرەتاوە بەو سێ دروشمە ناسرا بوو: (ئازادی، برایەتی، یەکسانی).

بەڵام چ جۆرە ئازادییەك و بۆ چ چین و توێژێك، برایەتی لەگەڵ چ لایەنێك و لەنێوان چ چین و توێژێك دا، یەکسانی چۆن و لە چیدا؟.

شۆڕش هیچ کاتێك ئامرازی دامەزراندن و بنیادنان نەبووە، بەڵکو هەمیشە بۆ گۆڕین و هەڵوەشانەوەی رەوش و بارودۆخێك و گۆڕینەوەی بەیەکێکی دیکە پەنای دەبرێتە بەر، بۆیە ئاساییە، کە لە قۆناغێکی دواتری هەڵگیرسانەکەی بەلارێدا ببرێ، یان بۆ مەبەست و ئامانجێکی دیکەی جیا لە هۆکاری هەڵگیرسانەکەی بەکارببرێ. ئەمە بە تەواوەتی لە شۆڕشی فەرەنسادا بەدیکراوە. لە قۆناغی دواتردا سەری رۆڵە و رابەرەکانی خوارد و بەجۆرێك بەکارهات، کە چاوەڕوان نەکراوە. ئەو سێ دروشمە، کە جێگای شانازی مرۆڤی پێشکەوتنخواز بوون، بەجۆرێك بەکارهێنراون، لە روخساری بێ گیان و ناوەرۆك زەوتکراو بەولاوە نەبوون.

بەوپێیە چەندین گرفت و کێشـەی ئـابووری‌و سیاسـی و کۆمەڵایـەتی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ژیانیان شلەژاندووە و کۆمەڵگاش لە لای خۆیەوە بەچین و توێژی رکابەری یەکتری دابەشبووە. ئەو رەوشە لـە شکسـتهێنانی شۆڕشـەکەوە کەوتۆتـەوە، هزرمەنـدو سیاسـەتمەدار و فەیلەسوفەکانی هانداوە لەبارەیەوە هەنگاو هەڵگرن و شتێك بکەن.

ـ لەکاتێکدا هزرمەند و فەیلەسوفان سەرگەرمی پەرەپێدان و داهێنانی لقێکی نوێی زانست و میتۆدێکی شیاوی تـاوتوێکردن و شـیکردنەوەی ئەو کێشانە بوون بە مەبەستی دۆزینەوە و پێشنیازکردنی چارەسـەر، لـە ئەنجامـدا سۆسـیۆلۆجی (زانسـتی کۆمەڵایـەتی) وەکـو زانسـتێکی سەربەخۆ دەرکەوتووە.

ـ لەلایەکی ترەوە سیاسەتمەدار و سەرکردەکان خەریکی دامەزرانـدنی پارت و رێکخراوی سیاسی و سەندیکا بوون بۆ رووبەڕووبونـەوەی ئـەو رەوش و هەلومـەرج و بارودۆخـە نوێیـە، حـزب یـاخود بزوتنـەوەی سۆسـیال دیمـوکراتی رێگایـەك بـووە لـەو رێگـا چارەسـەریانە، کـە گیراونەتەبەر. سەرچاوەکەشی بیرکردنەوەکانی ئەوسای (سانسیمۆن) بووە، کە لە شۆڕشەکەوە سەرئاو کەوتوون.

## (شۆڕشی پیشەسازی بەریتانیا)

دیاردەیەکی سەیر و سەرنج راکێشە، تاوەکو ئێستا بەتەواوەتی لێکنەدراوەتەوە بۆچی چینی سەرمایەداری و شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیای مەزن پەیدا بوون و پەرەیان سەند، کەچی لە رۆژئاوای ئەوروپا بەتایبەتی لە فەرەنسا شۆڕشی سیاسی و تیۆری سۆسیالیزم دەرکەوتوون، لەناوەراست و رۆژهەلاتی ئەوروپا بەتایبەتی لە ئەلمانیا فەلسەفە دەست بەکاربووە. فەلسەفەکە (ئایدیالیستی ئەلمان، لە هەردوو جۆریەوە) بەتایبەتی هی (هیگلّ) بە فەلسەفەکردن و دروشمەکانی شۆڕشی فەرەنسا بووە؟ ئایا ئەمە دابەشکردنی رۆلّ و ئەرك و فرمانە لەلایەن مێژووەوە؟ یان پەیوەندی بەتواناو پێکهاتەی سروشتی (ئابوری، سیاسی، کۆمەلایەتی، هزری) هەر نەتەوەیەك بەجیا هەیە!؟ لە لای ئینگلیز کردەوە، لەلای فەرەنساییەکان سیاسەت و ئەلمانیاش بیرکردنەوە!

رەوشی کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسی بەریتانیا، بەهۆی دابەشبوونی کۆمەلگا لەسەر چین و توێژی جیاوازدا، داگیرکردنی ولاتانی تر (کۆلۆنیالیزم)، بەرپابوونی جەنگی ناوخۆو دەرەکی لە

وڵاتانی ئەوروپا، بەلارێداچوونی شۆڕشی فەرەنسا، بوون بە مایەی هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی رێگا چارە و دەرچوون لەو رەوشە ناهەموارە و دامەزراندنی دوارۆژێکی چاکتری چاوەڕوانکراو.

چارەسەرەکان و رێگا پێشنیازکراو و نەخشە رێگاکان بەدوو ئاراستەدا تەکانیان داوە:—

یەك: ئاراستەیەکی خەباتی چینایەتی و شۆڕش و گۆڕینی سەرلەبەری رەوشەکە.

دوو: ئاراستەیەکی دوور لە توندوتیژی و چاکسازی. لێرەدا پەنا دەبرێتە بەر خەباتی سیاسی سیڤیلی و چالاکی پارتایەتی و هەڵبژاردن و پەرلەمان. ئەمەیان ئەو رێگایە بووە سۆسیال دیموکراتەکان گرتوویانەتەر بەر. رێگایەك بەپێچەوانەی ئاراستەکەی ترەوە مەبەستی نەبووە و نەیویستووە گۆڕانی سەرتاپاگیری بکات، بەڵکو هەوڵی داوە لە چوارچێوەی هەلومەرج و رەوشی لە ئار ادا بوودا سیستەمەکە، رژێمەکە، نەزمەکە بپارێزێ، یان هەر نەبێ لە چوارچێوە گشتیەکەدا بمێننەوە و بەرێگای سیاسی — ئاشتیانە چاکسازی بکات، لایەنە چاکەکان پتر پەرە پێ بدات و بەرەو پێشی

بەرێ و مەرجی بەردەوام بوونی بۆ دەستەبەر ببێ، کەموکوڕییـەکانی بـۆ پڕبکاتـەوە، هەڵـەو چـەوتیەکانی راسـت بکاتـەوە، سـوود لـە تاقیکردنەوەی رابردوو وەربگـرێ و رێگـا نـەدا ئـەوەی چـەوت نالـەبار بووە جارێکی دیکە رووننەداتەوە و سەرئاو نەکەوێ.

ئەو بۆچوونە لەسەرەتاوە گریمانەی ئەوەی کردووە، کـە پـەرەسـەندن یاسـای سروشـت و خەسـڵەتی سـەرەکی ژیـان و کۆمەڵگایـە. ئـەوەی ئێسـتا لـە ئارادایـە بـە بـەزم و سیسـتەم و رژێـم و پەیوەندیـە جۆربـەجۆرەکانی کۆمـەڵگاو ژیانـەوە ئـەنجامی ئاسایشـی ئـەو پەرەسەندنەیە و لە لایەکی ترەوە رەوشی لە ئارادا بوو توانـای ژێـری مـرۆڤ بەرجەسـتە بکـات، کـە هـەر ئـەوەی لەدەسـت هـاتووە و توانیوویەتی ئەوە بەدەستبهێنێ. تێکدانی سەرلەبەر و سەرجەمی ئەو دۆخە لە ئاردا بووە، جگە لە گومان و دڵکرمێ بوون بە هەند نەزانینی توانـای مرۆڤـە، کـە تـاوەکو ئێسـتا هـەر ئـەو بـارودۆخ و نەزمـەی داهێناوە.

بۆیە ئەگەر باوەڕ بەرۆڵی داهێنەرانەی مرۆڤ بکـرێ دەبـێ پـەرە بـەوە بدرێ، کە لە ئارادایە، نەك هەڵیوەشێنرێتەوە، ناکرێ ئـەوەی هەیـە و

له ئارادایه سەرتاپا بە بەدو ناشایستە دابنرێ و کۆششی لەناوبردن و سڕینەوەی بکرێ.

ئەو جیهان بینیە لەو هەڵوێستەدا بەرجەستە بووە، کە سۆسیال دیموکراتەکان بەرامبەر بەکۆمەڵگاو چین و توێژەکانی، بەرامبەر بە نەتەوە و ئایین و نەزمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و قانون و دەوڵەت و خەبات و تێکۆشان، ئەرك و مافی مرۆڤ و دوارۆژ چۆن بێ هەیان بووە و نواندوویانە، هەر لەو چوارچێوەیەدا لەنێو کایەی توێژینەوە و دوور لە سیاسەت، بۆ تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان کە بەهۆی شۆڕشی هەڵگیرساوەوە یەخەی کۆمەڵگایان گرتووە، زانستێکی نوێ لە فەلسەفە جیاکرایەوە و سەربەخۆیی خۆی لە میتۆد و کەرەستەی توێژینەوە پێ بەخشراوە.

زانستی کۆمەڵایەتی سۆسیۆلۆجی کە بەعەرەبی (علم الاجتماع)ی پێدەوترێ.

بەوپێیە پەیدابوونی بزوتنەوەی سۆسیال دیموکراتی (کە دواتر بو بەحزبێکی سیاسی) داهێنانێکی ئەو سیاسەتمەدارانەی ئەوروپایە کە دەست و پەنجەیان لەگەڵ ئەنجامە سەرتاپاگیرە لەبار و نالەبارەکانی

ئەو شۆڕشە سیاسـی، ئـابوری، فەلسـەفیە نـەرم کردبـوو، کـە لەگـەڵ وردە وردە ئاوابوونی خۆری دەرەبەگایەتی (فیودالیزم) و دەرکەوتنی پێشەنگی کـاروانی بـەهاری نـەزمی نـوێی کۆمـەڵگا (سـەرمایەداری — کاپیتالیزم) لە ئەوروپا بەرپا بووە.

٣—لەنێو بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراتیدا بەئاشکرا جیاوازی بیروڕاو بۆچـوون دەربـارەی چارەسـەرکردن کێشـەکان و نەخشـە ڕێگـا دامەزرانـدنی دوارۆژ سـەرنج رادەکێشـێ، ئـەو جیاوازیـە چـۆن لێـك دەدرێتـەوە؟! وەڵامـی ئـەو پرسـیارە لـەو رەوش و دۆخـە ئـابوری و سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئایدۆلۆجیـەی هەریـەکێك لـە سـێ وڵاتـە سەرەکییەکان دەکەوێتەوە، ئەوکاتە دەست بـەکار و لـەئارادا بـوون: (بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا) ئەمە چۆن تێدەگەیشترێ؟

ـ بەریتانیای مەزن، کە مەڵبەنـدی سـەرهەڵدانی سـەرمایەداریەو تێیـدا شۆڕشی پیشەسازی بەرپا بووە، چینی سەرمایەدار لەو وڵاتە ئەوسـاو بەپێی پێوەری ئەو سەردەمە گەیشتۆتە چڵە پۆپـەی پەرەسـەندنی، توانیویەتی تاڕادیەك چینی کرێکار لـە چالاکی و خـەباتی توندوتیـژی دوربخاتـەوە، لەبەرامبـەر ئـەو رەوشـەدا چـەند سـەندیکا و ڕێکخـراوو

دامەزراوەی دیموکراتیانە پەیدا بوون و هاندەری چینی کرێکار بوون لە ژیانی سیاسی وڵاتدا لە رژێمدا بەشداری بکەن و لەبەڕێوەبردن دا رۆڵیان هەبێ.

بەوپێیەی توندوتیژی چینایەتی لەو کۆمەڵگایەدا بەو رادەیەی کۆمەڵگاکانی رۆژئاوای ئەوروپا نەبووە، کە ببێتە مایەی ئەوەی سیاسەتمەداران پێشبینی بەرپابوونی جۆرێك لە (شۆڕش) بکەن.

راستە سەرمایەداری فەرمانڕەوای ئینگلیز کێشەکانی هەناردەی دەرەوە کردووە و وڵاتانی دیکەی داگیر کردووە. ئەو داگیرکردنە شانبەشانی چاکسازی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەناو خۆیدا، لەدوو لاوە بەبارودۆخی پۆزەتیڤ هەڵسەنگێنراوە:-

یەك: لە وڵاتە داگیرکراوەکان (کۆلۆنی) چینی هەژار و چەوساوە کراون بەدۆستی چینی کرێکار و تێکۆشەرانی وڵاتە داگیرکەرەکە.

دوو: ئەو داگیرکردنە جگە لەوەی ئەو کۆمەڵگا داگیرکراوەی بە پەرەسەندن و گۆڕان و پێشکەوتنی هەمەلایەنی و وڵاتەکەی خۆی ئاشنا کردووە، دەرگای پەرەسەندنی پیشەسازی و جۆرە سەرمایەدارییەکی لە بەردەمدا کردونەتەوە، هەردوو وڵاتی پان و

بەرین و فرە نەتەوە و کەلتووری هیندستان و پاکستان، نمونەیەکی بەرچاوی ئەو رەوشەن، کە لە لایەن بەریتانیای مەزنەوە داگیرکرابوون.

ئەو رەوشە دەکرێ بەهۆکارێك دابنرێ — بەهەردوولایەوە، چاکسازی و تەکاندان بەرەو دەرەوەی وڵات — بۆچی بە پێچەوانەی سیاسەتمەدارانی رۆژئاوای ئەوروپا لە بەریتانیا شۆڕشی (کرێکاری — پرۆلیتاری) هەڵنەگیرساوە ! !

لە ئەنجامی ئەو گۆرانە سیاسی و ئابوری و ئایدۆلۆجی و فەلسەفییەی بەسەر کۆمەڵگاکانی رۆژئاوای ئەوروپا و بەریتانیای مەزن دا هاتووە، سیاسەتمەداران و هزرمەندان هەریەکە لە روانگەی شیرکردنەوەی ئەو رەوشە لە لای خۆیەوە چاوەڕوانی دوو جۆرە شۆڕشی گۆڕان‌و چاکسازیان کردووە:—

یەك: شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتی، کە ئامانجی خۆی لە پاراستنی رژێم و سیستەمەکە لە چوارچێوە گشتیەکەیدا و چاککردنی کەموکوڕی و پڕکردنەوەی کە لەبەرەکانی و هەوڵدان بۆ بەرەوپێش بردنی بەڕێگای ئاسایی دوور لە توندوتیژیدا دیتووە. رابەرانی ئەم

ئاراســتەیە دواتــر بــە (سۆســیال دیموکراتیــەکان) ناســراون. ئــەو ئاراستەیە پشتی بەگریمانەیەکی ئایدۆلۆجی — فەلسەفی بەستووە کە دەکرێ بەوجۆرە روونبکرێتەوە:—

ـ پەرەسەندنی مێژووی کۆمەڵگا هەر لە سەرەتاوە، تاوەکو ئەمڕۆ، ئەنجامێکی هەوڵ و کۆششی ماندوونەناس و نەپساوەی مرۆڤایەتی بووە. توانای ژیری مرۆڤ هەر ئەوەی لەدەستهاتووە. کە ئێستا هەیە و لە ئارادایە و هیچ کار و بەرهەمێك بە بێ کەموکورتی نابێ، ئاسایی ئەوەیە بەپێوەرێکی راستەقینە و بەچاوێکی واقع بین هەڵسەنگێنرێ و سەرنج بدرێت. بەڵام هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەرلەبەری سیستەم و نەزمی لە ئارادا بوو بەتوندوتیژی و شۆڕش و خەباتی چەکدارانە (چینایەتی) و هێنانی رەوشێکی ترو دانانی لە جێگاکەیدا لەگەڵ سروشتی بنەماکانی ژیان و چالاکی و پەرەسەندنی هەرزدا ناگونجێ! ئەو ژیری و توانایەی ئەو رەوشەی ئێستای داهێناوە هەر خۆی دەتوانێ گۆرانی بەرەو چاکتر (چاکسازی) بەجۆرێك لە چوارچێوە گشتیەکاندا ئاوات و ئامانج و داخوازیەکانی مرۆڤ دەستەبەر ببێ. لەو ئاراستەیەدا چین و خەباتی چینایەتی بەهەند

دانـانرێن و مەسـەلەی نەتـەوە و نەتەوایـەتی پێشـکەوتنخواز جێگـای بایەخپێدان دەبێ، نەتەوەخوازییەکی کراوە، باوەڕبوون بە برایـەتی و یەکسـانی و ئـازادی پێکـەوەژیان. رزگـاربوونی نەتـەوە بـەپێی ئـەو بۆچوونە لەسەر ئەو شۆڕشە وەستاوە، کە پرۆلیتاریەت بەرپای بکات و تێکڕایی کۆمەڵگا رزگار بکات!.

نەتەوە لێرەدا وەك دیاردەیـەك سـەرنج نـادرێ، کـە بـەهۆی پرۆسـەی پەرەسەندنی کۆمـەڵگا و خـەباتی چـینایەتیەوە رۆڵـی نـەمێنێ و وەك بزوتنەوە هەست و هۆشیاری کالبێتەوە، بەڵکو راستیەکە، هیچ کاتێك دابەشـــبوونی کۆمـــەڵگاو پەرەســـەندن و گـــۆڕان، ســـەرکەوتنی پرۆلیتاریەت و مان و نەمانی بۆرجوازیەت چ وەك چین و چ وەك نـەزم و سیستەم و رژێم لە رۆڵ و هەست و نەست و بـوونی نەتـەوەیی کـەم ناکاتەوە، تەنانەت لە وڵاتـە داگیرکراوەکانـدا هەسـتی نەتـەوەیی نـەك چـینایەتی هانـدەری خـەبات و بـەرگری و رزگـاربوون بـووە. ئـایینی سەرتاپاگیر و جیهـانی عیسـایی — (مەسـیحی — کریسـتیان) بەهـەزار ساڵ نەیانتوانی هەتا سەر وا لە باوەڕپێهێنەرانی بکات، کـە (ئۆمـەتی یەسـوعی — مەسـیحی)یە، بـەڵکو پێشـکەوتن و بـەرەو پێشچـوونی

شارستانیەت هەستی شانازی کردن بە نەتەوە پتەوو گەرموگوڕ کردۆتەوە. لەکاتێکدا هەست دەکات کە ئەڵمانە، پێش ئەوەی کریستیان (گاور – مەسیح) بێت. هەڵوێستی ئەو ئاڕاستە سیاسیە سەبارەت بەدەوڵەت ئەوپەڕی سەرنج راکێشە، دەوڵەت بەهیچ جۆر و شێوازێك وا دانەنراوە، کە ئامرازێکی چەوساندنە وەی چینایەتی بێت و سودی دەست رۆیشتووی کار بەدەست بەچەوساندنەوە و روتاندنەوە و کۆنترۆڵکردنی تێکڕای کۆمەڵگا بەکاربهێنێ، نە! دەوڵەت دامەزراوێکە، تایبەت نیە بە چین و توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا، بەڵکو سیمبولی سەروەری و سەربەرزی و سەربەخۆیی سەرجەم نەتەوە و کۆمەڵگایە. هەر بەهۆی ئەو دامەزراوە و بەسایەی ئەو دەزگایە دەکرێ یەکڕیزی نەتەوە و گەل بپارێزرێ و چاکسازیەکانیش بە هەموو رەهەندەکانیەوە لە هەموو کایەکاندا پیادەو جێبەجێ بکرێت.

ئایین و سیاسەت لە یەکتری جیاوازن، ئاین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە، لە چوارچێوەی ئازادی تاکە کەسان دا بەهەند وەردەگیرێ و رۆڵ و کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە، ئەو رۆڵە پراکتیکییە، کردەکییە

پراگماتیەی ئاین ناکرێ بەنادیدە بگیرێ. دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی ئایین لە سەردەم و قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا پێداویستییەکی ژیانی کۆمەڵایەتی بووە و ئەرك و فرمان و ئامانجی دیار و دەستنیشانکراوی لە ئەستۆدا بووە. تا چەند لە ئاستی ئەو ئۆباڵکێشانەدا بووە؟ وەڵامەکە لە چوارچێوەی ئەو نوسینە دەچێتەی دەرەوە!

دوو: شۆڕشی پرۆلیتاری — سۆسیالیزمی. ئامانجی ئەو ئاراستەیە بە تەواوەتی بەپێچەوانەی ئاراستەی یەکەمی (سۆسیال دیموکراتە).

ئەو ئاراستەیە لە روانگەی چین و چینایەتیەوە سەرنجی رەوش و بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆجی کۆمەڵگا دەدات.

خەباتی چینایەتی، شۆڕش، چینی کرێکار، کە لە ئەوروپای ئەوسا بە پرۆلیتار ناوبراوە، ئەو رێگایە، کە دەبێ بۆ گەیشتنە ئامانج پەیڕەو بکرێت و بگرێتە بەر.

گۆڕینی شۆڕشگێڕانەی سەرتاپاگیری کۆمەڵگا، دەوڵەت کە سروشتێکی چینایەتی هەیە، لەناوبردنی رژێمی چەوسێنەر و قۆرخکار

و لەناوبردنی سیستەمی چینایەتی و ستەم و دەست بەسەرداگرتنی ئەو ئامانجەیە، کە ئەو ئاراستەیە کردویەتی بەشا دروشم، مارکس و لایەنگرانی رابەر و نوێنەری ئەو ئاراستەیەن.

٤-ئەڵمانیا بە مەڵبەندی سەرەکی پەیدا بوون و گەشەکردنی بزوتنەوەی سۆسیال دیموکراتی هەژمار دەکرێ، لە هەردوو کۆنفرانسی گوتاساڵی (١٨٧٥ز) و کۆنفرانسی ئێرفۆرت ساڵی (١٨٩١ز) رەنگی پرۆژەیەکی سەرتاپاگیری ژیانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆجی سەردەم و پاشەڕۆژ رێژراوە، لەو بزوتنەوەیەدا (ڤلیهیم لیبکنیخت و ئۆگست بیبلّ و ئیدوارد برنیشتاین و کارل کاوتسکی) رۆڵی سەرەکیان گێڕاوە، بەڵام سەرچاوە سەرەکیەکانی ئەو بزوتنەوەیە، فردیناند لاسال (١٨٢٥ – ١٨٦٤ز) بەرابەری راستەقینەی ئەو بزوتنەوەیە دادەنێن.

لەبەرامبەر مانڤێستی کۆمۆنیستی (مارکس و ئەنگلس)دا لاسال بڵاوکراوەی (بەرنامەی کرێکاران)ی دانا. ئەو بەرنامەیە بووە بە پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆیی بزوتنەوەی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا و لە هەردوو کۆنفرانسی ناوبراودا تاووتوێکراوە و کاری لەسەر کراوە.

(لاسال) بەپێچەوانەی مارکسەوە داوایکردووە دەوڵەت لە ئەرك و فرمانیدا بێ لایەن بێت و سود وقازانج و بەرژەوەندی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، بێ لایەنگیری بپارێزرێ. بەشداربوونی کرێکاران لەبەڕێوەبردنی دام و دەزگا و کاروباری دەوڵەت، هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ پەرلەمان، کە دەزگایەکی قانوون دارشتنە، بەلای (لاسال)ەوە داوایەکی رەوایە و دەبێ پشگیری بکرێت و کاری بێوچانی بۆ بکرێت، ئەو سیاسەتمەدارە بەتەواوەتی لەو باوەڕەدا بووە کە توندوتیژی و خەباتی چینایەتی، هیچ کاتێك ئەو ئامانجە ناپێکێ، کە کرێکاران هەوڵی بۆ دەدەن. دیموکراتی بەڕێگای ئاشتیانە دەستەبەر دەبێ [20].

[20] کتێبی (مارکسیزم یان سۆسیال دیموکراتی) نوسینی (ب.د. حەمید عەزیز)، ساڵی (٢٠١٧) — ناوەندی توێژینەوە و هزری شەهید ئارام/٢٠١٧ — لاپەڕە (١٠٧).

## باسی دووەم: بنەما بنەڕەتیەکانی بزوتنەوەی سۆشیال دیموکرات:

لە سەردەمی (لاسال)ەوە، دواتر لە لایەن (کارل کاوتسکی)، سۆسیالیزم بەبێ دیموکراتی نەبوونی دەبێت و نە لە کارکردن دێت، سۆسیالیزم و دیموکراتی تەواوکاری یەکترین و لە یەکتری دانابڕێن و جیاناکرێنەوە، بۆیە سۆسیالیزمی دیموکراتی دروشمی سەرەکی بزوتنەوە و پارتی سۆسیال دیموکراتە و هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات، بەڵام مەبەست لەو سۆسیالیزمە دیموکراتییە چییە؟! چ ئەرك و رۆڵێکی لێ چاوەڕوان دەکرێت؟!

+ سۆسیالیزمی دیموکراتی هەوڵ دەدات نەزمێکی چاکتر و نوێ بۆ کۆمەڵگا دابمەزرێنێ، کۆمەڵگایەك تێیدا هەموو تاکە کەسێك کەسایەتی خۆی گەشە پێ بدات و وەك ئەندامێك بتوانێ ژیانی سیاسی و ئابوری و کولتووری سەرشانی بەرامبەر مرۆڤەکانی دیکە جێبەجێ بکات و کارا بێت.

+ ئامـــانجی سۆســـیالیزم دامەزرانـــدنی نـــەزمێکی نـــوێی چـــاکتری کۆمەڵگایــە لەگــەڵ گرتنەبــەری ئــەو ڕێگایــەی بــەرەو ئــەو مەبەســتە دەچــێ، فــۆرمی نــەگۆڕی ئامــانج و ڕێگاکــە دەبــێ هەلومەرجــەکانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا، کە هەمیشە لـە گـۆرانی نەپسـاوەدان لەبەرچـاو بگیرێ:

سۆسیالیزم ئەرکێکی بەردەوامە. تەقەڵای ماندونەناسی دەوێ. چـەند بنەمایــەکی ئاکــاری نــاوکۆیی هاوبەشــی بــەهاکان وەك ئامــانجێکی سیاسی، سەرەڕای جیهان دیدێکی یەکەی یەککگرتوویی فەلسـەفەیی و زانستی و سۆسیالیسـتە دیموکراتـەکان پێکـەوە کۆدەکاتـەوە، بـەهاو دروشمی (ئازادی و دادپەروەری و هاوکـاری/ سـۆلیدارێتی) ئـەو بـەها بنەڕەتیانــە ئــەو بــنج و بناوانــەن، کــە داخوازییــە ســەرەکیەکانی – سۆسـیالیزمی دیمـوکراتی دیـار و دەسـت نیشـان دەکـەن و لێیانـەوە سەرچاوە دەگرن.

+ ئازادی، لە خۆیدا رزگارییە، ئازادبوونە لە ملکەچی نەفرەت لێکراو. دەرفەتێکــە بــەپێی پێداویســتییەکانی داد و هاوکــاری و یەکســانی، کەسایەتی مـرۆڤ ئازادانـە گەشـە بکـات و پێشـبکەوێ! ئـازادی تـەنیا

ئەوكاتە لە كايەى كۆمەڵايەتيدا دەكرێ ببێ بەڕاستييەكى راستەقينە (واقيعى) و سنورى ئەندێشە ببەزێنێ و دووربێ لەوەى تەنيا دەستكەوتى تايبەتى تاقمێكى كەمينەى دەستەبژێربێ، ئەگەر هاتوو هەموو كەسێك، مرۆڤەكان بەڕاستى دەرفەتى (ئابورى و سياسى و كۆمەڵايەتى و كەلتوورى) گەشەكردنى ئازاديان هەبێ.

دادو دادپەروەرى دەستەبەرى ئازادى تاكەكان دەبێ لەوەدا و بەوەى كە لە كۆمەڵگادا مافى وەك يەك و دەرفەتى يەكسانى شانسى ژيانيان بۆ دابين بكات.

+ هاوكارى، كۆمەك لە مێژووى بزوتنەوەى كرێكاران و سۆسياليزمى ديموكراتيدا رۆڵى يەكلايى كەرەوەى گێڕاوە، لەو سەردەمەش دا لە خەبات و تێكۆشان دا لەپێناو دامەزراندنى كۆمەڵگايەكى مرۆڤپەروەر بايەخێكى ناوەندى هەيە. بنەماى بنەڕەتى ئابورى — كۆمەڵايەتى كۆمەك و هاوكارى ئەوە كە دەبێ بێ قەيدو مەرج ئيشوكار كۆمەڵايەتيانە دابەش بكرێت. هاوكارى هەست كردنە بە ئەركى سەرشان و ئۆبالى ئەستۆ بەرامبەر بەمرۆڤى ديكە و هيچ كاتێك سنورى نەتەوە و دەوڵەتان نابنە كۆسپ و رێگر لەبەردەميدا.

هەموو جۆرێکی بیروباوەڕی سەرتاپاگیر و تۆتالیتار و زڕە شۆڕشگێڕ ڕەتدەکاتەوە، چونکە خۆی ئەرکی سەرشانی مرۆڤی ژیری ئازاد و هۆشیارە.

+ سۆسیال دیموکراتی، هەڵوێستی دۆستانەی بەرامبەر بە کڵێسە و ئایین و دامودەزگا و ڕێکخراوە ئاینییەکان هەیە، ئەوان بە بەشدار و هاوبەشی تێکۆشانی خۆی دەزانێ لە پێناوی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مرۆڤ پەروەردا.

+ ئازادی سیاسی، پێش مەرجی هەرە گرنگ و سەرەکی و رزگاربوونی ئابوری چینی کارگەرانە – کێشەی کۆمەڵایەتی (سۆسیال) هەرگیز لە هی سیاسی دانابڕێ و جیاناکرێتەوە، چارەسەرکردنیشی هەر بەهۆی ئەوەوە دەبێ و ئەمەش تەنیا هەر لەنێو دەوڵەتی دیموکراتیدا لەکردن دێت[٢١].

[٢١] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٢٠).

## باسی سێیەم: تایبەتمەندی و جیاوازیەکانی سۆشیال دیموکرات:

مارکسیزم و ڕێبازی سۆسیال دیموکرات دوو جیهان دیدەی فرە ڕەنگی سەربەخۆن و هەردووکیان لە باوەشی سەرمایەداریدا گۆشکراون و لەسەرەتادا ناوی رابەرێتی چینی کرێکاریان لەخۆیان ناوە، بەڵام ئەوەی لە یەکتریان جیادەکاتەوە و دەیانخاتە نێو دوو بەرەو دوو سەنگەرەوە زۆرترە لەوەی کە بەیەکەوە کۆیان بکاتەوە، ئەگەر مرۆڤ بەوردی سەرنج بدات لە پرۆگرامەکانی:-

- ئایزناخ ساڵی ١٨٦٩ ز
- گوتا ساڵی ١٨٧٥ز
- ئێرفۆرت ساڵی ١٨٩١ز

هەروەها ئەگەر نوسینەکانی (کارل کاوتسکی) و (ڕۆزا لۆکسمبورگ) و (لاسال) و (ئیدوارد برنشتاین) لەبەرچاو بگرین و لەگەڵ بەرهەمەکانی

(مارکس) و لایەنگرانی بەراوورد بکرێن، ئەو ئەنجامەی لێدەکەوێتــەوە کە:–

یەکەم: سۆسیال دیموکراتی بـە پێچـەوانەی مارکسـیزمەوە، بەشـێکە نەك هـەر لەگـەڵ سـەرمایەداری و کۆمـەڵگای مـۆدێرن دێتـەوە، بگـرە بووە بە بەشێك لەسەرمایەداری پەرەسەندووی گونجاو لەگەڵ ژیـان و کۆمەڵگای گۆران و پەرەسەندنی ژیریانەی شارستانێتی دوای جـەنگی جیهانی.

دووەم: بنەما گرنگەکانی مارکسیزم رەتدەکاتەوە و ئەلتەرناتیڤی ئەو تۆ دەداتە دەست کە تاقیکردنەوە تاڵ و تفتەکەی رژێمـی (لینینـی – ستالینی) و ئـەو سیاسـەتەی پیادەیـان کـرد، پـتر پابەنـد بـوون بـەو رەتکردنەوە و ئەلتەرناتیڤانەی پشتڕاست کردۆتەوە.

سێیەم:– هەوڵدراوە بەجۆرێکی تـر سۆسـیالیزم پێناسـە بکرێـت، کـە لەگەڵ هەلومەرجی رەوشی کۆمەڵگاکانی ئەوسای ئەوروپادا بگونجێت و ئـەو گـۆڕان و بارگۆڕینانـە، کـە بەسـەر سیسـتەمی سـەرمایەداریدا هاتوون لەبەرچاو بگیرێن.

بۆ نمونە: سۆسیالیزم لەنێو کۆڕو کۆمەڵە سیاسیەکاندا کاتی خۆی وا پێناسە کراوە، کە بریتییە لەوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان خۆماڵی بکرێن، واتا بکرێن بە موڵکی تێکڕایی کۆمەڵگاو موڵکداریێتی تایبەتی نەمێنێ بۆئەوەی لە کۆمەڵگاکان دا هیچ جۆرێکی چەوساندنەوە و دەست بەسەرداگرتن نەمێنێ. بەڵام ئەگەر مرۆڤ سەرنجی پەخش و بڵاوکروە و بەڵگەنامەکانی سۆسیال دیموکراتەکان بدات بە دەگمەن نەبێ بەلای سۆسیالیزم دا نەچوون و پتر پێیان لەسەر لایەنی کۆمەلایەتی داگرتووە. ئینجا لەسەردەمی (برنشتاین)ەوە بیر لە هەڵوەشاندنەوەی کەرتی تایبەتی و خۆماڵی کردن نەکراوە.

چوارەم:- بەلای سۆسیال دیموکراتەکانەوە دەوڵەت ئامرازی چەوساندنەوە و سود و قازانجی چینایەتی نیە، تێکدانی کەرتی تایبەتی ئابوری و دروستکردنی کەرتی گشتی، واتا دەرهێنانی سەرچاوەکانی بەرهەم هێنان لە ژێر دەستی سەرمایەداران و سپاردنی بە دەزگای ئەو دەوڵەتەی پارتی مارکسیستی دروستی کردووە، کێشەکە چارەسەر ناکات، چونکە میللی ترن واتا تێکدانی

بنــەمای موڵکـدارێتی تایبــەتی و دانـانی بنــەمای موڵکـدارێتی گشـتی ئــەرکێکی گــەورە بەدەوڵــەت و دام و دەزگاکـانی دەسـپێرێ، راهــی کردنو راپەڕاندنیان وا ئاسان نیە، ئەمە وا لە دەوڵەت ئـەکات ئـەرکی سەرەکی خۆی لەبیربچێتەوە.

موڵکدارێتی گشتی بەبێ دابینکردنی بنــەماو پراکتیـك و بنەڕەتــەکانی چالاکی دیموکراتیانە بنەمایـەك دادەڕێـژێت، بگـرە رێگـای چـڕکردن و بــەهێز و پتــەوکردنی دەسـەڵاتی نـادیموکراتی و تۆتالیتـاری دەوڵـەت خۆش دەکات و دەبێتە مایەی ئەوەی:-

١-دەوڵــەت کـۆنترۆڵی هــەموو شـتێك بکـات، دەسـت لــە کاروبـاری کۆمەڵگا وەربدات، تاکە کەسان و دیاردەکانی ژیـانی نەتــەوە و هێـزە بەرهەم هێنەرەکان بخاتە ژێر دەستی دام و دەزگاکانیەوە.

٢-دەوڵــەت ئــەرکی ســەرەکی خــۆی لەدەســت دەدات و دەبــێ بەدەزگایــەکی بەشـینەوەی موچــە و بــەخێوکردنی خــەڵك و لێـرەوە دەرگای گەندەڵی دەکرێتەوە.

٣-پشت ئەستور بەم خاڵە سۆسیال دیموکراتی لـەجیاتی بزوتنــەوەی کۆمەڵایـەتی - ئەگـەر بشـێ ئـەم چـەمکە سۆسـۆلۆجییە لـەم کایـەدا

بەکاربهێنین هانی (بزاوتی کۆمەڵایەتی) دەدات کە لە زمانی عەرەبیدا بەرامبەر دەستەواژەی (الحراك الاجتماعی) بەکاردێت.

ئەم بزاوتەی پتر پەیوەندی بەگۆڕینی شوێن و مەڵبەندی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی تاکە کەسە لێهاتووەکانەوە هەیە. دوور نیە کوڕە جوتیارێکی هەژار بەهۆی پەروەردە و خوێندنەوە ببێ بەکارمەندێکی بەرچاو لە دەوڵەت و کۆمەڵگادا. بزاوتی کۆمەڵایەتی، بەپێچەوانەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتیەوە، گۆرانی پۆست و مەڵبەندی تاکە کەسان دەگەیەنێ لەنێوان مەڵبەند و شوێنی جیاوازدا لە چوارچێوەی چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا، ئەم خاڵە گرێبەستی چارەنوسی نێوان سۆسیال دیموکراسی و سەرمایەداری ساغ و پشت راستدەکاتەوە و بگرە نیشان دەدات، کە ئەم رێبازە خۆی لە خۆیدا لە لایەنی رژێمێکی گونجاوو پەرەسەندووی مۆدێرنی سەرمایەداری بەولاوە نیە، لێرەدا بەهاندانی ئەم بزاوتە، کێشە چینایەتیەکە کاڵ دەبێتەوە، لەلایەکی ترەوە گۆرانی پلەو پایەی کەسانێکی سەر بەچینی هەژار و ژێر دەستە، بەرزبوونەوە و هاتنیان بۆ پۆست و مەڵبەندی کاریگەر و گرنگ لە دەسەلاتی دەولەت و کۆمەلگادا لە راستی هەبوونی جیاوازی

چـینایەتی و هـەژاری و چەوسـاندنەوە و دەسـت بەسـەر داگـرتن و کۆنترۆڵکردن لە چوارچـێوە گشـتیەکەیدا نـاگۆڕێ، ئەگەرچـی گـۆرانی بچـوکی هەنووکـەیی بکـات. بگـرە کێشـەکە کـە لـە چوارچـێوە گشـتیەکەیدا وەك خـۆی دەمێنـێ و گـۆرانی بچـوکی هەنـدەی تیـا دەکرێ.

٤–پێـداگرتن لەسـەر ئـازادی تاکـە کـەس دامەزرانـدن و رێکخسـتنی دیموکراتیانـەی کۆمـەڵگاو چارەسـەرکردنی کێشـە جۆربـەجۆرەکان بەڕێگای دیموکراتیانـە ئـەو چـەند خاڵـە سـەرەکیەن، کـە کەسـایەتی سیاسـی و مەعنـەوی سۆسـیال دیموکراتـەکان دیـار و دەسـت نیشـان دەکەن.

ساڵی (١٩١٨ز) کارل کاوتسکی لـە باسـێکی سـەرنج راکێشـدا بـەناوی (دیکتاتۆری پرۆلیتاریەت) سـەرنجی بـۆ لایەنـە لاوازەکـانی سیاسـەتە پراکتیزەکراوەکـانی (لیـنین) و شۆڕشـی ئۆکتۆبـەر راکێشـاوە و پێـی لەسـەر لایـەنی دیمـوکراتی داگرتـووە و تونـدوتۆڵ بەسۆشـیالیزمەوە گرێی داوە، کاوتسکی لەوێدا گوتویەتی:–

(بەلای ئێمەوە سۆسیالیزم بەبێ دیموکراتی لەکردن نایەت، ئێمە وا لە سۆسیالیزمی مۆدێرن دەگەین، کە تەنیا هەر دامەزراندن و ڕێکخستنەوە و ئۆرگانیزەکردنێکی رووت و سادەی بەرهەم هێنان نییە، بەڵکو بریتییە لە دیموکراتیانە ئۆرگانیزەکردنی کۆمەڵگا، سۆسیالیزم کەوا بوو بەلای ئێمەوە توندوتنۆڵ و بەبێ پسانەوە بە دیموکراتیەوە بەندە. هیچ سۆسیالیزمێك بەبێ دیموکراتی نیە).

ئەگەر سۆسیالیزم بەبێ دیموکراتی تەواو کامڵ نەبێ، ئەوا هەردووکیان بەتەواوەتی پێناسە نەکراون و ئەوەی لە پراکتیزەکردن دا دێتە پێشەوە پتر ریالیستی بەبابەتەکە دەبەخشێ، ئایا دیموکراتی لێرەدا مەبەست لە دەسەڵاتی میللەتە؟! بەهەر لایەکدا وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە سۆسیالیزم، تاوەکو ئێستا بەوشێوەیەی (کاوتسکی) خامەکەی بۆ خستۆتەگەڕ لە چوارچێوەی گریمانەو تیۆری نەچۆتە دەرەوە.

سۆسیال دیموکراتەکانیش باسی سۆسیال دەکەن ئەمەش واتای کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ، چارەسەرکردنی کێشەکان هەر لە کۆمەڵایەتیەوە، تاوەکو نەتەوەیی و ئابووری و سیاسی و.. تا دوایی،

بەرێگەیەکی دیموکراتیانە، ئەو بابەتە بووە، کە سۆسیال دیموکراتیەکان سەرگەرمی بوون. تائێستا لە هیچ بەرهەمێکی سۆسیال دیموکراتەکان دا بەرچاو نەکەوتووە، کە هەوڵی پراکتیزەکردنی سۆسیالیزمیان دابێ.

سۆسیال و سۆسیالیزم دوو شتی لە یەکتری جیاوازن، یەکەمیان بابەتی سۆسیال دیموکراتەکانە و ئەوی تریان بەرێکوپێکی لەلایەن مارکسیستەکانەوە قسەی لەسەر کراوە.

٥-سۆسیال دیموکراتەکان هەر لەسەرەتاوە پێچەوانەی (مارکس) بیریان کردۆتەوە و لەو باوەڕەدا بوون، کە گۆرانی رەوشی کۆمەڵگا لەسەرمایەداری بەرەو سۆسیال دیموکراتی بەبێ شۆڕش و بەڕێگای تری جیاواز لەوەی کە مارکس لە کتێبی (سەرمایەداری)دا باسی کردووە، دەکرێ و شیاوە، ئەوەیە ئەو جیاوازیەی سۆسیال دیموکراتەکان لەنێوان هەردوو رێگادا هەستیان پێکردووە، رێگای مارکسیەکان، کە بەڕێگای پەرەسەندنی ناچاری قانوونی سروشتیانە ناویان بردووە و رێگاکەی تر، کە بریتییە لە چالاکی و کاری سیاسی دیموکراتیانە، پابەندبوون بە قانوونە ئابووریە کۆمەڵایەتیەکان یاخود

پێـــداگرتن لەســـــەر ئـــازادی کـــارکردن، پەیوەنـــدی نێـــوان تیـــۆر و پراکتیكو.... تاد.

٦-سۆســـیال دیمـــوکراتی ئەگەرچـــی سەرچـــاوە و بنەمایـــەکی نێـــو نەتەوەیی هەیە، بەڵام هەمیشە تایبەتمەندی ئەو وڵاتەی تێیـدا چـالاك و دەست بەکار بووە و لەبەرچاو گیراوە. ئینجا ئەو ناوەندێتییەی هێز و ســـەرکردایەتی دیســـانەوە بـــەپێی ناوچـــە و دەڤـــەر و هەلومـــەرج و رەوشی سیاسی نەرم و نیانە و لەگۆڕاندایە، لە کاتێکدا هـەموو حزبـە مارکسیســـتەکان پابەنـــدی ناوەنـــدێکی دیـــاریکراو بـــوون بـــۆ نموونـــە (مۆسکۆ)، سۆسیال دیموکراتەکان لەوبارەیەوە سەربەخۆیی تـەواویان هەیە، هیچ جۆرە پابەنـدبوونێکی لـەم جـۆرە بەناوەنـدەوە لـە ئـارادا نیە.

(فردیناند لاسال) کـە بەدامەزرێنـەری سۆسـیال دیمـوکراتی ئـەڵمانیا دادەنرێ نمونەیەکی راستی ئەم قسەیە سـاغ دەکاتـەوە. لـە کاتێکـدا مارکسیســتەکان بانگیـان بـۆ نێونەتـەوەیی داوە و داوای یەکخســتنی کرێکـارانی هـەموو وڵاتانیـان کـردووە، (لاســال) ســەرگەرمی کێشــە

سەرەکیەکانی وڵاتەکەی خۆی بووە وەك (ئازادی، دیموکراتی، یەکسانی سیاسی و یەکگرتنی نەتەوەی ئەڵمان).

٧-سۆسیال دیموکراتەکان بەسەرکردایەتی (لاسال) هیچ کاتێك نەیانویستووە پەنا بەرنە بەر شۆڕش و توندوتیژی، هەڵوێستیشیان بەرامبەر بە دەوڵەت نەرێ و نێگەتیڤ و نالەبار نەبووە. لە کاتێکدا (لاسال) بە ئاشکرا لە پرۆگرامی ناسراو بە (وەڵامێکی کراوە) دا باسی کرێکارانی کردووە، یەکسەر رەوش و ئاوات و ئامانجی بزوتنەوەکەیانی بەتێکڕایی ئامانج و ئاوات و سەرجەمی میللەتەوە بەستۆتەوە و پێی لەسەر ئازادی و دابینکردنی دیموکراتی داگرتووە. لاسال لە پرۆگرامەکەیدا دوور لە شۆڕش و تێکدانی نەزم و سیستەمی سەرمایەداری داوای کردووە:

یەکەم:- بزوتنەوەیەکی سەربەخۆی کرێکاران هەبێت.

دووەم:-دابینکردنی مافی بە ئازادی هەڵبژاردن و دەنگدان.

سێیەم:-دامەزراندنی چەندین رێکخراوی هەرەوەزی بەرهەم هێنان.

لەدواییدا بزوتنەوەکە دەسبەرداری خاڵی (سێیەم) بووە و پتر پشتی بە خاڵی (دووەم) بەستوە، لەهیچ نوسراوو بڵاوکراوەیەکدا ساغ

نابێتەوە، کە سۆسیال دیموکرات خۆی بە بزوتنەوەی تەنیا چینی کرێکار دانابێ بەڵکو شۆڕشی خستۆتە لاوەو و (ئازادی – دیموکراتی) بە مەرجی سەرەکی گۆڕینی ژیرانەی رەوشی کۆمەڵگا داناوە.

٨–سۆسیال دیموکراتەکان بەپێچەوانەی (مارکس و ئەنگلس)، هەڵوێستی میانڕەویان بەرامبەر بە ئایین و دۆگما و دام و دەزگا و دامەزراوەکانی هەبووە، لە کاتێکدا مارکسیستەکان ئاینیان لەگەڵ مادەی سڕکەر و بێ هۆشکەر خستۆتە نێو دوو تای یەك تەرازووەوە و سەرگەرمی قەدەغەکردنی بوون.

ئەوان هەوڵیان داوە ئاین و سیاسەت لە یەکتری جیابکەنەوە و سەرگەرمی ئەوە بوون، کە ئاین و کڵێسە رێگە نەدرێن دەست لە کاروباری دەوڵەت و قوتابخانەو خوێندن و پەروەردە وەربدەن، بەڵام ئازادی بیروباوەڕ و ئاینیان پاراستووە.

٩–لاسال هەڵوێستی بەرامبەر بە دەوڵەت و دەزگاو رۆڵی لە ژیانی کۆمەڵگادا بەپێچەوانەی هەڵوێستی مارکسەوە بووە، لە کاتێکدا مارکس دەوڵەتی بەئامرازێکی چەوساندنەوە داناوە، کە لەلایەن چینی دەسەڵاتدارەوە بەکاردەهێنرێ.

دەوڵەت ئەنجامێکی پەرەسەندنی کۆمەڵگای فرە چینەو رەوشی ئەو کۆمەڵگایە دەردەبڕێ، لەگەڵ گۆڕینی رەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کۆمەلگادا دەبێ، بەهۆی شۆڕشەوە، دەوڵەتیش، کە ئامرازوی دەستی چینی دەسەڵاتداری چەوسێنەر بووە لەناوبچێ، چونکە دەوڵەت بەهیچ جۆرێك بەپێی سروشتی پێکهاتە و ئەرکی سەرشانی لەتوانایدا نیە نێوان چینە جیاوازەکان چاك و خۆش بکات، بەڵکو ئەو چەوساندنەوە و زۆر و جەورە بەهۆی قانونەوە رەوا دەکات، ئەوا سۆسیال دیموکراتەکان لەو باوەڕەدا بوون، کە دەوڵەت (فۆرمێکی لەباری رێکخراوی کۆمەڵگایە).

ئامانجی دەوڵەت ئەوە نیە موڵك و ماڵ و ئازادی هەندێ کەس بپارێزێ، بەڵکو ئەرکی سەرشان و ئامانجی دەوڵەت پتر ئەوەیە هۆکاری دیسپلین و ئۆرگانیزەکردن و رێکخستن بێت، یارمەتی تاکە کەسەکان بدات لە رەوشێکدا بن ئەو شتانە بەدەست بهێنێ، کە بەتەنیا بۆ خۆیان توانای بەدەستهێنانیان نەبێ، وەك تێکڕای پەروەردە و خوێندن و هێز و توانا و ئازادی، هەروەها دەکرێ

دەوڵـەت وەك ئـامراز و ئامێرێـك بـۆ چاكسـازی و گـۆڕینی پێكهاتـەی ئابووری سودی لێوەربگیرێ[22].

[22] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (١٦٢).

# بەشی پێنجەم:
# دیدو بەهاکانی سۆشیال دیموکرات بۆ جیهان و کۆمەڵگای نوێ

## باسی یەکەم: بەهاکانی سۆشیال دیموکرات لە ئاستی جیهانیدا

سۆشیال دیموکراتەکان لە هەوڵی رووبەڕووبونەوەی تەحەدا نەتەوەیی و نێودەوڵەتیەکانی ئەمڕۆدان لە رێگەی بەهاکانی (ئازادی، یەکسانی، هاریکاری) یەوە کە تایبەتمەندی بەرچاون لەوەی فێری بووبن لە ئەزموونی سیاسی و لە متمانە بە بەهێزی بە کۆمەڵگەی دیموکراتیك.

لە بژاردەیەك لە پرۆگرامی حزبە سۆشیال دیموکراتیەکانی وڵاتانی پێشکەوتوودا ئەوە دەخوێنینەوە کە:-

پێویستە بەهاکانمان رەنگ رێژی کردەوەکانمان بکەین لە هەموو بارودۆخێك دا، کاتێك ئێمە رووداوەکانی جیهان هەڵدەسەنگێنین، بەتەنیا یان لەگەڵ ئەوانی تردا بڕیار دەدەین.

یان کاتێك لە رێکخراوە نێودوڵەتیەکان دا گیرۆدە دەبین، ئەوا هەرگیز ناتوانین دەستبەرداری بەهاکانی (ئازادی و یەکسانی و هاریکاری) مان بین. پێویستە هەمان پێوەر بۆ هەر شوێنێك کە ئێمەی لێین و

پیادە بکرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی جەستە، دەوڵەت یان هەر هێزێك، گرنگ نیە چۆن کاردەکات یان خەڵکی بەچیەوە گیرۆدەن.

پرۆگرامی پارتی سۆشیال دیموکراتی سویدی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمرۆ خەڵکی بەهۆی چین و رەگەز و رەچەڵەکی ئەتنیکیانەوە سەرکوت دەکرێن، سیاسەتی جیهانیمان وەکو سیاسەتی نەتەوەییمان تەرکیز دەخاتە سەر لێپرسراوێتی مرۆییمان بۆ شەڕکردن لە دژی دابەش بوونە چینایەتیەکان، دابڕان لە رۆڵە جێندەرە نەرێنیەکان، شەڕکردن لە دژی راسیزم و هێرشەکانی تری سەر (شایستەیی، شکۆ و مافە یەکسانەکانی هەر کەسێك).

بەها بنچینەییەکانی سۆشیال دیموکراتی سویدی کە لەسەر (سێ) پایەی سەرەکی وەستاوە ئەوانیش:-

**یەکەم:- کەلتوری دیموکراسی:-**

دڵنیایی لە رێکخراوی دیموکراتی کۆمەڵگەدا دڵ و گیانی سۆشیال دیموکراسیە، وەك بڵێی لەسەر ئەو بەهاو ئەزموونە دامەزراوە کە پشتیوانی لە پێشکەوتنەکانی ریفۆرمیزم دەکات، هیچ رێکخراوێکی

کۆمەڵایەتی ناتوانێت لاستیکی بێت ئەمە ئیرادەی سەربەستی خەڵکی بنیات نانێت بۆ دروستکردنی کۆمەڵگە، ئەو کەلتوورە کۆمەڵایەتیەی کەوا لە کۆمەڵگە دەکات جێی متمانەو ئارامی بێت بۆ بەشێکی گەورەی خەڵکی، گرنگیەکی زۆری هەیە، مۆدیلی کۆمەڵایەتی سویدی بۆ ماڵی خەڵك، دەربڕینێکە بۆ ئەو مەیلە، ئازادی زۆرینە، یەکسانی و هاریکاری لە پرەنسیپە رێنوێنیەکانن.

ئەمڕۆ گەلێك لەو کۆمەڵگایانەی لەرووی کۆمەڵایەتیەوە نەرێنین، لاوازکراون و کەوتوونەتە بەر تەحەدا سەختەکان.

هۆکارەکان لە بنەڕەتەوە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤن، هەلومەرجە تەکنەلۆژی و زانیاری و ئابوریە نوێکان چانس دەدەنە خەڵکی زیاتر بۆ سۆراخکردنی ئەو دەرفەتانەی کە بەجیهانیبوون پێشکەشیان دەکات کە گەلێك لە ئێمە لە ئابوریە پێشکەوتووەکان دا بەهەند وەریدەگرن. لە هەمان کات دا لەبارێکدا لە کۆمەڵگەی نوێ لەو دیو سنورە کەلتووری و جیۆگرافیەکانی پێشوودا دروست دەبن،

مەترسی ئەوە هەیە کە کۆمەڵگە نوێکان شیببنەوە خـەڵکی چـیتر بـە ئاسـانی لەگـەڵ کۆمەڵگەیـەکی کـار، ناوچـەی نیشـتەجێبون، یـاخود تەنانەت دەوڵەتی نەتەوەییدا هاوشێوە نابنەوە.

بەتاك کردنو بەتایبەت کردن و هێزی پەرتەوازە دەبنە سیمای نوێ و لێـرەوە ناسـنامەی نـوێ و رێسـا بـۆ پەیوەنـدی کردنـی مرۆیـی و بـۆ دەرکەوتنی شێوە کەلتوورەکان دروست دەبن.

لەماوەی رابردوودا ئازادی سیاسی خەڵکی لـە سەرتاسـەری جیهـان دا پەرەی سەندووە، چانسی کاریگەری خستنە سەر بڕیارە سیاسیەکان لێرەوە بـەهێز بـووە. بـایی پێویسـت و بەشـێوەیەکی پارادۆکسـیکاڵ (ناکۆك) فەزای کاریگەری سیاسی بـەر تەسـك بووەتـەوە. لـە هـەمان کـات دا، لـە بارێکـدا کـە دیموکراسـی زیـاتر لـە هـەموو کـاتێکی تـر بڵاودەبێتەوە، ئەمیش تەنك و لاوازتر بووە.

میدیای بنیاتنراو لەسەر ئایدیاکان بزر بووە لە کاتێکدا کە میدیایـەکی نوێ دەرکەوتووە، بەڵام لە جیهانی میدیای نوێدا ئەوەی گرنگە بـەزۆر دابەزیوەتە ئاستی نا گرنگییەوە، جیاکردنەوەی دەنگی بیرکردنـەوەی

ژیرانە زۆر ئەستەمتر بووە لە دەنگی بەرز و بێ بایەخ، خەڵکی وازیان هێناوە لە گوێگرتن یاخود لەوەی کەوا بکەن دەنگیان ببیسترێ.

خێرایی و لۆژیکی بازرگانی لە زۆر رووەوە دەرکەوتنی رووکەشی ووروژاندوە، لە هەمان کات دا زانیاری قوڵتر لەبەردەستی خەڵکێکی زیاتردایە. بەڵام لە قەڵەمڕەوە ئیمتیازیەکان دا توند کراوە.

سەرچاوەکان، بەتایبەت بۆ زۆربەی میدیای هەواڵ کەمتر بوونەتەوە و زیاتر بونەتە بازرگانی. میدیا گشتی و تایبەتیە کۆنترۆڵکراوەکان وەکو ئامرازە دەستکردەکانی دەسەڵات بەکاردەهێنرێت.

لە نەبوونی کەناڵە ئەڵتەناتیڤەکان دا زانیاری تاك رەهەند بە زەحمەت شەڕی لەگەڵ دا دەکرێت.

زاڵبوونی ئینگلیزی لە پەیوەندی کردنە نێودەوڵەتیەکان دا، لە بوارە زانستەکان دا ئەوە هەر هیچ، لە بواری سەرگەرمی و ئەنتەرنێت دا لەسەر ئاستی نێودوڵەتیدا کردارییە، رێك هەروەکو چۆن تەکنۆلۆژیای زانیاری نوێی هەرزان و شیاوی دەست پێگەیشتن، دەرفەتگەلی نوێ دابین دەکەن.

ئەوە تەحەدایەکی دیموکراتییە کە هەموو کەسێك بەشداری پێ بکەی لەدەست پێگەیشتن بەزمانی نوێ و تەکنەلۆژیای زانیاری نوێ لە بارێکدا کە قولّی و دەولّەمەندی زمانەکەی خۆی پارێزراو دەبێت و پێشبکەوێت [٢٣].

## دووەم: مافەکان و ئازادی مرۆڤ:

رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ پێشمەرجێکی دیموکراسی و گوزارشتێکی بەها بنچینەییەکانی سۆشیال دیموکراسییە. مافەکانی مرۆڤ بەوجۆرەی کە لە راگەیاندنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی سالّی (١٩٤٨)و لە پەیماننامەکانی تردا دەربڕدراوە، هەمەکێکی پێشێلنەکراو پێکدەهێنن.

وێڕای ئەو راستیەی کە هەموو دەولّەتەکان دانیان ناوە بە جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ دا، پێشێلکردنی ئەو مافانە هەموو کاتێك و بەشێوەیەکی ئەنقەست روودەدەن. ئەو مافە سیاسیانەی کە مافی

[٢٣] نامیلکەی (جیهانێکی دادپەروەر شیاوە) وەرگێڕانی لە ئینگلیزی (کارزان کاوسین) – زنجیرەی بیری سۆسیال دیموکراتی ژمارە (٧) .

کاریگـەری خستنەسـەر گەشـەپێدانی کۆمەڵگـە دەدەنـە هاوڵاتیـان، خراونەتە ژێر پێ. لە کاتێکدا کـە پاراسـتنیان لـە سـێبەری یاسـادا و برەوپێدانیان هەرگیز زیادی نەکردووە. کۆنزەرڤاتیڤ و لیبراڵەکان بـە ئامادەییەوە ئەو مافە کۆمەڵایـەتی و ئـابوری و کەلتوریانـە فـەرامۆش دەکەن کە پێوسیتان بـە لێپرسـراوێتیەکی مرۆیـی بـە کۆمـەڵی چالاك هەیـە بۆئـەوەی بەرجەسـتە بـن. ئـەوان بەتـەنیا ئازادیـە سیاسـیە رەسمیەکان قبوڵ دەکەن. لە لایەکەی ترەوە ئایـدیای کۆمۆنیسـتی و فەندەمێنتالیسـتی ئـایینی و ئایـدیای تـری تۆتالیتـاری و ئـەو کۆمەڵگایانە هەن کـە بـە ئەنقەسـت مـاف و ئازادیـە تاکـە کەسـیەکان پێشێل دەکەن لەسەر بنەمای ئەو خەیاڵ پڵاویەی کە ئەوان خزمـەتی ئامانجێکی باڵاتر لە ئایندەدا دەکەن.

سۆشیال دیموکراتەکان پێـداگری دەکـەن لەسـەر ئـەوەی کـە مـاف و ئازادیـە مرۆیـی و سیاسـی و ئـابوری و کۆمەڵایـەتی و کەلتوریـەکان هەمەگیر، نەبینراو و تاکە کەس بن، نابێـت لـە لایـەن هـیچ دەوڵـەتێك یان بکەرێکی ترەوە پێشێل بکرێن. هـەنگاوی گـرنگ بـەرەو پێشـەوە بریتییـە لــە شـیمانەی خسـتنە ژێـر لێپرسـینەوەی تاکـەکان لــە

چوارچێوەی کاری دادپەروەری نێودەوڵەتیدا بۆ تاوانکاریەکانی دژی مافەکانی مرۆڤ.

مافەکانی ژنان هەمیشە لەژێر مەترسی دا بووە و لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا لە کەلتورێکی نەریتی (traditonal) ی ژێر فەرمان دا سەرچاوەی گرتووە، هەرچەندە بەشێوەی جیاجیا دەرکەوتووە.

یەکسانی لەنێوان پیاوان و ژنان دا کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ناوەندییە بۆ هەردوو رەگەزی پیاوان و ژنان. هێنانە کایەی دەرفەتی یەکسان، ماف و ئەرك لە گەلێك رووبەری ژیانی کۆمەڵایەتی دا، گۆڕان بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

نە لە کۆمەڵگەی ئێمە و نە لە هیچ کەلتورێکی تردا ناتوانرێت هیچ جۆرە پێشێل کردنێك قبوڵ بکرێت، ژنان بەچاوپۆشی کردن لەوەی کە چیان دەوێت، ئەگەر پیاوەکانیان بمرن وەکو کەلوپەل بۆ خزمانی پیاوەکانیان دەستاودەستیان پێ دەکرێت.

خەتەنەکردنی مێینە و کوشتنیان بە پاساوی شەرەف، ئەمانە نمونەی ئەو نەریتانەن کە پێویستە نەهێڵدرێن.

پێویستە لە هەموو رووبەرێکی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ژنان هەمان ئەو مافانەی پیاوانیان بدرێتێ، پێگەی ژن لە ژێر فەرمان پێکردندا هەڕەشەیەکی شێلگیرانەیە لە گەشەسەندن.

هەژاری و زیانی بونیادی، واتە ئەمەی کە ژنان و منداڵان رووبەڕووی مەترسی تایبەتی کەوتنە بەر شێوە ترسناکەکانی بازرگانی کردن بەمرۆڤ و بەکاربردنی سێکسی ببنەوە. ئەمە پێشێلکردنی دیار و بەرچاوی مافە مرۆییەکانە. ئەمە هۆکارێکی ترە بۆ شەڕکردن لە دژی هەژاری و بەهێزکردنی مافەکانی ژنان و منداڵان.

پێویستە ئەم کارە هەم لەسەر ئاستی نەتەوەیی و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی جێبەجێ بکرێت. پێویستە رۆڵی پیاوان و ئەو توندوتیژیانەی کە لە لایەن پیاوانەوە ئەنجام دەدرێن زیاتر بیری لیبکرێتەوە، پێویستە جیاکاری بەرامبەر نیوەی مرۆڤایەتی بەدیار بخرێت و شەڕی لەدژ بکرێت.

پێشێلکردنی مافەکانی منداڵان بەربڵاوە بەتایبەتی لەو دۆخەدا تاڵە کە قوربانیەکان هیچ رێگەیەکیان نیە بۆ خۆپاراستن.

بەزۆری ئەوە پارێزگارەکانیانن کە تاوانەکان ئـەنجام دەدەن و (مـاڵ) سناریۆی تاوانەکەیە، هەمان ئەو دۆخەش رووبەڕووی ژنان دەبێتەوە. کاتێك منداڵان لەبری پەروەردەکردن و چاودێری و فێرکردنێکـی بـاش هەر لە زووەوە بەکاردەبرێن، ئـەوا کارەسـاتێك بـۆ هـەردوو قوربـانی و کۆمەڵگــە بەگشــتی دەقــەومێ. پێویســتە شــەڕێکی تونــد لــە دژی کارپێکردنی منداڵان و شێوەکانی تری کۆیلایەتی، هـەموو شـێوەکانی بــەکاربردنی سێکســی، بــەکارهێنانی منــداڵان لــە جــەنگ و تــاوان و قاچاخچێتی بە خەڵك و بازرگانی کردن بە منداڵان و ئەندامەکانیانـەوە بکرێت. ئەگـەر دەوڵـەتان خۆئامادەنەکـەن بـۆ کردەوەیـەك بەرامبـەر بەمە. ئەوا کارەکە دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بۆئـەوەی دەستپێشــکەری بکــات. بــۆ هــەر هــەنگاوێکیش لــە پاراســتن و بەرەوپێشبردنی پەیماننامەکانی مـافی مرۆڤـی نەتـەوە یـەکگرتووەکان کە بنرێت بێ شك و گومان سۆشیال دیموکراتـەکان چـالاکترینیانن لـە پەرەپێدانیان.

لە جیهانێکدا کە دانپێدانان و شوناس و ئاسایش و نفوز پێویسـتن بـۆ بەرگری کردن لە بەرژەوەندیەکانی تاك و تیایـدا ئەمانـە گرێـدراون بـە

دەوڵەتە نەتەوەییەکانەوە، مافەکانی ئەوانەی کە بێ دەوڵەتن لـە ژێـر مەترسیەکی کاریگەردایە.

یەکێك لە تاوانە هەرە بەرفراوانەکان لە ئەوروپادا لـە مـاوەی سـەدەی رابردوودا بریتنی بوو لە قڕکردنی جولەکـە و قـەرەج و گروپـەکانی تـر کە نازیەکان رقیان لێیان بوون. ژیانیـان و بـەهاو شـکۆیان لێسـەندرا، چونکە بەگوێرەی نازیەکان ئەوان لە کۆمەڵگەدا نەدەگونجان.

لـە هـەمان کـات دا ئـەوروپا لـە میراتێکـی کـەلتوری بێبـەری کـرا کـە گرنگیەکەی ناخـەملێنرێت. ئەمـە لـە ئەوروپایەکـدا روویـدا کـە تیایـدا مەیلـە ئیمپراتۆریـەکان لەگـەڵ توندوتیـژی دا بەرقـەرارکران هاوشـانی ئارەزووی فەرمانڕەوایەتیکردنی خەڵکێکی زۆر.

زۆربەی گروپە ئەتنیەکان، بەچاوپۆشـی کـردن لـەوەی کـە لـەناو یـان دەرەوەی سـنورەکاندا بڵاوبونەتـەوە. ئـەزموونێکی مێـژوییان هەیـە وەکو کەمینە یان هەندێ جار زۆرینـە. وەکـو قوربـانی جیاکردنـەوەی توندوتیژانەی کەمتر یا زۆرترین سەرکوت کران و چەوسانەوە.

وێڕای هەموو ئەمانە، ئـەمڕۆ هـەمان ئـەو تاوانانـە لـە نزیکـەی هـەموو شوێنێك ئەنجام دەدرێن، ئەم کردەوانە لـە جیهانێکدا کـە بانگەشـەی دانپێنانی ئازادی و لێبوردن و شکۆی مرۆڤ دەکات — قبولّ ناکرێن. کوشـتن و بـەکاربردن هەمیشـە کـاری هەڵـەن، ئەگەرچـی لـە لایـەن دەوڵەتــەوە و بــەناوی دادپەروەریــەوە جێبــەجیّ بکـرێن. لەبەرئــەوە ئێمەی سۆشیال دیموکرات بوێرانە خـەباتمان لـە دژی سـزاو ئـازاردانی گەورە درێژە پیّ دەدەین[٢٤].

## سێیەم: ڕێزگرتن لە فرەیی:-

خوێندن و زانینی بەربڵاو گرنگن، ئەگەر مەبەستییان ڕێزگرتنی نەریت و کەلتور و ئاینەکان بێت. نەبوونی ڕێز و تێگەیشتن سەردەکێشـن بـۆ راســـیزم و زینۆفۆبیـــاو هۆموفۆبیـــاو فەنـــدەمێنتاڵیزمی ئـــایینی.. دیموکراسی و ئاشـتی و سیسـتـەمێکی کۆمەڵایـەتی بـاش لـە یەکـەمین قوربانیەکانی دەبن.

[٢٤] چاپ کراوی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك) ساڵی (٢٠٠٨) — چاپی یەکەم — لاپەڕە (٦٢) .

له لایەکی ترەوە ڕێزگرتن و تێگەیشتن بەو مانایە نیە کە ئێمە وەکو سۆشیال دیموکرات دەستبەرداری بەهاکانی (ئازادی و یەکسانی و هاریکاری) مان بین.

ناکرێ تاوانەکانی دژ بەم بەهایانە لەسەر ئاستی ئایدۆلۆژی و نەریت و کەلتوور یان ئایین هەرگیز قبوڵ بکرێت.

گرنگە ئێمە تێبگەین و بزانین کە خاڵی جیاواز و تەنانەت جیاوازی گەورە لەناو کەلتوورێك یان ئایینێك هەیە. هیچ کەلتوورێك یان ئاینێك ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە بێباکە بەرامبەر بەها مەزنەکانی وەکو دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ. لەبەرئەوە پێویستە هەمان ئەو ئاراستە بنەماییانە پیادە بکرێت کاتێك قسە لەسەر مافەکانی هاووڵاتیان وەکو ئازادی دەربڕین و هەڵبژاردنی ئازاد و لە کاتی خۆیدا و میدیای ئازاد و مافە یاساییەکانی تاکەکان دەکرێن.

تەنیا بەم کارە دیموکراسی ئەورووپی توانیویەتی فاشیزم و توندڕەوی ببەزێنێت.

ئایدیا کۆنزەرفاتیفەکان (محافزکارەکان) لە گۆشەنیگای کـەلتووری و سیاسـی و ئایینیـەوە لـە ململانێـی نێـوان شارسـتانیەتەکاندا گەڵاڵـە کراون..

لـەبری پەرەپێـدانی بـەهای جیهـانێکی فرەلایـەن کـە لەسـەر بنـەمای دیموکراسی بنیاتنرا بێت. پێویستە ئەم ئایدیایانە وەلا نرێن.

ئێمەی سۆشیال دیموکرات قەناعەتمان بەوە هێناوە کە دیالۆگ و رێـز بەیەکـەوە هـەڵکردن و ژیـری گشـتی دەتـوانن جیاوازیـەکان و دابـەش بوونەکان کۆنترۆڵ بکەن.

هەلنەکردنی فەندەمێنتالیستی و نەبوونی رێز سەردەکێشن بۆ دابـەش بــوونی قــوڵ لــە پەیوەندییــەکانی نێــوان خــەڵك و نەتــەوەکان و شارستانیەتەکان.

سەرکردایەتی سیاسی ژیر لە بـری ئەمـە دەتوانێـت جیهـان بـەم فـرە رەنگیە دەوڵەمەند بکات.

فەندەمێنتالیزم کە دەشێت توندڕەویەکی توندوتیژانەی لێبکەوێتـەوە شتێکە کە لە هەموو ئایینەکانی جیهان دا هەیە. ئەم فەندەمێنتالیزمە دەربڕینی فەلسەفەیەکی مرۆڤە کە نامۆیە بەدیموکراسـی و هیومـانیزم

و هەڵکردن. پێویستە هەنگاونان بۆ رووبەڕووبونەوەی ئەم توندڕەویە دەست پێ بکات و لە لایەن سەرکردە سیاسی و ئاینیەکانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، نەك ئەمەی کە بێتە هۆکاری لەیەکتر دوورکەوتنەوەی ئاینەکان.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا تیرۆریزم بەناوی ئیسلامەوە زۆرترین سەرنجی بەلای خۆیدا راکێشاوە بەهۆی کردەوەکانی توندوتیژیەوە.

زۆرینەیەکی گەورەی موسڵمانان دژی ئایدیای ئیسلامی کۆمەڵگایەکی کۆنترۆڵکراوی ئایدۆلۆژی و ئایینی و هەوڵی تێکەڵکردنی ئیسلامن لەگەڵ بەهاکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و دادپەروەری کۆمەلایەتی.

بەجیهانی کردن ئاگاییەکی گەورەتری بەدوادا دێت لەمەڕ ئەو راستیەی کە ئێمە جیهان بەشێوازی جیاجیا دەبینین. نەك تەنیا جیاوازیە ئایدۆلۆژی و سیاسی و ئابوریەکان. بەڵکو جیاوازیە کەلتوریەکانیش ئاشکرا دەبن، کاتێك کە خەڵکی و کۆمەڵگاکان بەدوای وەلامدانەوەی پرسیارە هەمیشەییەکانی وەکو (ئێمە کێین و

بـۆ لێـرەین) دا دەگـەڕێن ئـەوا ئـەوان بـەزۆری ئـەو شـتەی کـە بـۆ وەڵامدانەوە بەردەستترە بەکاردەهێنن.

ئێمە خۆمان لە ڕێگەی میرات و چین و ئایین و زمان و مێژوو، بەهاکان و داب و دامەزراوەکانمانەوە پێناسە دەکەین.

ئێمـە خۆمـان لـە نـاو گروپـە ئەتنیـەکان و نەتـەوەکان و هۆزەکـان و کۆمەڵە ئایینییەکان یان شارستانیەکان دا ڕێك دەخەین.

شوناسـەکانمان دەبنـە بەشـێك لـە سیاسـەت و دەشـێت لـە لایـەن سـەرکردە سیاسـیەکانەوە بەشـێوەی پـۆزەتیف یـان نێگـەتیڤ بەکاربهێنرێن.

لەبەرئەوە جوڵەیەکی تاکلایەنە بەرامبەر شارستانیەتی پێشکەوتوو نە جێی متمانەو قبوڵکراوە نە ئارەزوومەندانەشە[٢٥].

[٢٥] هەمان سەرچاوە – لاپەڕە (٦٥) .

## باسی دووەم: دیدی سۆشیال دیموکرات بۆ کۆمەڵگای نوێ:

**دیموکراسی:–**

هەلومـــەرجی ژیـــانی تاکـــە کەســـان لـــە زۆر رووەوە پابەنـــدە بـــەو کۆمەڵگەیەوە کەتیایدا دەژین. هـەر لێرەشـەوەوە پێداویسـتی بـوونی دیموکراسـی دێتـە ئـاراوە، دەبـێ هـەموان هـەمان مافیـان هـەبێ بۆ کارکردنە سەر ئەو شتانەی نرخیان هەیـە بۆ سـەر ژیـانی تایبـەتیان. هەرگیز ناکرێ ژیانی تاکە کەسان بە بڕیاری سیاسی ئاراسـتە بکـرێن. بـەڵام لـە ڕاسـتیدا سیاسـەت بڕیـار لـە زۆر لـەو بوارانـە دەدات کـە پەیوەندیان بە ژیانی تایبەتەوە هەیە.

ژیـانی تـاك و کۆمـەڵ لـە پرۆسـەی دیموکراسـیدا یەکـدی دەگرنـەوە. ویست و قەناعەتی هاووڵاتیان مـاکی گـۆڕینی کۆمەڵگەیـە. دیمـوکراتی پرۆســـەیەکە بـــۆ بڕیـــار وەرگـــرتن ســـەبارەت بـــەو شـــتانەی بـــەلای هاووڵاتیانەوە گرنگن، دیموکراتی پێویستی بە سیستەمی فرە حزبی و هەڵبژاردنی گشتییە. دیموکراتی هەر شێوازێکی حوکم یان ڕێکخسـتنی

کاروبــاری بڕیــاردان و جێبــەجێکردنیان نیــە. بــەڵکو دیموکراســی سیستەمێکی ئەخلاقیە، کە دەبێ بەناو هەموو ژیانی کۆمـەڵگادا شـۆڕ بێتەوە و بەردی بناغەی ئەم سیستەمەش بەیەك چاو تەماشـا کردنـی مرۆڤەکانە، کە هـەموو وەك یـەك بایـەخیان پـێ بـدرێ. ئـەم بنەمایـە بەهاییــە، مــافی بەشــداربونی یەکســانی لــە کاروبــاری کۆمەڵگــەدا دەبەخشێ بەهەمووان.

ئازادی و مافەکانی هاووڵاتیان خاڵی سـەرەکی پێکـدەهێنن، بـەڵام لـە هەمان کاتیشدا دەبێ لەسەر بناغەی مافی تاکە کەس بۆ گەشەکردن و ئارامی کۆمەڵایەتی و هاوبەشی لە ژیانی کار و کەلتووردا دابمەزرێ.

هەروەها دیموکراسی داوا لە هەمووان دەکات کە مافە دیموکراتیەکانی ئــەوانی تــر پەســەند بکــات، کــە بەشــی خــۆی لێپرســراوێتی بەرامبــەر کاروبـاری کۆمەڵگــە بگرێتــە ئەسـتۆ و رێـزی بڕیارەکـانی بگـرێ گــەر تەنانەت وەك خواستە تایبەتەکانی خۆیشـی نـەبێ. دیموکراسـی مـافی ئەوە دەدات کە بیروباوەڕی خـۆت دەربـبڕیـت و باسـی لەبەرژەوەنـدی خۆت بکەیت، بەڵام ئەرکی ئەوەشت بەسەردا دەدات کە گـوێ لـەوانی تـر بگریـت. دیموکراسـی کۆتـایی بـەدژەکان و ناکۆکییـەکان نـاهێنێ،

بەڵام داوا لە هەموان دەکات کە ئامادە بن ئەو ناکۆکیانە تەنیا بەشێوازی دیموکراسییەکان چارەسەر بکەن.

بڕیار لەسەر دانانی جێبەجێکەرانی دیموکراسی تەنیا دیموکراسی خۆی دەبێ. هەموو دەسەڵاتێکی ناو کۆمەڵگە دەبێ لەو مرۆڤانەوە هاتبێ کە کۆمەڵگەکە پێکدەهێنن. نەك بەهۆی یاسای بەناو مافی سروشتی کە هێڵی جیاکردنەوەی نێوان سیاسەت و بازاڕە. ئەم هێڵی جیاکردنەوانە دەبێ دیموکراسی خۆی دیاریان بکات. مافی مرۆڤ سنورێکە کە بڕیارە سیاسیەکان هەرگیز نابێ بیبەزێنن. بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەر دیموکراسییە دەتوانێ ئەم مافانە دەستەبەر بکات. پاراستنی توندوتیژی تاکە کەس و مافی کەمایەتیەکان بەتەواوی لە ئەستۆی بەها دیموکراسیەکانە.

هەروەها دیموکراتی پشت بە دابەشکردنی دەسەڵات دەبەستێت، کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندێکدا جا بەدەست هەر گروپێکەوە بێ، هەمیشە دژی دیموکراسیە.

پێویسته بەچەندین جۆر و رێگا و لە بوارە جیاوازەكان داو بە جیاجیا دیموكراسی پیادە بكرێ. دەبێ مرۆڤەكان توانای كاركردنە سەر كۆمەڵگە بەگشتی و ژیانی رۆژانەی تایبەتی خۆیان هەبێ.

وەك لە خوێندنگەكان و نەخۆشخانەكان و دەزگاكانی نیشتەجێ كردن و ترافیك و ژینگەی دەوروبەر، بنیاتنانی پرۆسەی دیموكراسی لەسەر هێز و ویستی هاوڵاتیان سەبارەت بە بەشداری بوونیان لە گۆڕانكاری و چالاكییەكانی ناو كۆمەڵگە، حەزكردن بەكاری داهێنەرانە، زیادبوونی زانیاری و هەست بە بەرپرسیارێتی هەبێت. ئەم وزە و توانایەی تاكە كەسان نە بەهێزە بازرگانیەكان و نە بە ئۆرگانە بیرۆكراتییەكانی كۆمەڵگە ناتوانرێ بخرێتە گەڕ. بەڵكو بەویستی مرۆڤەكان دەبێت. دەبێ كاروباری كۆمەڵگە هەمیشە بە پشت بەستن بە باوەڕبوون بەمافی هاوڵاتیان بۆ بەشداربوونی چالاكیەكانی كۆمەڵگە و رێكخراوە تایبەتیەكان بە بزوتنەوە جەماوەریەكان و لە ئەستۆ گرتنی بەرپرسیارێتی هاوبەش بێ. ئەو بڕیارانەی سەبارەت بە بەرژەوەندیە هاوبەشەكان دەدرێن، چ لەسەر ئاستی دەوڵەت یان شارەوانیەكان و پارێزگاكان دا دەبێ لە چوارچێوەیەكی گشتی و

هەمەلایەن دا دابڕێژرێن و ئەگەر ئالۆزی و کێشەش بێتەڕێ دەبێ لە لایەن ئەو نوێنەرانەوە چارەسەر بکرێن کە خەڵك دەنگی بۆ داون و لەبەردەم خەڵك دا بەرپرسن. ئەویش بەپێی ئەو بەها سیاسییانەی نوێنەرایەتییان دەکەن. بەڵام ئەم شێوازی دیموکراتیە بەردەوام پێویستی بەگفتوگۆی گەرم وگوڕ و هاوبەشی چالاکانەی خودی هاوڵاتیانە.

ئەم پرۆسە دیموکراتیانە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە پێویستی بە شەفافیەت و چاودێرییە بە یاساو دەستوری روون و دادپەروەرانە. واتە ئەرکی سیاسی و کارگوزاری نێو نێوەند و فەرمانگە فەرمیەکان دەبێ بەهەمان هەلومەرج و لەبەردەم گشت هاووڵاتیان دا کراوە بێ. وەك ئەنجامێك بۆ ئەم داوا گشتییەی کۆمەڵگە ئەوا سۆشیال دیموکراتەکان دەیانەوێ کار بکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی کۆن و نادیموکراسی و دامەزراندنی سیستەمێکی پێشکەوتووی دیموکراسی کە تیایدا حکومەت لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت. ئەم گۆڕانکاریانەش وە کو هەموو گۆڕانکاریە دیموکراتیەکانی تر پێویستی بەدەنگی زۆرینەی خەڵکە.

سۆشیال دیموکراتی وەك بزوتنەوەیەکی جەماوەری پەرەی سەندوە و هەموو کاتێکیش چالاکیە جەماوەریەکان بەردی بناغەن بۆ کارە سیاسیەکان.

هەربۆیە دەبێ بەردەوام ئەو هێزە جەماوەریە نوێیانە کۆبکرێنەوە و لە دەوری رێبازی سۆشیال دیموکراتی دا رێك بخرێن و جوڵە و بزاوتێکی دیموکراسیانە دروست بکرێ دژ بەو نایەکسانی و گرفتە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆدا سەرهەڵدەدەن.

دیموکراتی پێویستی بە هاووڵاتی چالاك و بزوتنەوە جەماوەریە کۆن و نوێکانە. پێویستی بەرێکخراوە پیشەیی و جەماوەری و میللیەکان و بەو وزەو هێزی گۆڕانکاریانەیە کە لە گفتوگۆی هاوبەش و کاری هاوبەشی هاووڵاتیانەوە دێتە گۆڕێ، هەربۆیە دەبێ هاووڵاتیان رۆڵی سەرەکیان هەبێ لە دروستکردنی کۆمەڵگەدا. کە لە ئەنجام دا مرۆڤەکان توانای گۆڕینی دەوروبەر و بواری پێشخستنی ئاستی زانستی خۆیان و لەمیانەی گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا بواری بەرەو پێشچوونی ئاستی بیرکردنەوەی خۆیان دەبێ، ئەم گفتوگۆو کارە

هاوبەشانەی کە دوورن لە کار و قازانجی بازرگانیـەوە کـە هاوولاتیـان دەتـوانن شـارەزاییەکانی خۆیـان و داواکانیـان پێشـکەش بکـەن بـۆ بەرەوپێش چوونی کۆمەڵگە. لێرەوە کۆ هەستێك سـەبارەت بـە بـەها دیموکراتیەکان دروست دەبیٚ کە ئەویش دەبێتە هۆی دروسـت بـوونی هەستی بەرپرسیارێتی بۆ پاراستن و جێبەجێکردنی دیموکراتی.

تەکنەلۆژیای ئینفەرماسیۆنی مۆدێرن (IT) بواری نـوێی رەخسـاندووە بـــۆ بـــەرفراوانکردنی ئاســـتی بەشـــداریبوون لـــە دیبەیتـــەکان (گفتوگۆکان)دا. بووە بەسەکۆ بۆ بەیەك گەیشتنی دانیشتوانی هـەموو لایـــەکی ولاّت لەگـــەڵ نوێنـــەرە هەڵبـــژێردراوەکانیان. هـــەموو کـــات بزوتنەوە جەماوەریەکان کۆڵەکەیەکی گرنگی گفتوگـۆی دیموکراتیانـە بـوون، ئـەمڕۆش ئـەم رۆڵـە بـەهۆی پەرەسـەندنی گرنگـی میـدیاوە سەنگینتر بووە. میدیا رۆڵێکی مـەزنی لـە دروسـتکردنی رای گشـتی و گەیاندنی هەیە.

بەڵام چڕکردنەوەی دەسەلاّت لە لقـەکانی میـدیادا و گرێـدانی زیـاتری میدیاکانیش بە پیشەسازی کات بەسەربردن و لایەنە تـەرفیهیەکانـەوە دەبنە هۆی ئەوەی گەیاندنی زانیاریەکان یەك لایەنە و یـەك چەشـن و

بەشی زۆری لەسەر بەکاربردنی (سلبی) پاسیڤانە بنیات نرابێ. نەك پشت ئەستور بە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان.

راوەستان دژی چڕکردنەوەی دەسەڵات، دیسانەوە دروستکردنەوەی هەمەچەشنی و پاراستنی کەناڵە زانیاری بەخشە جەماوەریەکانی بواری رادیۆیی و تەلەفزیۆنی بەشە سەرەکیەکانی سیاسەتی میدیایی سۆشیال دیموکراتەکانە. میدیای نا بازرگانی بۆ پەخشکردنی زانیاری و رێکخراوە جەماوەریەکانی، سیاسەتی کەلتووری دیموکراتی بەهێز دەکەن. هەروەها شوێنی گرنگ و هاوسەنگ پارێز لەبەرامبەر بە بازرگانیکردنی مشتومڕە کۆمەڵایەتیەکانی بریتییە لە رێکخراوە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکان کە لە رێگایانەوە هاووڵاتیان بەشدار دەبن لە بیروڕا و شارەزایی ئاڵوگۆڕ دەکەن.

هیچ کاتێك نابێ دیبەیت (مناقشە)و دروستکردنی رای گشتی و وردبنەوە لە هەڵوسکەوتی سیاسیەکان تەنیا بێتە تایبەتمەندی کەسە پرۆفیشناڵەکان. هەروەك چۆن و کار و ئەرکەکانی کۆمەڵگە لە ئەستۆی هاووڵاتیاندایە بەهەمان شێوە بەشداری کردن لە گفتوگۆ کۆمەڵایەتی و کولتوریەکانیش دا مافی هەموانە.

باوەڕبوون بەدیموکراتی بەندە بەتوانای هاووڵاتیانەوە بۆ هاوبەشی کردن و هێزی کارتێکردنیان بۆ سەر سیاسەت. بەجۆرێك بڕیارە سیاسیەکان بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە، مافی هاوبەشی کردن و کارتێکردنە سەر بڕیارەکان بەتەواوی بریتییە لە مافی کارکردنە سەر واقع. گەر دیموکراتی لە پراکتیکدا توانای چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی نەبێ کە لە ژیانی رۆژانەدا و لە کۆمەڵگەدا رووبەڕووی مرۆڤەکان دەبنەوە، ئەوا متمانە لە دەست دەدات. بۆیە پێویستە بەردەوام پارێزگاری لە توانای دینامیکی دیموکراتی بکرێت. لە بەرامبەر ئەو گروپانەی خاوەن دەسەڵاتی گەورەی ئابورین و ئەو گروپانەی بەهۆی توانای شارەزایی زانستیانەوە پێیان وایە مافێکی زیاتریان لە خەڵکی تر هەیە بۆ کارکردنە سەر سیاسەت.

بەجیهانیبوون تەحەدایەکی ترە بۆ سەر بەشداری کردن لە پرۆسەی دیموکراتی دا. زۆر لەو بڕیارانەی کە جاران لەسەر ئاستی وڵات دەدران. ئێستا دەبێ هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ بەدەستبهێنرێ. گەرچی ئەمە توانای دیموکراتی زیاتر دەکات، بەڵام دوورکەوتنەوەشە لە دەنگدەران.

لای زۆر کـەس ئـەو هەسـتە دروسـت دەبـێ کـە چـالاکی و هاوبەشـی کردنیـان هـیچ شـتێك نـاگۆڕێ و داوای زیـاتر کردنـی هێـزی چـالاکی دیموکراتی نـاکۆك دەبـێ لەگـەڵ داوای هاوبەشـی کـردن لـە پرۆسـەی دیموکراتی دا.

هەربۆیـە پێویسـتە شـێوەی کـار و پرۆسـەی بڕیـاردان لـە ئۆرگانـە سیاسیە جیهانیەکان دا پێداچـوونەوەیان پێـدا بکـرێ و بـەرەو پـێش ببرێن بەو مەبەستەی بواری چـاودێری و کـۆنترۆڵ کردنـی زیـاتر بـێ و بناغەیـەکی پتـەوتری دیموکراتیانـەی هـەبێ. ئەمـە ئـەو مانایـەش دەگەیـەنێ کـە پێویسـتە شـێوازە سیاسـیە نەتەوەییـەکان و دام و دەزگاکانی گۆڕانکاریان تێدا بکرێ تا بە هەموو رێگا جۆراوجۆرەکانـدا بوار برەخسێنێ بۆ زیـاترکردنی ئاسـتی هاوبەشـی کردنـی هاوڵاتیـان، ئـەوەش ئامادەباشـییەکی مـەزنی دەوێ بـۆ گـۆڕینی شـێوازی کـۆنی کارکردنی دام و دەزگا چەسپیوەکان. ئەمە لە هـەردوو بـواری دەزگـا کۆمەڵایەتیەکان و پارتە سیاسیەکانیشدا دەبێ رووبدا[(٢٦)].

---

[٢٦] هەمان سەرچاوە – لاپەڕە (٧٠).

**ئابوريەكی دیموكراتی:-**

بەرهەمی تەكنیكی بەرز و مۆدێرن پێویستی بە سـەرمایەی گەورەیـە. بۆئـەوەی ئـەو سـەرمایەیە رابكێشـرێ بـۆ نـاو پرۆسـەی ئـەو جـۆرە بەرهەم هێنانە، دەبێ لە بەرهەمەكەدا بەشی سەرمایەكە هـەبێ، واتـە قازانج. كە پارە یان سەرمایە قازانجی بۆ حساب بكرێ ئـەوا بێگومـان پارە لەدەستی خاوەن سەرمایەدا كۆدەبێتەوە.

بەلاّ م لە مێژە چەمكی سەرمایە، لـە ئـەدەبیاتی سیاسـیدا، واتایـەكی تـری هـەبووە. جـودا لـەم واتـا بەرتەسـكە ئابوریـە. سـەرمایە واتـا سیستەمێكی دەسەلاّت دەگەیـەنێ، ئـەوەی خـاوەن سـەرمایەیە هـەر ئـەویش خـاوەن مـافی بڕیاردانـە لەسـەر چـارەنووس و بەرژەوەنـدی ئەوانی تر. پێوانەی مافی مرۆڤ بەگوێرەی دەسەلاّتە ئابوریەكان دەبێ. ئەم سیستەمی دەسەلاّتە نا ئازاد بەرهەم دێنێ بۆ هـەموو ئـەوانی تـر جگـە لـە سـەرمایەدارە گـەورەكان، دەبێتـە مایـەی نایەكسـانی زۆر و گرژی كۆمەلاّیەتی، چ لەناو ولاّت و چ لە نێوان ولاّتانـدا. دەبێتـە هـۆی گەیاندنی زیانی گەورە بە ژینگە و زیاد لە پێویست بەكارهێنانی كـات و سەرچاوە سروشتیەكان لە پێناوی زۆرترین قازانج دا.

لە بەرامبەر ئەم مۆنۆپۆلکردنی دەسەڵاتەدا، سۆشیال دیموکراتەکان بەرنامەیەکی ئابوری وایان هەیە کە لە بەرژەوەندیەکانی خەڵکییە. لە هەوڵی دارِشتن و رێکخستنی جۆرە ئابوریەکدان، کە هەموو کەسێك، وەك هاووڵاتی و وەك موچە خۆرو بەکاربەری ماف و بواری کاریگەرێتی هەبێ بۆ سەر ئاراستەکردنی وەبەرهێنان و دابەشکردنی بەرهەم هێنراوەکان و بۆ سەر رێکخراوەکانی کار و هەلومەرجی کارکردن، کە ئەمەش جۆرەها شێوازی خاوەنداریێتی و کار بەرِێوەبردن دەگرێتە خۆی.

ئەم بەرنامەیە هەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر ژینگە دەکاتە داوایەکی سەرەکی بۆ هەموو بەرهەم هێنانێك.

داوایەکی تر بریتییە لەوەی کە لەبەرهەم هێنان دا رێز لە کاری هەمووان بگیرێت.

بایەخ بدرێت بە چالاکی ویست و توانای کارکردنی هەمووان و سەرئەنجامی بەرهەم هێنراوەکان بەدادپەروەردانە دابەش بکرێ.

مەرجی پێشینەی ئەم بەرنامەیەش رێزگرتنە لەو یاسا و رێسایانەی بەدیموکراتی برِیاریان لێ دراوە.

ئەم دارشتن و ریکخستنەش دژ بە کەرتی تایبەت نیە. ئەمیش وەك هەموو بوارێکی وەبەرهێنانی مۆدێرن پێویستە قازانج بگەیەنێ بەسەرمایەی بەکارهێنراو لە پرۆسەی بەرهەم هێنان دا. ئەم وەك بەشێکی گرنگ لە بەشە سەرەکیەکانی بەرهەم هێنان دەروانێتە کارگەو کۆمپانیاو بەرێوەبەرەکانیان. ئابوری بازاری ئازادیش بەشێکە لە ژیانی ئابوری، بەڵام رێگا نادات قازانج ببێتە مەبەستی تەنیاو زاڵبێ بەسەر لایەنەکانی تردا و ئاراستەی شێوازی گەشەکردنی کۆمەڵگە بگرێتە دەست. رێگاش نادات بازار ببێ بە پێوانە بۆ دیاریکردنی باشی و خراپی و بۆ دیاری کردنی ژیانی کۆمەڵگە.

لە ناکۆکیەکانی نێوان کار و سەرمایەدا، سۆشیال دیموکراتیی ئێستاو داهاتووش حزبێکی (ئەنتی کاپیتالیستە) دژە سەرمایەداریە، کە بەردەوام دژە هێز دروست دەکات لە بەرامبەر هەوڵەکانی سەرمایەداریدا بۆ جڵەوکردنی ئابوری و کۆمەڵگە.

کۆمەڵگەی دیموکراتی هەمیشە خۆی خاوەنی مافی سەرەکییە بۆ دانانی مەرج و چوارچێوەکان بۆ ژیانی ئابوری. گەر شێوازێکی رێکخستنی کارو ئابوری بەرژەوەندیە گرنگەکانی گەل نەهێنێتە دی،

ئەوا کۆمەڵگەی دیموکراسی، هەموو کاتێ مافی گۆڕینی هەلومەرجەکان و شێوازەکانی بەدەستە.

بەرژەوەندییە ئابوریەکان هیچ کاتێك مافی سنوردانیان بۆ دیموکراتی نییە. بەڵکو بەپێچەوانەوە هەموو کاتێك دیموکراتی مافی سنوردارکردنی بازاڕ و بەرژەوەندیە ئابوریەکانی هەیە.

سۆشیال دیموکراتەکان دژی ئەو جۆرە گەشەکردنەی کۆمەڵگەن کە تیایدا سەرمایە و بازاڕ تیایدا سەربەست بن و بازرگانی بە پەیوەندیە کۆمەلایەتی و کەلتوری و مرۆییەکانەوە بکات.

لە پێناو خۆشگوزەرانی گشتی دا، پێویستە دیموکراتی خاوەنی کاریگەرێتی بێ بۆ سەر ژیانی ئابوری، نا کاریگەرێتی لێرەدا لە نرخی کاری ئەنجام دراو کەم دەکاتەوە و ئەویش دەبێتە هۆی کەمبونەوەی بەرهەم و کەمبونەوەی بەرهەمیش توانای خۆشگوزەرانی کەم دەکاتەوە و لە دەرئەنجام دا بڕوا بەشێوازە دیموکراتیەکان لاواز دەکات.

هەروەها لێرەشدا بەتاقی کردنەوە دەسەلمێنرێت کە کاریگەرێتی و زۆری بەرهەم پێویستی بەکراوەیی و شەفافیەت و جۆراوجۆرێتی

هەیە. یەكێ لە مەرجە پێشینەكانی بریتیە لە دەسەڵاتی راستەوخۆی بەكاربەران لە پرۆسەی وەبەرهێنان دا، واتە پێویستی بە شێوازێكی كاركردنە كە رێز بگرێ لە تواناو لێهاتوویی و بیرو چالاكیەكانی ئەوانەی كارەكە ئەنجام دەدەن. واتا مەرجی توانای مرۆڤەكان بۆ بەدیهێنانی بیرۆكەكانی خۆیان لە رێگای دامەزراندنی كارگە و كۆمپانیای تایبەت بەخۆیان. داوای دیموكراتی لێرەدا ئەوەیە كە بە چەند شێواز و بوار و لایەنی جیاجیا توانای كاركردنە سەر ژیانی ئابوری هەبێ. تەنیا بە بڕیاری سیاسی یان بەدەست گرتن بەسەر بازاڕدا، ئەو داواكاریە جۆراوجۆرانەی كە بۆ سەر ژیانی ئابوری هەن، نایەتە دی، بەڵكو پێویستیان بە ئابوریەكی تێكەڵاوە كە لەسەر بناغەی پێكوە لكاندنی چارەسەرە كۆمەڵایەتیەكان و میكانیزمی بازاڕ و رێكخراوی لەتوانای سەندیكایی و بەكاربەری هۆشیار و چالاك و پاڵپشتی یاسایی بەهێزی بەكاربردن دامەزرا بن.

بڕیاری سیاسی دەبێ لە پێناو بەرگرتن بێ لە هەموو جۆرە چەوسانەوەیەك. گەرەنتی بێ بۆ بالانس راگرتنی ئابوری كۆمەڵگە و بۆ دابەش كردنی دادپەروەرانەی بەروبووم و بۆ زامن كردنی مافە

کۆمەڵایەتیــە بنەڕەتیــەکان. هەڵبەتــە بــازاڕیش پێویســتە بــۆ ئــەو بەرهەمانەی توانای خۆشگوزەرانی دێننە کایەوە، ســەرمایە و ئــابوری بازاڕ دەبێ لێك جودا بکرێنەوە.

ئــابوری بــازاڕ سیســتەمی چــۆنیەتی دابــەش کردنــە، کــە شمــەك‌و خزمەتگوزاریــەکان بــە پــارە دەگۆڕدرێنــەوە. ســەرمایە سیســتەمێکی دەسەڵاتە کە سود و قازانج وەرگرتن پێوەری سەرەکیەتی. لە بازاڕی شمەك و خزمەتگوزاریــە تایبەتیــەکان دا، میکــانیزمی نــرخ بــۆ دانــان، سیستەمێکی خێرا و زیرەکانەی زەنگ لێدانە لە نێوان بەرهــەم هــێن و بەکاربــەردا، لەســەر داوای بەکاربــەران بــۆ بەرهــەمێکی دیــاریکراو، دەتــوانرێ بــەخێرایی کارگــە و کۆمپانیــای نــوێ دروســت بکــرێن و زۆربوونی کارگەکان و جۆری بەرهەمەکانیش ئازادی زیــاتر دەدەن بــە بەکاربەران بۆ هەڵبژاردنی ئەو بەرهەمانەی دەیانەوێت.

لە بــازاڕدا، ژمارەیــەکی زۆر لایــەنی ئــازاد و ســەربەخۆ هــەن کــە بــوار دەڕەخسێنن بۆ هێنانە دی بیرۆکەی زۆر و لە دەرئەنجامیشــدا دەبنــە هۆی بــەدیهێنانی توانــای ئــابوری گــەورە، بــەڵام بــازاڕ نــاتوانێ خــۆی خــۆی رێــك بخــات، چــونکە ئارەزومەنــدێتی بــازاڕ بــۆ چــڕکردنەوەی

دەسەڵات، خۆی لە خۆیدا دژ بە فرە رەهەندییە، کە ئەمەش مەرجە بۆ بەرەوپێش چوونی بازاڕ. میکانیزمی نرخ دانان کە لە بازاڕدا بەرێوەدەچێ، ناتوانێ رێو رەسمی جێگیر بێنێتە ئاراوە، کە بازاڕ پێویستی پێی هەیە بۆ باش بەڕێوەچوون. تەنیا ئەو ئۆرگانە کۆمەڵایەتیانەی پابەند نین بە بازاڕەوە دەتوانن ئەم رێورەسمە بێننە دی و کاری پێ بکەن. تەنیا ئەو یاسا و رێسایانە دەتوانن کێبرکێ دروست بکەن و ئەو هەوڵی چرکردنەوەیە پوچەڵ بکەنەوە کە میکانیزمی نرخ دانان دەشێوێنن و زیان بە بەکاربەران دەگەیەنن و ئەو مۆنۆپۆڵە تایبەتییانە دروست دەکەن کە بزاڤی کرێکاری هەردەم دژیان خەباتی کردووە.

هەروەها میکانیزمەکانی بازاڕ توانای بەڕێوەبردنی ئەو لایەنانەیان نیە کە نرخیان لەسەر نیە. بۆ نمونە هەواو ئاو، کە لێرەدا پێویستی بە بڕیاری سیاسی و هۆشیاری رای گشتی بەکاربەرانە. کەواتە بازاڕ تەنیا بەشێکە لە بەشەکانی ئەو ئابوریە تێکەڵاوەی سۆشیال دیموکراتەکان پیادەی دەکەن.

بازاڕ تەنیا دەتوانێ ئەو شمەك و پێویستیانە دابین بكات كە داواكاری زۆریان لەسەرە. ئەو شتە بەكەڵكانەی تر، كە پێویستن بۆ عەدالـەتی كۆمەڵایەتی، واتە ئەو شتە باشانەی كە دەبێ هەمووان بەبێ گوێدانـە ئاستی ئابوریان، بەشی خۆیـان بەربكـەوێت، دەبـێ لـە پرنسـیپەكانی شـێوازی دابـەش كردنـی بـازاڕیی بـەدوور بگـرین، لەوانــە كــەرتی تەندروستی، پـەروەردە، دایەنگـە و باخچـەی منـداڵان و خەڵوەتگـەی پیران، هەروەها دەزگای داد و دادگا و كـەلتور و سیاسـەتی وڵات كـە هاتوچـۆ و گەیانـدن و ژێرخانـە كۆمەڵایەتیـەكان لەسـەرتاپای وڵات دا دابین بكات.

هەڵبژاردن لەنێوان كاروبارە كۆمەڵایەتیـەكان و ئـیش وكـاری بـازاڕدا، ئەبێ لەسەر بنەمای باشترین ئـەنجام بـێ، بەڕەچـاوكردنی پـاراسـتنی عەدالەت.

دەشـێ لـەنێوان بـەش و جۆرەكـانی ئابوریـدا ئـاڵوگۆڕ و جێگـۆڕكێ بكـرێ، بـەپێی گونجـان و وەڵام دانـەوەیان بـۆ داوا و پێویسـتیەكان سۆشیال دیموكراتەكان ئـەو شـێوازە فینمدەمینتالیـەی ئـابوری رەت

دەکەنەوە کە راست یان چەپ بەتاکە شێواز دادەنێن. ئامانج هەرگیز رووکاری دەرەوە نیە، بەڵکو تا چ رادەیەك مەبەستەکان دێتە دی.

ئابوری دیموکراتی، ئابوریەکی یەك لایەنەی بێ بەرژەوەندی جۆراوجۆر و بێ کەند و کۆسپ نیە کە پێویستی بە گۆڕین و نوێکاری نەبێ، بەڵام لە ئابوری دیموکراتیدا چەوساندنەوەی مرۆڤ و ژینگە نیە. لە ئابوری دیموکراتیدا بەرژەوەندیە جیاوازەکان پێکەوە کار دەکەن و سەرمایە لەژێر کۆنترۆڵی دیموکراتی دا دەبێت. ئابوری دیموکراتی یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە لەبەر داوای گۆڕانکاریە نوێیەکان پێویستیان بەگۆڕینی جۆری کارەکانیانە، ئابوری دیموکراتی لەسەر بنەمای یەکسانی بۆ هەموو مرۆڤەکان و بۆ هەموو هەرێم و ناوچەکان دادەمەزرێ. بەجۆرێ کە بەشدار بن لە دروستکردنی خۆشگوزەرانی و سودیشی لێوەربگرن (٢) .

## یەکسانی هەمەچەشن:-

کۆمەڵێ فاکتەر هەن کە دەبنە هۆی دروستکردنی نایەکسانی لە کۆمەڵگەدا، بەڵام بنەما سەرەکییەکانی نایەکسانی لە هەموویاندا

هاوبەشە. ئەویش ئەوەیە کە تاك پەراوێز دەخرێ و وەك کەسایەتیەك نابینرێ و بۆی نیە بەپێی بۆچوون و ئیمتیازەکانی خۆی گەشە بکات، ئیمتیازەکانی دەکەونە ژێر دەسەلاّت و کاریگەری هەندێ گروپەوە وەك چین، رەگەز یان کەمە نەتەوەیی یان کەم ئەندامی و تەمەن، ئەم چوارچێوانە، تەنانەت زیاتر کارو پلە وەزیفی و کۆمەلاّیەتیەکانی تاکە کەسانیش دیاری دەکەن.

سۆشیال دیموکراتەکان لە هەولّدان بۆ دابەشکردنی یەکسانی ئەو توانایانەی گرنگن بۆ دەرفەت رەخساندن بۆ مرۆڤەکانی لەکارکردنە سەر کۆمەلّگە و کارکردنە سەر ژیانی تایبەتی خۆیان، ئێستاش وەك جاران ئەرکەکە بریتیە لە گۆرینی ئەو شێواز و ستراکتۆری دەسەلاّتەی رێگا نادات هەندێ کەس بە تەواوی گەشە بکات و پێشبکەوێ، پێویستە هەمیشە سیاسەتی یەکسانی لە حالّی پێداویستی و هەلومەرجی ئەوانەوە دەست پێبکات کە بونەتە قوربانی نایەکسانی، بەلاّم پیادەکردنی ریفۆرمی یەکسانیش پێویستی بەوەیە کە زۆربەی گەل قەناعەت بکات کە کارەکە کارێکی دروست و

چاکە، ئەگینا سیاسەتەکە خۆڕاگر نابێ. کاتێك کۆمەڵگەی یەکسان سەقامگیر دەبێ کە ژیانی هەموان خۆشتر و دەوڵەمەندتر بکات.

سیستەمی خۆشگوزەرانی، هێز و گوڕی خۆی لە پێکەوە گرێدانی پێداویستییەکانی قۆناغە جۆربەجۆرەکانی ژیانی گروپەکانی دانیشتوان بەو چارەسەرانەوە کە دەبنە مایەی دڵنیایی و دەستەبەرکردنی ئازادی بۆ هەموان دەبینێتەوە بەهەمان شێوە دەبێ ئەمڕۆ سیاسەتێك پیادە بکرێ بۆ پێکەوەگرێدانی پێویستیەکانی ئەوانەی رۆژ بەرۆژ زیاتر لەبەر سنورداربوونی تواناکانیان و ژێردەستەییان گۆشەگیر دەکرێن. لەگەڵ ئەوانەی هیچ پێویستیان بەسیاسەتی سۆشیال دیموکراتەکان نیەو لە کۆمەڵگادا ئازاد و بەهێزن.

سیاسەتێك بۆ یەکسانی، بریتییە لە ماف و دەرفەتی وەك یەکی هەمووان بۆ کارکردن، کە دەبێتە هۆی ئازادی لەڕووی ئابوریەوە، لەگەڵ بوار بۆ رەخسان بۆ گەشەکردن و بەردەوام بوون. بریتییە لە بوونی دەسەڵات لە کارە تایبەتیەکەی خۆی و لە ژیانی کاردا کە داپەروەرانە بە هاوڕێز دادەنێ بۆ ماندووبون چالاکیەکان.

بریتیە لە ماف و بوار بۆ هەمووان بۆ بەشداریکردن لە چالاکی سیاسی سـەندیکاییدا. لـە چـالاکیە کەلتوریـەکان دا، لـە چـالاکییە کۆمەڵایەتیەکان دا، بریتیـە لـە گـۆڕینی شـێوازی رایـەڵی چـینایەتی و تێکشـکانی رۆڵـی سـنووره تەقلیدیـەکانی رەگـەزی نێـر و مـێ و نەهێشـتنی حوکمـە پێشـینییەکان سـەبارەت بـە کەمایەتیـەکان و جۆرەکانی تری بەنزم تەماشا کردن.

خسـتنەگەڕی تـەواو، موچـەی وەك یـەك بـۆ کـاری هاوەبـەش و ئۆرگانیکی کار کە دەرفەت بدا بە هەموان بـۆ توانـای کارکردنـە سـەر کار و بەرەوپێش چوون لەکاردا، بەردی بناغەیە.

هەروەها بنەمایەکی سەرەکیتر سیستەمێکی خوێندنە کە بوار بـدا بـە هـەمووان بـۆ هەڵبـژاردنی شـێوازی ژیانیـان، چ لـە تەمـەنی لاویـدا بـۆ جۆری خوێندن یان چ لـە تەمـەنی گـەورە سـاڵیدا کـە بیانـەوێ فێـری پیشەی نوێ بن.

سیاسەتێك بـۆ یەکسـانی بریتیـە لـەوەی دادپەروەرانـە و هاوکاریانـە خـەرجی خۆشـگوزەرانی یـەکتری دابـین بکـرێ و سیاسـەتێکی دابەشکردنی هۆشیار و کاریگەر پیادە بکات. ئـەو باجانـەی بـۆ دابـین

کردنـی خـەرجی خۆشـگوزەرانی وەردەگیرێـن، دەبـێ بـەپێی توانـاو هــەبوویی بــێ و دابەشــکردنی خزمەتگوزاریــەکانی خۆشــگوزەرانیش بەپێی پێویست بن.

سیاسەتێك بۆ یەکسانی بریتییە لە مـافی یەکسـانی ژنـان و پیـاوان بـۆ هەردوو ژیانی کار و ژیانی ناو خێزان و بەرپرسێتی وەك یەك بەرامبەر ماڵ و خێزان و منداڵ. ئەمەش پێویستی بە جۆرە ژیـانێکی کـارە کـە تیایدا بتوانرێ پیشەو ژیانی خێزانی و سیستەمێکی باشـی دامـەزراوی بایەخدان بە منداڵ و پەروەردەکردنیان پێکەوە گرێ بدرێ.

سیاسەت بۆ یەکسانی بریتییە لە سیاسەت بۆ پێکەوە ژیان و پێکەوە گونجانی کەلتور و ئاییـنـە جیاوازەکـان لەسـەر بنـەمای هەمەچەشـنی درێژ لە یەك گرتن لە نێوانیان، چـونکە کـەلتور و ئاییـنـە جیاوازەکـان دەبنــە یاریــدەدەر بــۆ دۆزینــەوەی مرۆڤــەکان بــۆ خــود و ناســنامەی خۆیان و دەتوانێ ژیانی کۆمەڵایەتی دەوڵەمەندتر بکات.

هەمەچەشنی لە ئایین و کەلتوردا لایەنێکی پۆزەتیڤـە لـە هـەموو ئـەو پانتاییانەدا کە سنوور دانەر نین بـۆ مـاف و بوارەکـانی مرۆڤـەکان لـە هەڵبژاردنی ژیانی تایبەتی خۆیان دا.

سیاسەت بۆ یەکسانی بریتییە لە کارکردن بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی کەم ئەندام تیایدا، وەك ئەوانی تر، بەسەرمایە حساب دەکرێن و وەك هاوڵاتی سەربەخۆو ئازاد سەیر دەکرێن.

بەهەمان مافەوە بۆ ژیانێکی چالاك و سەربەست، ماف بۆ کارکردن و ماڵی تایبەت بەخۆی و ئازادی تەواو بۆ جموجوڵ لە کۆمەڵگەدا.

سیاسەتێکە کە یارمەتی دەر و پاڵپشتە بۆ توشبوان بەنەخۆشیە دەرونیەکان، سیاسەتێکە کە هەموو قۆناغەکانی تەمەن لەخۆدەگرێت بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگە، بایەخ دەدات بە شارەزایی و لێهاتوویی بەساڵاچوان و خەمخۆری پێداویستییەکان و مافەکانی منداڵان لە پێناوی پێگەیاندنیان دا.

سیاسەتی یەکسانی پێویستی بە سنور دیاری کردنێکی بەهێز و پتەوە دژ بە هەموو شێوازەکانی راسیستی و رەگەزپەرستی و دژایەتی مرۆیی لەسەر بنەمای رەگەز و نەژادپەرستی، دژ بە توندوتیژی دژ بە ژنان و دەستدرێژی کردنە سەریان و لێدان و سوکایەتی پێکردن و کوشتنیان بە پاساوی شەرەف و شەرەفپارێزی، پێویستی بەخەباتە دژ بە هەموو شێوازێکی بە کەمزانین و حوکمی

پێشینه، که دەبنه هۆی سنوردارکردنی ئازادیەکانی ژیانی مرۆڤ، سیاسەتێکه بۆ هەمەچەشنەیی، که تیایدا هەرکەس وەك تاك سەیر دەکرێ.

که خاوەنی مافه بۆ گەشەکردن بەو جۆرەی خۆی دەیەوێ و لە هەمان کاتیشدا خاوەنی مافه بۆ دەست بەکاربوون و چالاکییه هاوبەشەکانی کۆمەڵگه، بەهەمان ئەو مەرجانەی که بۆ ئەوانی تر هەیه.

یاساکانی کۆمەڵگه دەبێ بەجۆرێك دابڕێژرێن که پاڵپشت و یاریدەدەر بن بۆ گەشەکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی یەکسانی و هەمەچەشنەیی. بازاڕی کار و بواری پەروەردە رۆڵی سەرەکیان هەیه بۆ کارکردن بۆ تێکشکاندنی دژایەتی چینایەتی و نایەکسانی لەڕووی رەگەزی نێر و مێوە یان لەڕووی کەمەنەتەوەییەوە یان بەهۆی کەم ئەندامییەوە.

بەڵام کارێکی زۆریش پێویسته بۆ گۆڕینی بەهاکانی و هەڵسوکەوتەکان و بۆ تێکشکاندنی ئەو رەفتارانەی بنەماکانیان سەر بەم گۆشە نیگایانەن. بزاڤە جەماوەریو میللیەکان و حزبە

سیاسـیەکان و کارگـە و کۆمپانیاکـان و ڕێکخـراو و سـەندیکاکان و خوێنـدگاکان و باخچـەی منـداڵان هـەموو پشـکی خۆیـان هەیـە لـە بەرپرسیارێتی.

ئەرکی سۆشیال دیموکراتەکانە، وەك بزاڤـی میللـی، دەرگـای گفتوگـۆ بکەنـەوە و لـەناو بزوتنەوەکـەیان دا کـار بکـەن بـۆ هێنانـەدی داوای هەمەچەشنی و یەکسانی.

ئەم پێویستیانەی گەیشـتن بـە یەکسـانی، لـە هـەموو ڕەهەندەکانـدا، دەبنە هەوێن لە هەموو بوارەکانی سیاسەتی سۆشـیال دیموکراتـەکان دا[٢٧].

## سیاسەتی خۆشگوزەرانی:

سیاسەتی خۆشگوزەرانی سۆشـیال دیموکراتـەکان، بەرجەسـتەکردنی هەر سێ پرەنسیپی (ئازادی و یەکسانی و سۆلیداریتی)یە، ئەمیش لـە ڕوانگەی ئەو بیرۆکە دێرینەوە هاتۆتە کایەوە کە هەموان بەشدارن لـە بنیاتنانی کۆمەڵگەدا.

---

[٢٧] کتێبی (پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید) مێژوو – پرۆگرام) .

ئـەم سیاسـەتەی بەدیهێنـەری بەرژەوەندیـەکانی تـاك و کۆمەڵگەیـە. ماف دەبەخشێ و داوای ئەرکیش دەکات. هـەموان دەگرێتـەوە. نـەك ئەوانـەی داهاتیـان لاوازە، هـەمووان بەشـدارن. چ لـە مـاف و چ لـە ئەرکەکاندا. بۆ هەموان هەمان مەرج هەیە. هاوڵاتیان بەگوێرەی پـارە وەرگر و پارە بەخش جیاناکرێنەوە، کە رەنگە بەرژەوەندیەکانیان دژ بەیەك بوەستێتەوە، سیاسەتی خۆشگوزەرانی ئەوەیـە کـە هاوڵاتیـان بەشێوەی سـۆلیدارێتی (هاریکـاری) بـە پـارە هاوبەشـی دەکـەن. کـە هەست بە بایەخ و گرنگی خۆیـان دەکـەن لـە دروسـتکردنی ئـازادی و ئاسودەیی بۆ تاکەکان و بۆ یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی.

سیاسەتی خۆشگوزەرانی بریتییە لـە ئاسـودەیی ئـابوری، هـەروە هـا بریتییە لەدابەش کردنـی عادیلانـەی چانسـەکانی ژیـان و دابینکردنـی هەلومەرج بۆ هەڵبژاردنی ئازادانەی لـە قۆناغـەکانی ژیـان دا، هـەموان مافی کارکردنیان دەبێ، هەموان مافی سەردەمێکی ئاسودەیی منـاڵی و گــەورەبونێکی ئارامیــان دەبــێ، بــەگوێرەی یاســاکانی نەتــەوە یـەکگرتووەکان، هــەموو منــداڵان و گــەنجان مــافی پــەروەردەکردن و گـەورەبوونیان هەیـە دوور لـە پەراوێزخسـتنو دوور لـە بـەکارهێنانی

مـادەی بـیٚ هۆشـکەر و دور لـە زەبـر و زەنـگ، هـەموان خـاوەن مـافی زانیـاری و زانسـت بەدەسـتهێنان و بەشـداری لایەنـە کولتوریـەکانن، هـــەمووان مافیـــان هەیـــە بـــۆ دەســـتکەوتنی شـــوێنێکی شـــیاوی نیشتەجێبوون بەنرخێکی گونجاو، لە ژینگەیـەکی ئـارام و ئاسـودەدا.

هەمووان مافی پیربونێکی ئاسوودەو بەرز نرخێنراویان هەیە، هـەمووان مافیـان هەیـە بـۆ هەڵبـژاردنی شـێوازی ژیـانی تایبـەتی خۆیـان بـەبیٚ رووبەڕووبونـــەوەی حـــوکمی پێشـــینە و بـــەنزم ســـەیرکردن بـــیٚ رووبەڕووبونـەوەی پەراوێزخسـتنی کۆمەڵایـەتی، هـەموانیش دەبـیٚ بەرپرسیارێتی خۆیان بگرنە ئەستۆ بـۆ دابـین کردنـی ئـەم سیسـتمی خۆشگوزەرانیەو بەخراپ سود لە دەسکەوتەکان وەرنەگرن.

سیاسەتی خۆشگوزەرانی لەوە زیاترە کـە تـەنیا راسـتکردنەوەی ئـەو ناعەدالەتیانە بیٚ کە لە ژیانی ئابوری دا هاتونەتـە ئـاراوە. سیاسـەتی خۆشـگوزەرانی بریتییـە لـە یەکسـانی، بریتییـە لـە زیـاتر دەسـەڵات شـکانی خـەڵك بەسـەر ژیـانی تایبـەتی خۆیـان دا، کـە بەهۆیـەوە دەتـوانریٚ کـار بکرێتـە سـەر جـۆری دەسـەڵات لـە ئـابوری و لـە کۆمەڵگەدا.

بیمەو خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو خوێندن و تەندروستی و بایەخدان بە منداڵ و پیر و پەککەوتوان، نابێ هەرگیز بخرێنە ئاستی کالای ناو بازاڕەوە. کە لێرەدا کۆمەڵگە تەنیا ئەرکی پارە بەخشینەوە بێ تا تاك توانای کڕینی کاڵاکانی هەبێ. بەڵکو سیستمی خۆشگوزەران پێویستی بەهەستی بەرپرسیارێتی هاووڵاتیانە. نەك تەنیا بۆ سوود و بەرژەوەندی خۆیان، بەڵکو بەرپرسیارێتی بۆ مافی هەموان. دەبێ ئەوەش بەشێوەیەك دابڕێژرێ کە ببێ بە بەرپرسیارێتی هاوبەش و گونجاو بۆ جێبەجێکردن. بە بازاڕکردنی ئەم خزمەتگوزاریانە لەگەڵ داوای هەست بە بەرپرسیارێتی سۆشیال دیموکراتی دا یەکناگرێتەوە.

بازاڕ و پرنسیپەکانی کێبرکێ نابێ ببنە مۆرکی کەرتی گشتی، بە پێچەوانەوە کراوەیی و شەفافی لەبەرپرسیارێتی پیادەکردن دا پێوەر دەبێ.

ناتوانرێ گەشەکردنی بیمەی تایبەتی لە بوارەکانی خۆشگوزەرانیدا پەسەند بکرێ، چونکە بیمەی کەرتی تایبەتی دەبێتە هەڕەشە بۆ خۆشگوزەرانی گشتی و دەبێتە مایەی دروستبوونی نابەرابەری و

ناعەدالـــەتی لـــەنێو هاوڵاتیـــان دا، لـــەڕووی بەدەســـتهێنانی خۆشگوزەرانیدا.

کەرتی خوێندن و تەندروستی و کەرتی بایەخدان بـە منـداڵان و پـیر و پەککـەوتوان ڕۆڵێکـی ناوەنـدییان هەیـە لـە بەدەسـتهێنانی هەلومەرجەکانی ژیان دا.

هەلومەرجی نایەکسانی بۆ زانست وەرگرتن یان لە کـەرتی تەندرسـتی و بایەخـدان بـە منـداڵان و پـیرو پەککەوتـەکان دەبنـە مایـەی دروسـتبوونی نایەکسـانی لەگەشـەکردنی کەسـایەتی و لـە ژیـانی نـاو کۆمەڵگە و لە بازاڕی کاردا.

ئـەم جیاوازیانـە زیـان بـە تاکـەکان دەگەیـەنێ لەوانیشـەوە زیـان بـە کۆمەڵگە دەگەیەنن.

گەیشتن بەو لایەنە بەکەڵکانـە بـەکوالیێتی بـەرز بـۆ هـەموان بـەردێکی بناغەی سیاسەتی یەکسـانییە، واتـە کـەرتی خوێنـدن و تەندروسـتی، کەرتی بایەخدان بە منداڵان و پیر و پەککەوتوانیش دەبێ هۆشیار بـن سەبارەت بە تەون‌و ڕۆڵ و کاریگەریەکانی چین و ڕەگـەزو بەوریایـەوە کاربکەن بۆ گۆڕینیان، چونکە ئەم کەرتانە پەیوەسـتن بـە ژیـانی نـاو

کۆمەڵگەوە، جۆری دابەش کردنیان بەسەر هاوڵاتیان دا هەرگیز نابێ بدرێتە دەست بازاڕ و میکانیزمی نرخ بۆ دانان، یان بدرێتە دەست لایەنێکی بەرهەمهێنەری خاوەن بەرژەوەندی بۆ قازانجی تایبەتی.

کەرتی پەروەردە و تەندروستی و بایەخدان بە منداڵان و پیر و پەککەوتوان لەو دەرامەتەی لە باج وەرگرتنەوە هاتونەتە ناو گەنجینەوە، بەشێوەی سۆلیدارێتی، پارەیان بۆ خەرج دەکرێ و ئەو سیاسیانەی گەل هەڵیبژاردون بەرپرسیارن لە دابەشکردنی عادیلانەی ئەو دەرامەتە لە نێوان بوارەی جۆراوجۆرەکان دا. بۆئەوەی پارەی باج و داهات شوێنی خۆی بگرێت و یەکسانی و کوالێتی بەرز بەدی بهێنرێ. توانای کۆمەڵگە بۆ پێشکەشکردنی ئەم پێداویستیانە بۆ هاوڵاتیان، بنەمایەکە بۆ پرەنسیپی دابەشکردنی باشی داهات بە پێی پێویستی.

هەموو هاوڵاتیانی سەرانسەری وڵات دەبێ هەمان مافیان هەبێ بۆ سوودوەرگرتن لەم سێ کەرتەی خزمەتگوزاری. ئەمەش پێویستی بەرێکخستنی هاوکاری هەموو ئەنجومەنە شارەوانیەکانە لە بارەی دابەشکردنی داهاتەکانی باجو داهات وەرگرتنەوە، دەنا توانای

دەرامەتی جۆراوجۆر دەبێتە هۆی جیاوازی خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان لە یەکە ئیداریە جیاجیاکان دا.

سۆشیال دیموکراتەکان دەیانەوێ کەرتی گشتی بەشێوەیەك پەرە پێبدەن کە وەڵامدەر بێ بۆ داوا کلاسیکیەکە بۆ عەدالەت، لە هەمان کاتیشدا وەڵامدەر بێ بۆ داوا نوێیەکان سەبارەت بە ئازادی هەڵبژاردن. توانای کارکردنە سەر خوێندنگەو تەندروستی و کەرتی بایەخدان بە منداڵان و پیر و پەککەوتوان بەشێکە لە دەسەڵات پراکتیزەکردن و مرۆڤ بەهۆیانەوەی توانای کارکردنە سەر ژیانی تایبەتی خۆی دەبێ کارێکی پێویستە بۆ هەست کردن بە بەشداری کردن و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە.

مرۆڤەکان وەك یەك نین، داواکانیان و پێشینەکانیان جۆراوجۆرە، بۆیە پێویستی بەشێواز و پرۆگرامی جۆراوجۆرە، پێویست بەشێواز و بنکەی جۆراوجۆری تەندروستی و جۆرەکانی تری بایەخ دانە بە مرۆڤەکان. دەبێ بواری سودوەرگرتن و هەڵبژاردن هەبێ لە جۆر و شێوازی جیاجیای کەرتی تەندروستی و پەروەردە و بایەخدان بە منداڵان و پیر و پەککەوتوان. دەبێ ئەلتەرناتیڤ (بدیل) بۆ هەر

لایەنێك هەبێ، چونکە پێویستی هاوڵاتیان لە شوێنە چۆڵ و دوورە دەستەکان وەك شوێنە قەرەباڵغەکان نیە.

هەمەچەشنەیی و بوونی جیاوازی لە دارشتنی شێوازەکان دا گرنگی خۆی هەیە چ بۆ یەکسانی و چ بۆ ئازادی هەڵبژاردن.

بەشێکی گرنگی ئەرکەکانی کەرتی گشتییە کە لە چوارچێوەی کارەکانی خۆیدا، ئەلتەرناتیڤ بێنێتە ئاراوە بۆ رووبەڕووبونەوەی خواست و داواکاریە جۆراوجۆرەکانی هاوڵاتیان، هەروەها کاری هەرەوەزی و گروپە خۆبەخشەکان و تەنانەت تاکە کەسیەکانیش رۆڵی خۆیان هەیە، هەربۆیە ئەوانیش مافیان هەیە بۆ وەرگرتنی یارمەتی ئابوری بەمەرجێك هەمان یاساو رێساکانی کەرتی گشتی پیادە بکەن. رەخساندنی بوار بۆ دروستبوونی ئەلتەرناتیڤ بریتییە لە بوار رەخساندن بۆ هاوڵاتیان بۆ هەڵبژاردنی قوتابخانەو خەستەخانە و جۆری بوارە کۆمەڵایەتیەکانی تر.

نەك خاوەن کۆمپانیا تایبەتەکان ئەو خوێندکارانە یان ئەو نەخۆشانە هەڵبژێرن کە گیرفیانیان پڕترە و قازانجی زیاتریان لێدەکەن.

نابیٚ ریٚگا بدریٚ کۆمپانیا تایبەتیەکان بۆ قـازانجی خۆیـان سیسـتەمی خۆشگوزەرانی ئاراستە بکەن.

ئــەو دەزگایانــەی لــەڕووی ئابوریــەوە پشــتیان بەکــەرتی گشــتی بەستووە، دەبیٚ لە ئاستی چاوەڕوان کراودا بن لەرووی دابـین کردنـی هەلومـەرجی باشـی کـارکردن و بـوار رەخسـاندن بـۆ گەشـەکردن لـە کــاردا. ئەمانــە دەبــیٚ گرنگــی بــدەن بــە چــالاکی و تواناکــانی کارمەنـدەکانیان و بواریـان پـیٚ بـدەن بـۆ تاقیکردنـەوەی بیرۆکـە و چارەسەری نویٚ، چ لە کەرتی گشتی و چ لە لایەنە تایبەتەکانی تـردا، پیٚویستە پشتگیری سەربەخۆریی و هیٚزی داهیٚنان بکریٚ..

دام و دەزگاکان دەبیٚ مۆرکی کراوەیی و شەفافیەتیان پیٚوە دیـار بـیٚ و ماف و ئازادیەکانی کارمەندان نابیٚ پیٚشیٚل بکریٚن.

بیٚگومان پـارەی حکومـەت کـە سەرچـاوەی داهـات و بـاج وەرگرتنـە. سنوردارە و بەشـی هیٚنانـە دی هـەموو ئـاوات و ئامانجـەکانی ناکـات، هـــەردەم دەبـــیٚ خـــەریکی هەڵســـەنگاندنی گـــرنگیٚتی داخوازییـــە جۆراوجۆرەکان بین بۆ هەڵبژاردن لە نیٚوانیان دا، ئەویش هەمیشـە بـە لەبەرچاوگرتنی داوای سەرەکی کە بریتییە لە پاراسـتنی دادپـەروەری

و یەکسانی لە دابەش کردن و خزمەتگوزاریەکان دا، بەهەمان کوالێتی بەرز بۆ هەمووان.

بڕیاری لەوجۆرە پێویستی بە پرۆسەیەکی کراوەی دیموکراتیانەیە کە هەمووان توانای کاریگەریان هەبێ، واتا لە شێوازی دیموکراتی نوێنەرایەتیدا دەکرێ، توانای یارمەتیدانی ئابوری لایەنەکانی کەرتی تایبەت نابێ ببێتە هۆی دروست بوونی بڕیار گەلێکی ئەلتەرناتیڤ بۆ پرۆسەی دیموکراتی.

لەبەر هەردوو لایەنی ئابوری و کاریگەرێتی، دەبێ شارەوانیەکان و پارێزگاکان ئازادیەکی زۆریان هەبێ بۆ داڕشتنی شێوەی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان، بەپێی داوا و پێشینە ناوچەییەکانی خۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز ناکرێ بەرژەوەندیە گشتییەکانی وڵات لەلایەن هێزە ناوچەیەکانەوە وەلا بنرێن.

مافەکانی تاکە کەسی کە راستەوخۆ لە لایەن پەرلەمان و حکومەتەوە دیاری دەکرێن یان لە ئامانجە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەیە وەك پەروەردە و تەندروستی و بایەخ دان بە منداڵان و پیر و پەککەوتوان ناکرێ بە بڕیاری لایەنە بەناو چەپەکان لاواز بکرێن.

له حاڵەتی لەدەستدانی سەرچاوەی داهات دا، یارمەتیدانێکی ئـابوری ڕێکوپێك بەردی بناغەیە بۆ دڵنیایی و ئـازادی تاکـە کـەس. سیسـتمی بیمەی کۆمەڵایەتی ئەم یارمەتیە ئابوریە بەپێی پرەنسـیپی ڕادەی لـە دەستدانی سەرچاوەکان، داهـات پێشـکەش هـەمووان دەکـات. تـەنیا سیستمی بیمەی کۆمەڵایەتی گشتییە دەتوانێ ئـەم ئامانجـە بپێکـێ و داخوازیە ئابوریـەکانی تاکـەکان بێنێتـە دی و سیاسـەتێکی یەکسـانی دابەشکردنیش دابڕێژێ بۆ ئەو گروپانەی زیاتر پێویستیان بە یارمەتی ئابوری هەیە.

ئەم سیستەمە دڵنیاییـە دەبـێ بگـونجێنرێ لەگـەڵ بـازاڕی کـاردا، لـە بازاڕی کاردا زۆر کەس لـە قۆنـاغی جۆربـەجۆردا لـە جێگـا گۆڕکێـدان لــەنێوان خوێنــدن و کــارکردن و خــەڵکیش هەیــە کــار لــە کارگــە و دامـەزراوەکان دا دەکـات و کـاری تایبـەتیش دەکـات. لـە هەنـدێ لـە قۆناغــەکانی ژیــان دا ئــازادی و دڵنیــایی بریتییــە لــە یارمــەتی بەدەستهێنان بۆ خۆگونجان لەگەڵ بواری نوێدا.

ئەوانــەی لەســەر کــار دەردەکــرێن و بێکــار دەبــن دەبــێ مــافی بەدەستهێنانی زانستی نوێیان هەبێ بۆ دۆزینـەوەی کـاری نـوێ، یـان

مافی کات بۆ گەڕان بەدوای کاری نوێی گونجاودا، کە لە کـاتی گەڕانـدا یارمەتی ئابوری وەربگرێت.

ئەوانەش کە توانای کارکردنیان کەم دەبێتەوە، چ بە هـۆی نەخۆشـی یان بەهۆی ڕووداوێکەوە بێ، مافیان هەیە بـۆ دووبـارە ڕاهێنـان، یـان ئەوانەی کەم ئەندامن و دەبێ یارمەتی بدرێن، بۆئـەوەی بـە ئـازادی و سەربەخۆیی بژین و بە پێی توانای خۆیان هاوبەشی ژیانی کار بکەن.

ئەوانەی کە منالّیان دەبێ مافیـان هـەبێ بـۆ مۆڵـەتی منـالّ بـوون بـە موچـەو ئەوانـەش کـە منـالّی وردیـان هەیـە مافیـان هـەبێ بـۆ بردنـی منالّەکانیانە بۆ شوێنی بایەخدان بەمندالاّن، وەك دایەنگـە و باخچـەی ساوایان، تا بتوانن لە هەمان کـات دا منـالّ بـەخێو بکـەن و لـە کـار و پیشەش دوانەکەون.

سیاسەتی نیشتەجێ بوون بەشێکی دانەبڕاو لە لایەنی خۆشـگوزەرانی گشتی و چوارەم کۆڵەگەیە لە سیاسەتی خۆشگوزەرانیدا.

دوای کەرتەکانی تەندروستی و پـەروەردە و بایـەخ دان بـە منـدالاّن و پـیر و پەککـەتوان. شـوێنی نیشـتەجێ بـوون مـافێکی کۆمەلاّیەتییـە،

لەبەرئەوە لە ئەرکەکانی کۆمەڵگەیە شوێنی نیشتەجێ بوون دابین بکات.

دامەزراوەی گشتی نیشتەجێ بوون و کۆمپانیای هەرەوەزی نیشتەجێ بوون پێویستە بۆ دروست نەبوونی جیاوازی زەق لە رووی نیشتەجێ بوونەوە و بۆ رێگە نەدان بە گران بوونی کرێی خانوو.

دەبێ توانای کاریگەرێتی دانیشتوان بەسەر خانوەکانیان و شوێن و گەڕەکی نیشتەجێ بوونیان دا زیاتر بێ.

هەروەها ئەو کارانەی پێویستن بۆ بەرگرتن لە رووداو لە شوێنی کاریان بۆ بەرگرتن لە نەخۆشی یان بۆ پەراوێزخستن لە بازاڕی کار، ئەمانە هەموو لە بوارەکانی سیاسەتی خۆشگوزەرانین، کە بایەخ دان بەلایەنی تەندروستی و یاساکانی کارکردن و راهێنانی پیشەیی بەپێی بازاڕ و خوێندنی گەورە ساڵان دەگرێتەوە، هەروەها بوونی ئارامی و دڵنیایی لە ماڵ و لە دەرەوەی ماڵ، لە شەقام و لە بازاڕەکان دا، بەشێکە لە سیاسەتی خۆشگوزەرانی، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیو تاوان، بەشێکە لە سیاسەتی دڵنیایی. بەڵام لێرەدا دەبێ بەرەنگاری هۆکارەکانی تاوانیش بوەستین.

پێویسته به ئاشكراو بەڕوونی كۆمەڵ دژ به تاوانـەكان سەرپێچـیەكان بوەسـتێتەوه، بـەڵام چـاكترین دژایـەتی تـاوان نەهێشـتنی هۆكارەكانیـەتی، ئـەویش بـە دامەزرانـدنی كۆمەڵگەیـەك كـە تیایـدا جیاوازیـە كۆمەڵایەتیـەكان بچـوكبن، كـە هـەموان مافیـان هـەبێ بـۆ كـاركردن و توندوتیـژی ڕەگـەزی تێـدا نـەمابێ و منـداڵان و گـەنجان هەلومەرجی به ئارامی گەورەبوون و گەشەكردنیان هەبێ [(٢٨)].

---

[٢٨] وەرگێڕانی له سویدیەوه (عوسمان حەمە رەشید گوون) – زنجیرەی بیری سۆسیال دیموكراتی (٤) – چـاپی یەكەم/ سلێمانی – ٢٠٠٨. له بڵاوەكراوەكانی مەكتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك) ساڵی ٢٠٠٨. لاپەڕە (٨٠) .

# بەشی شەشەم:

# ڕێکخراوی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنالیی جیهانی (SI) و ئەندامەکانی

## باسی یەکەم: ڕێکخراوی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال (SI):

سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال (SI) ، ڕێکخراوێکی سیاسی جیهانییە هەوڵ دەدات بۆ چەسپاندنی سیستەمی سۆسیال دیموکرات لە جیهان.

ئامانجی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە بریتییە لە بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان حزب و ڕێکخراوە سیاسیە چەپڕەوەکان و یارمەتیدانیان بۆ کارکردن پێکەوە بە مەبەستی گەیشتن بە دەسەڵات و چەسپاندنی حوکمڕانی لەسەر بنەمای ڕێباز و فکری سۆسیال دیموکراسی.

مێژووی سۆسیال ئەنتەرناسیۆنال دەگەڕێتەوە بۆ:

١-بزوتنەوەی کرێکارانی جیهان، کە لەسەر پێشنیاری (فریدریك ئەنگلس) لە ساڵی (١٨٨٩) دامەزرا، کە چەند ئاراستەیەکی لەخۆگرتبوو لەوانە: ئاراستەی کرێکاری، کە هەڵگری خەباتی چینایەتی و دروشمی ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی کرێکاران بوون،

ئاراستەی سۆسیالیستی، کە هەڵگری پرۆژەی سیاسی و دیموکراسیانەی فراوانتر بوون و ئاراستەی بۆلشەڤیەتی یەکێتی سۆڤیەت.

٢-لە ساڵی (١٩٢٣) لە کۆنگرەی (هامبۆرگ) لە ئەڵمانیا، ئەنتەرناسیۆنالی سۆسیالیستی کرێکاری دروست بوو. بەڵام لەو ساڵەوە بەسستی مایەوە تا دوای جەنگی دووەمی جیهانی، کاتێك سۆسیالیستەکانی ئەوروپا بەتایبەتی بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا لە کۆنگرەی (فرانکفۆرت) لە ئەڵمانیا لە ساڵی (١٩٥١) رێکخراوەکەیان زیندوو کردەوە.

٣-سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال بە فەرمی لەساڵی (١٩٥١) دروست بوو، واتا ئەو رێکخراوە بەو فۆرمەی ئێستای بەرهەمی (کۆنگرەی فرانکفۆرت) ی ساڵی (١٩٥١) ە.

## پرانسیپەکانی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال:-

سۆسیالیست ئەتەرنتاسیۆنال، خەبات دەکات بۆ بەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئابوری و کەلتوری لەنێوان

چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، هەروەها گواستنەوەی ئەم مۆدێلە و ڕێکخستنی سیستمی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان (بوون بە پردێک لەنێوان میللەتان و کەلتورە جیاوازەکان و دەوڵەتان) لەسەر هەمان بنەمای یەکسانی و عەدالەت. کارکردن و خەبات کردن لە پێناوی دیموکراسی و ژیانی سیاسی فرە حزبی و ئاشتی و ئازادی و ئازادی رادەربڕین، ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و لێبوردەیی و دروستکردنی پردی پەیوەندی و گفتوگۆکردن لەنێوان میللەتان بەشێکی تری بەرنامەی ئەو ڕێکخراوەیە.

## پێکهاتەکانی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال ( SI ) :-

سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال، ناوەندی چەپڕەوەکانی جیهانە، لێرەوە زۆربەی حزب و ڕێکخراوە سیاسیە چەپەکانی جیهان ئەندامن لەم ڕێکخراوە و ژمارەیان دەگاتە زیاتر لە (١٦٠–١٧٠ بەئەندامی کاراو ڕاوێژو چاودێرەوە) لە زیاتر لە (١٠٠) دەوڵەتی دنیا، کە چەندین حزبی ئەندام لەو ڕێکخراوە لە وڵاتەکانیان خاوەن دەسەڵاتن و لەسەر حوکمن یان بەشدارن لە دەسەڵات لە ڕێگەی ڕێکەوتنی هاوپەیمانی.

سەبارەت بە حزبە کوردستانی و کوردیەکان تەنها (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) ئەندامن لەو ڕێکخراوە.

**ئۆرگانەکانی ڕێکخراوی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال** ( SI ) :-

ئۆرگانەکانی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال بریتین لە: کۆنگرە، ئەنجومەن، سەرۆکایەتی (سەرۆك – جێگرانی سەرۆك – سەرۆکی فەخری) ، کۆمیتەی ئیداری و دارایی و سکرتاریەتی گشتی، **هەروەها** پێکهاتەکانی ئەم ڕێکخراوە بریتییە لە:–

١–ئەندام.

٢–ئەندامی راوێژپێکراو.

٣–ئەندامی چاودێر.

٤–ڕێکخراوە دەستە خوشکەکان، وەك سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنالی ژنان و گەنجان..

٦–کەسایەتی و سەرکردەی حزبەکانی ئەندام لە سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال.

**کۆنگرەی سۆسیالیست ئەنتەرناسۆنال** ( SI ) :-

تا ئێستا (٢٦) کۆنگرە سازکراوە کەدواهەمینیان کۆنگرەی (٢٦)ەهەمین بوو کە لە رۆژانی نێوان (٢١-٢٧/١١/٢٠٢٢) لە شاری (مەدرید)ی پایتەختی ئیسپانیا بەستراو لە کۆنگرەکەدا سەرۆکی نوێی رێکخراوەکە و سکرتێری نوێی رێکخراوەکە هەڵبژێردران کە (پێدرۆ سانچین) سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئیسپانیا بەسەرۆکی رێکخراوەکە و خاتوو (بێنێدیکتا لاسی) بەسکرتێری گشتی رێکخراوەکە هەڵبژێردران[٢٩].

*ئەو کەسانەی کە پێشووتر سەرۆکی رێکخراوەکە بوون لە دامەزراندنیەوە تائەمڕۆ بریتین لەمانە:

---

[٢٩] شتێك دەربارەی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال/ نوسینی دکتۆر لوئەی جاف/ نوێنەری (ی.ن.ك) لە فەرەنسا – ١٣/٣/٢٠١٧ (puk media) –پوك میدیا–

١- مرۆگـان فليـپس - لـەدايك بـووی (١٩٠٢-١٩٦٣) سـەر بـەپارتی کرێکارانی بەریتانیا- ماوەی سەرۆکایەتیەکەی (٦) ساڵ لـە (١٩٥١-١٩٥٧).

٢- ئەلیسنگ ئەندەرسۆن - لەدايك بـووی ((١٨٩٣-١٩٦٢) سـەر بـە پارتی سۆشیال دیموکراتی دانیمـارك- مـاوەی سـەرۆکایەتیەکەی (٥) ساڵ لە (١٩٥٧-١٩٦٢).

٣- ئێریك ئۆلێنهاوەر - لـەدايك بـووی (١٩٠١-١٩٦٣) سـەر بـەپارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا- ماوەی سـەرۆکایەتیەکەی (یـەك سـاڵ) لە ساڵی (١٩٦٣).

٤- بڕۆنـۆ پیتـەرمان - لـەدايك بـووی (١٩٠٥-١٩٨٣) سـەر بـەپارتی سۆشیال دیموکراتی نەمسا- ماوەی سـەرۆکایەتیەکەی (١٢) سـاڵ لـە ساڵی (١٩٦٤-١٩٧٦).

٥- ویلّـی برانـدت - لـەدايك بـووی (١٩١٣-١٩٩٢) سـەر بـەپارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا- ماوەی سەرۆکایەتیەکەی (١٦) ساڵ لە ساڵی (١٩٧٦-١٩٩٢).

٦- پـایره مـاورۆی – لـەدایك بـووی (١٩٢٨-٢٠١٣) سـەر بـەپارتی سۆشیالیستی فەرەنسا- ماوەی سەرۆکایەتیەکەی (٧) ساڵ لە ساڵی (١٩٩٢-١٩٩٩).

٧- ئـەنتۆنیۆ گـۆتێرتیس – لـەدایك بـووی (١٩٤٩) سـەر بـەپارتی سۆشیالیستی پورتوکال- مـاوەی سـەرۆکاتیەکەی (٥) سـاڵ لەسـاڵی (١٩٩٩-٢٠٠٥).

٨- جـۆرج پاپانـدریۆ – لـەدایك بـووی (١٩٥٢) سـەر بـەپارتی سۆشیالیستی یۆنان (پاسۆك)- ماوەی سـەرۆکایەتیەکەی (١٦) سـاڵ لە ساڵی (٢٠٠٦-٢٠٢٢).

٩- پێـدرۆ سانچـێز – لـەدایك بـووی (١٩٧٢) سـەر بـە پـارتی سۆشیالیسـتی ئیسـپانیا- مـاوەی سـەرۆکایەتیەکەی (١٨٣) رۆژ لەساڵی (٢٠٢٢-تائەمڕۆ)[٣٠].

لەئێستاشـدا سـەرۆك وەزیرانـی پێشـووی ئیسـپانیا (پێدرۆسانچـێز) سـەرۆکی تـازە هەڵبـژێردراوی رێکخراوەکەیـە کـە لـە سـاڵی (٢٠٢٢) بەسەرۆك هەڵبژێردرا.

---

[٣٠] پەیجی فەرمی رێکخراوی سۆسیال ئەنتەرناسیۆناڵی جیهانی بەزمانی ئینگلیزی.

هەروەها لـە كوردسـتان تـەنها دوو حـزب ئەنـدامن لـەو رێكخـراوە كـە (یـەكێتی نیشـتمانی كوردسـتان) و (حزبـی دیمـوكراتی كوردسـتانی ئێـران) ن. پـاش ئـەوەی كـە سـەرۆك مـام جـەلال كـرا بـە جێگـری سـكرتێری گشـتی رێكخراوەكـە، وەكـو رێزلێنـان لـە خـەباتی پـەنجا ساڵەی سەرۆك مام جەلال لە ئازاری ساڵی (٢٠١٧) نازنـاوی سـەرۆكی فەخری رێكخراوەكەی پـێ بەخشـرا كـە ئـەوكات سـەرۆك مـام جـەلال بـەهۆی نەخۆشـیەوە نـەیتوانی بەشـداری ئـەو كۆنگرەیـە بكـات كـە كۆنگرەی (٢٥) هەمینی رێكخراوەكە بوو لـە سـاڵی (٢٠١٧) لـە وڵاتـی (كۆلۆمبیـا) بەسـتراو هـەڤاڵ (مـەلا بـەختیار) لێپرسـراوی دەسـتەی كارگێڕی ئەوكاتە نوێنەرایەتی سەرۆك مـام جـەل و یـەكێتی كـرد لـەو كۆنگرەیەو هەروەها لە كۆنگرەی (٢٦) ەمینیش كە لـە رۆژانـی (٢١- ٢٠٢٢/١١/٢٧) لــە شــاری (مەدریــد) ی وڵاتــی ئیســپانیا بەســترا بەمیوانــداری پــارتی سۆسیالیســتی كرێكــارانی ئیســپانیا. پــاش هەڵبـژاردنی سـەرۆكی نـوێ و سـكرتێری گشـتی نـوێی رێكخراوەكـە (سـەرۆك مـام جـەلال) وەك وەفایـەك بـۆ رەوانشـادی و خـەباتی نەپساوەی بـە (سـەرۆكی فـەخری) رێكخراوەكـە مایـەوە و لـە هـەمان

کاتدا (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) یش وەك ئەندامی کارای ئەو ڕێکخراوەیە ئامادەیی‌و بەشدارییەکی بەرچاوی هەیەو لەو کۆنگرەیەشدا هەڤاڵ (سەعدی پیرە) ئەندامی (م.س) یەکێتی وەك نوێنەری یەکێتی لە کۆنگرەکە بەشداربوو(٣١).

---

٣١ سایتی (puk media) پوك میدیا لە ٢٠١٧/٣/٣.

# باسی دووەم: ئەندامانی ڕێکخراوی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال (SI):

## یەکەم: حزبەکانی ئەندامی کارا لە سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال:

ئەمە دوو جۆر لە حیزبەکان دەگرێتەوە، ئەو حیزبانەی لە دەسەلاتن و ئەو حیزبانەی لە ئۆپۆزسیۆنن، بەپێی ئەو دەولەتانەی کە لەسەر بناغەی پیتی لاتینی و بەناوی ئینگلیزی ریزکراون، کە بە تێکڕا ژمارەیان (١١٢) پارتە لە (١٠٠) دەولەت لەگەڵ حزبە راوێژکارو چاودێرەکان:

أ- ئەو ئەندامانەی تەواوی لە حوکمڕانی بەشدارن و لە دەسەلاتن:

١- ئەنگۆلا جولانەوەی جەماوەری بۆ ئازادیی ئەنگۆلا (Mpla).

٢- ئوستراليا، پارتی کرێکارانی ئوسترالیا.

٣- بۆتسوانا - پارتی دیموکراتی بۆتسوانا (BDP).

٤- بەلجیکا، پارتی سۆشیالیست (هاوبەشی لە حوکمڕانی).

٥- أ) پارتی سۆسیالیستی والۆنی بەلجیکی (PS).

ب) پارتی سۆسیالیستی فلەمانی بەلجیکی (Vooruit).

٦- بۆسنەو هێرتسگۆڤینا، پارتی سۆشیال دیموکرات لە بۆسنەو هێرتسگۆڤینا.

٧- بەرازیل، پارتی کرێکاری بەرازیل (پارتی سەرەکیە لە حوکم).

٨- بولگاریا، پارتی سۆشیال دیموکراتی بولگاریا (پارتی بچووکی دەسەڵات).

٩- بولگاریا، پارتی سۆشیالیستی بولگاریا (پارتی سەرەکی دەسەڵات).

١٠- کابۆڤێردێ، پارتی سەربەخۆیی کابۆڤێردێی ئەفریقی (Paicv).

١١- شیلی، پارتی سۆشیالیستی شیلی (PS).

١٢- شیلی، پارتی سۆشیال دیموکراتی رادیکال (PR).

١٣- شیلی، پارتی بۆ دیموکراسی (PPD).

١٤- کۆستاریکا، پارتی ئازادیی میللی.

١٥- ئیکوادۆر، پارتی چەپی دیموکرات (بەشێکە لە بەرەی PAIS )

١٦- ئەلبانیا – پارتی سۆسیالیستی ئەلبانیا (SPA).

١٧- ئیستۆنیا، پارتی سۆشیال دیموکرات.

١٨- ئەڵمانیا، پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا (پارتی هاوپـەیمان لە دەسەڵات).

١٩- گواتیمالا، بەرەی نیشتمانی ئاوات.

٢٠- هەنگاریا، پارتی سۆشیالیستی هەنگاریا.

٢١- سویسرا – پارتی سۆشیال دیموکراتی سویسرا.

٢٢- ئیرلەنـــدا، بـــەرەی سۆشـــیال دیمـــوکرات (پـــارتی بچـــووکی دەسەڵات).

٢٣- عێـراق، یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان (پـارتێکی بەشـدارە لەدەسەڵات).

٢٤- ئیسـرائیل – پـارتی کرێکـارانی ئیسـرائیل (پـارتی بچـووکی بەشداری دەسەڵاتە) + پارتی مێرێتز (Meretz Party).

٢٥- لوبنان، پارتی سۆشیالیستی پێشکەوتوو (بەشداری دەسەڵات و بەشێکی بەرەی ١٢ی مارتە).

٢٦- لوکسـمبۆرگ، پـارتی سۆشیالیسـتی کرێکـاری لۆکسـمبۆرگ (بەشداری بچووکی دەسەڵاتە).

٢٧- مالی، بەرەی دیموکراتی مالی (بەشێکی بەرەی دیموکراسی و ئازادییە).

٢٨- مالْتا، پارتی کرێکاران.

٢٩- مۆریتانیا کۆمەڵی بەرەی دیموکراسی.

٣٠- مەکسیك، پارتی دیموکراتی شۆڕشگێڕی مەکسیك.

٣١- مەکسیك، پارتی دامەزراوەی شۆڕشگێڕ.

٣٢- مۆنتینیگرۆ، پارتی سۆشیال دیموکراتی مۆنتینیگرۆ (پارتی بچووکی بەشداری دەسەڵات).

٣٣- مۆنتینیگرۆ، پارتی دیموکراتی سۆشیالیستی مۆنتینیگرۆ (پارتی سەرەکی دەسەڵات).

٣٤- مراکش (مەغریب)، بەرەی یەکێتیی سۆشیالیستی گەل (پارتی بچووکی دەسەڵات).

٣٥- مۆزنبیق، فرێلیمۆ (Frelimo).

٣٦- نامیبیا، رێکخراوی گەلی باشووری رۆژئاوای ئەفریقیا (Swapo).

٣٧- هۆڵەندا، پارتی کرێکاران (پارتی بچووکی دەسەڵات).

٣٨- نیکاراگوا، بەرەی ئازادیی نیشتمانی ساندینیست.

٣٩- ئیرلەندی باکوور، پارتی سۆشیال دیموکرات رو کرێکاری (پارتی بچووکی دەسەڵات).

٤٠- نەرویج، پارتی کرێکارانی نەرویج (پارتی سەرەکی دەسەڵات).

٤١- پاکستان، پارتی گەلی پاکستان (پارتی سەرەکی حوکمڕان).

٤٢- پەنەما، پارتی دیموکراتی شۆڕشگێڕ (PRD).

٤٣- پاراگوای، پارتی شۆڕشگێڕی فابریریسیتا (بەشێکە لە یەکێتیی بۆ گۆڕان).

٤٤- پیرۆ، پارتی ئەپرێستی پیرۆ (پارتی سەرەکی دەسەڵات).

٤٥- پورتوگال، پارتی سۆشیالیست (PS).

٤٦- رۆمانیا، پارتی سۆشیال دیموکرات.

٤٧- سات مارینۆ، پارتی سۆشیالیست و دیموکرات (پارتی بچووکی دەسەڵات) (PSD).

٤٨- پربیا، پارتی دیموکرات (پارتی بچووکی دەسەڵات).

٤٩- سلۆڤاکیا، ئاراستەی سۆشیال دیموکرات (پارتی سەرەکی دەسەڵات).

٥٠- سلۆڤاكيا، سۆشيال ديموكرات.

٥١- ئيسپانيا، پارتى سۆشياليستى كرێكارى ئيسپانيا.

٥٢- باشوورى ئەفريقيا كۆنگرەى نيشتمانى ئەفريقيا.

٥٣- بەريتانيا، پارتى كرێكاران.

٥٤- ئۆرۆگواى، پارتى سۆشياليستى ئۆرۆگوا.

٥٥- بوركينافاسو - بزوتنەوەى گەل بۆ پێشكەوتن (MPP).

٥٦- چـاد - يــەكێتى نيشــتمانى بــۆ گەشــەپێدان و نوێبونــەوە (UNDR).

٥٧- كۆمــارى ديمــوكراتى كۆنگــۆ - يــەكێتى بــۆ ديموكراســى و پێشكەوتنى كۆمەڵايەتى (UPDS).

٥٨- فينلەندا - پارتى سۆشيال ديموكراتى فينلەند ()CSPP.

٦٥٩- هاييتى - بەرەى سۆشيال ديموكراتى هاييتى.

٦٠- كۆسۆڤۆ - بزوتنەوەى مافى چارەنووس.

٦١- مەنگۆليا - پارتى گەلى شۆڕشگێڕى مەنگۆليا.

٦٢- نيپاڵ - پارتى كۆنگرێسى نيپاڵ.

٦٣- نێجەر - پارتى نێجەر بۆ ديموكراتى و سۆشياليزم.

٦٤- فەلەستین - بزوتنەوەی فەتح (دەسەڵاتی فەلەستین).

٦٥- ساوتۆمیو پرینسێپ - بزوتنەوەی رزگاری ساوتۆمی (پارتی سۆشیال دیموکرات).

٦٦- صربیا - پارتی سۆشیال دیموکراتی صربیا.

ب- ئەو ئەندامە تەواوانەی بەپێی دەوڵەتانی بەرامبەریان لە ئۆپۆزسیۆنن:

١- جەزائیر، بەرەی رزگاری جەزائیر.

٢- ئەندۆرا، پارتی دیموکراتی ئەندۆرا.

٣- ئەرمینیا، شۆڕشگێڕانی فیدراڵی ئەرمینیا.

٤- ئەرجەنتین، پارتی سۆشیالیست.

٥- ئەرجەنتین، یەکێتیی گەلی رادیکاڵ.

٦- باربادۆس، پارتی کرێکارانی باربادۆس.

٧- بەلجیکا، پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەڵتەرناتیڤ.

٨- بنین، پارتی سۆشیال دیموکرات.

٩- کامیرۆن، بەرەی سۆشیال دیموکرات.

١٠- كەنەدا، پارتی دیموکراتی نوێ.

١١- کۆلۆمبیا، پارتی لیبراڵی کۆلۆمبیا.

١٢- کرواتیا، پارتی سۆشیال دیموکراتی کرواتیا.

١٣- قەرەچا، بزووتنەوەی رۆشنبیری نوێ.

١٤- قبرص، بزووتنەوەی سۆشیال دیموکرات.

١٥- قــوبرس - یــەکگرتووی دیمــوکراتی یــەکێتی ناوەنــد (ئیــدێك کیپرۆس)..

١٦- دانیمارك، پارتی سۆشیال دیموکرات.

١٧- کۆماری دۆمنیکان، پارتی شۆڕشگێڕی دۆمنیکان.

١٨- غینیای ئیستیوایی، کۆمەڵەی سۆشیال دیموکرات.

١٩- فەڕەنسا، پارتی سۆشیالیست.

٢٠- یۆنان، بزووتنەوەی سۆشیالیستی یۆنانی (پاسۆك).

٢١- گۆینیا، پارتی گەل گۆینیا.

٢٢- ئیرلەندا، پارتی کرێکاران.

٢٣- ئیسرائیل، پارتی میریتس - یاخاد.

٢٤- ئیتاڵیا، پارتی دیموکراتی ئیتاڵیا (PDI).

٢٥- ئیتاڵیا، پارتی سۆشیالیستی ئیتاڵیا (PSI).

٢٦- جامایكا، پارتی گەلی نیشتمانی.

٢٧- یابان، پارتی سۆشیال دیموكرات.

٢٨- لاتڤیا، پارتی سۆشیال دیموكراتی كرێكاری لاتفیا (كورسی نییە لە پەرلەمان).

٢٩- لیتوانیا، پارتی سۆشیال دیموكراتی لیتوانیا.

٣٠- مەقدۆنیا، یەكێتیی سۆشیال دیموكراتی مەقدۆنیا.

٣١- مالیزیا، پارتی بزووتنەوەی دیموكراتی.

٣٢- موریشیۆس، بەرەی خەباتگێڕی موریشیۆس.

٣٣- مۆریشیۆس، پارتی كرێكارانی مۆریشیۆش (بەشێكە لە بەرەی سۆشیالیست).

٣٤- نیوزیلەندا، پارتی كرێكارانی نیوزیلەندا.

٣٥- پۆڵۆنیا، بەرەی چەپی دیموكرات.

٣٦- پۆڵۆنیا یەكێتیی كرێكاران (كورسی نییە لە پەرلەمان).

٣٧- پرۆتۆریكۆ، پارتی سەربەخۆی پۆرتۆریكۆ.

٣٨- سینگال، پارتی سۆشیالیستی سینگال.

٣٩- سويد، پارتی سۆشیال دیموکراتی سوید.

٤٠- سویسرا، پارتی سۆشیال دیموکراتی سویسرا.

٤١- تورکیا، پارتی گەلی کۆماری

٤٢- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سۆشیال دیموکراتی ئەمریکا (نوێنەرایەتی لە حوکم نییە).

٤٣- فینزوێلا، بزووتنەوەی سۆشیالیست.

٤٤- نەمسا، پارتی سۆشیال دیموکراتی نەمسا.

٤٥- هەنگاریا، پارتی سۆشیال دیموکراتی هەنگاریا.

## دووەم: پارتە راوێژکارەکانی ناو سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال:

١- ئازەربایجان، پارتی سۆشیال دیموکراتی ئازەربایجان.

٢- بلوورسیا، پارتی سۆشیال دیموکراتی بلوروسیا.

٣- بۆرۆندی، بەرەی دیموکراتی بۆرۆندی.

٤- دومنیك، پارتی کرێکارانی دومنیك (لە حوکمە).

٥- فیجی، پارتی کرێکارانی فیجی.

٦- گابۆن، پارتی پێشکەوتووی گابۆن.

٧- غانا، کۆنگرەی دیموکراتی نیشتمانی (لەحوکم).

٨- گواتیمالا، سۆشیال دیموکراتی گەلی.

٩- گرینلەند، بۆ پێشکەوتن (لە حوکمە).

١٠- گویانا، بەرەی گەلی کارکەران.

١١- مالی، پارتی بەرگری مالی.

١٢- نامیبیا، کۆنگرەی دیموکراسی.

١٣- مۆلدۆڤیا، پارتی هاوکالاری وڵات.

١٥- فلیپین، پارتی چالاکی هاوڵاتی ئەکبایان.

١٦- فلیپین، پارتی سۆشیال دیموکراتی فلیپین.

١٧- روسیا، بەرەی سۆشیال دیموکرات.

١٨- ساینت کیت و نیفیت، پارتی کرێکارانی ساینت کیت و نیفیت (لەحوکمە).

١٩- سانت لوسیا، پارتی کرێکارانی سانت لوسیا.

٢٠- سانت فینسست و گرانادا، پارتی یەکگرتووی کرێکاران (لە حوکمە).

٢١- تەیمور، بەرەی شۆڕشگێڕی سەربەخۆی تەیموری رۆژهەڵات.

٢٢- تۆگۆ، جولانەوەی گەلی دیموکراتی ئەفریقیا.

٢٣- تونس، بەرەی میللی بۆ دیموکراسی و کار.

٢٤- قبرصی باکوور، پارتی کۆماری تورکی.

**سێیەم: پارتە چاودێرەکانی ناو سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال:**

١- ئەرجەنتین، پارتی سۆشیالیست.

٢- بۆتسوانا، بەرەی نیشتمانی بۆتسوانا.

٣- بولگاریا، سۆشیال دیموکراتی بولگاریا.

٤- کۆماری سەنترالی ئەفریقیا بەرەی نیشتمانی

٦- کۆلۆمبیا.

٥- هیند، جانتادال.

٦- ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

٧- ئەردەن، پارتی چەپی دیموکراتی ئەردەن.

٨- مۆریتانیا، هێزی بەرەی دیموکرات.

٩- مۆلداڤیا، پارتی سۆشیال دیموکراتی مۆلداڤیا.

١٠- روسیا، روسیای خۆشگوزەران - هاوکارانی سەرۆك میدفیدۆڤ.

١١– بیابانی رۆژئاوا، بەرەی پۆلیساریۆ (لە حوکمە).

١٢– یەمەن، پارتی، سۆشیالیستی یەمەن.

## چوارەم: ڕێکخراوە برایەتییەکانی ناو سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال:

١– جولانەوەی فالکۆنی ئینتەرناسیۆنال – پەروەردەی سۆشیالیست ئینتەرناسیۆنال.

٢– یەکێتیی لاوانی سۆشیالیستی جیهانی.

٣– ژنانی سۆشیالیستی جیهانی.

## پێنجەم: ڕێکخراوە دۆستایەتییەکانی گرووپی سەر بە سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال:

١– فیدراسیۆنی ئینتەرناسیۆنالی ڕاگەیاندنی سۆشیالیست و دیموکرات.

٢– کۆنفدراسیۆنی ئینتەرناسیۆنالی وەرزشی کرێکاری.

٣– کۆمەڵەی سۆشیالیستی ئاینی جیهانی.

٤– یەکێتیی جیهانی مامۆستایانی سۆشیالیست ئینتەرناسیۆنال.

٥- کۆمەڵەی کرێکارانی یەهودی.

٦- پــەیمانگای نیشــتمانی دیمــوکراتی بــۆ خۆشــگوزەرانی جیهــانی (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا).

٧- گروپی پەرلەمانی پارتە سۆشیال دیموکراتەکانی ئەوروپا.

٨- پارتە سۆشیالیستەکانی ئەوروپا.

٩- گرووپی پەرلەمانی سۆشیال دیموکراتی ئەمریکای لاتین.

١٠- بزووتنەوەی کرێکارانی سەهیۆنی جیهانی.

١١- سۆشیال ئینتەرناسیۆنالی ئەفریقیا.

## باسی سێەم: حزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا (SPD):

حزبێکی دێرینی ئەڵمانیایە و ساڵی (١٨٧٥) دامەزراوە، ئـەم حزبـەش وەك هـەموو حزبێکـی تـر هەڵکشـان و داکشـانی بینیـوە، یـەکگرتن و ململانێی ناوخۆیی و بـاڵ بـاڵێن و لێکجیابوونـەوەی بـەخۆوە بینیـوە. سـەرەتا ئـەم حزبـە لـە ئـەنجامی یـەکگرتنی دوو بزوتنـەوەی سۆشیالیستی ئەڵمانی دروست بوو.

بزوتنەوەی یەکەمیان لە ژێر کاریگەری فیکری (فەردیناند لاسال) بوە و دووەمیان لەژێر کاریگەری فکری (کارل مارکس) دا بووە. ئەم حزبە بەشـێوەیەکی ئاشـکرا لەسـەرەتادا تەبـەنی بـیرو بۆچـوونەکانی سۆشـیالیزمی شۆڕشـگێڕی (مـارکس) ی کردبـوو کـە لـە بەرنامـەی (ئێرفۆرت) دا بەروونی لە کۆنگرەی حزبی (spd) لە لایەن بیرمەنـدان (ئیدوارد بێرنشتاین، ئۆگستۆس بیبلۆ، کارل کاوتسکی) داڕێژرایەوە و گۆڕانکـاری تێـدا کـرا، چـونکە پێیـان وابـوو مـەرگی سـییەمی سـەرمایەداری و زەرورەتـی سۆسـیالیزم و خـاوەنێتی هۆیـەکانی

بەرهەمهێنان نزیکە، بۆیە دەبێت حزب لە میانـەی بەشـداری سیاسـی یاسـاییەوە چـاودێری ئامانجـەکانی خـۆی بکـات، لـەبری چـالاکی شۆڕشگێڕی، لەوبارەوە (کاوتسکی) پێـی وابـو کـە سـەرمایەداری بـە سروشتی خۆی دەبێت بڕوخێت و ئەرکی بە پەلـەی سۆسیالیسـتەکان بریتیە لە چاککردنی ژیان و گوزەرانی کرێکاران لە بری شۆرشکردن.

لـە دوای ئـەو کـۆنگرەوە، حـزب بـەهۆی ململانـێ لـەنێوان ئەنـدامانی سـەرکردایەتی حـزب لەسـەر بابـەتی (ریفـۆرم و شـۆڕش) ، توشـی چەندین گرفتی ناوخۆیی بووەوە، بۆ نمونە (ئیـدوارد بێرنیشـتاین) بـە پێداچـوونەوە بـە مارکسـیزم دا بیروبۆچـوونەکانی گۆڕانیـان بەسـەردا هـات و بـە ئاراسـتەی ریفـۆرم خـوازی نـاو حـزب دا رۆیشـت، بـەڵام هەریەکـە لـە (کـارل کاوتسـکی) و (رۆزا لۆکسـمبۆرگ) بـە ئاراسـتەی شۆڕشـــی (ئەرسۆدۆکســـی) دا هـــەنگاویان نـــاو لـــە ئـــەنجامی ململانێکانیانەوە لە حزب جیابوونەوە.

ساڵی (١٩١٧) حزب بۆ دوو بەرە دابـەش بـوو، بـەرەی دژ بـە شـەڕ و بـەرەی هاوپـەیمانی شـەڕ. بـەرەی دژ بـە جـەنگی یەکـەمین جیهـانی خۆیان ناونابوو (حزبی سۆشیال دیموکراتی سـەربەخۆ/ uspd) و بـە

سەرۆکایەتی (فریدریش ئیبرت) لە حزبی (spd) جیابوونەوە. ئەم بەرەیە دژی حزب بوون لە سەر پشتیوانی لەو جەنگە کە پییان وابوو ئەوە جەنگی ئیپمریالیستەکانە و بۆ دابەش کردنی ناوچە کۆلۆنییەکانە. هەروەها دەیانویست ببنە هێڵی ناوەڕاست لەنێوان ریفۆرم خوازەکان و شۆرشگێڕەکان دا. ئەم حزبە نوێیە دواتر چەند گروپێکی تری لەخۆگرت کە بریتی بوون لە ریفۆرمخوازەکانی وەك (برنشتاین) و هێڵی ناوەند وەك (کاوتسکی) و رادیکاڵەکان وەك (رۆزا لۆکسمبۆرگ) کە وەك (کۆمەڵەی چەپی سپارتاکۆس) بەشداریان لەو حزبە نوێیەدا کرد.

دوای کۆتاییهاتنی جەنگ بنیاتنانی (کۆماری ڤایمەر) ، (ئیبرت) وەك سەرۆکی کۆمار هەڵبژێردرا، کۆمەڵەی چەپی سپارتاکۆس لەو حزبە هاتە دەرەوە و بوونە کرۆکی دامەزراندنی (حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیا) .

لەدوای دروستبوونی (ئینتەرناسیۆنالی سێیەم – Die) ئینتەرناسۆنالی کۆمۆنیستی لە جیهان دا، باڵی شۆڕشگێڕ لە حزبی

سۆشـیال دیمـوکراتی سـەربەخۆ (uspd) جیابوونـەوە و چـوونە نـاو حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانیاوە.

هەروەها باڵی خاوەن مەیلی پەرلەمانی لە ساڵی (١٩٢٢) دا گەڕانـەوە ناو حزبی دایـك (spd) ، پـاش ئـەوەی (ئـەدۆلف هیتلـەر) لـە سـاڵی (١٩٣٣) دا هاتە سەر حوکم، (حزبی سۆشیال دیمـوکراتی سـەربەخۆ) ی قەدەغە کرد، زۆربەی ئەندامانی حزب زینـدانی کـران و رووبـەڕووی ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر بوونەوە.

حزبی (spd) لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی بوو بە دوو بەشەوە: حزبی رۆژهەڵات کـە لەگـەڵ حزبـی کۆمۆنیسـت یـەکیان گـرت بـەناوی (حزبی یەکێتی سۆشیالیستی – SED) تا سـاڵی (١٩٨٩) ، هـەروەها حزبی رۆژئـاوا، ئـەم بەشـەی رۆژئـاوا بەتـەواوی لـە فکـری مارکسـیزم دوورکەوتەوە و بەرەو (سۆشیالیستی لیبرالی) رۆیشت، ئـەم حزبـە لـە سـاڵی (١٩٦٦) دا وەك بەشـێك لـە هاوپـەیمانی حکـومی لەگـەڵ دیموکراتی مەسیحی هاتە سەر حوکم و رۆڵـی سـەرەکی لـە بنیاتنـانی بازاڕی ئابوری کۆمەڵایەتی لە ئەڵمانیای رۆژئاوادا بینـی، ساڵی (١٩٩٠) ، لە دوای رووخانی دیواری بەرلین، هەردوو بەشی حزب لـە رۆژئـاوا و

ڕۆژهەڵات یەکیان گرتەوەو بووە دووەم حزب لەسەر ئاستی ئەڵمانیا لە دوای حزبی (SDU) .

حزبی (سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانی – spd) بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی ئەڵمانیا زۆربەی ئەندامەکانی لە چوارچێوەی (١١) گروپ دا ڕێکخستووە، ئەم گروپانە لەسەر بنەمای (تەمەن، ڕەگەز، پیشە، تایبەتمەندێتی تر) جیاکراونەتەوە و لەلایەن لیژنەی راپەڕاندنی حزب (دەستەی کارگێڕ) ەوە ئاراستە دەکرێن.

بەرنامە و پلانی خۆیان هەیە و بەشێوەیەکی دیموکراسیانە هەڵبژرادن لەناو حزب دا دەکەن.

لە دیسەمبەری ساڵی (٢٠١٨) دا ژمارەی ئەندامەکانیان گەیشتبووە (٤٣٧٧٥٤) ئەندام. لە کۆی (٧٠٩) کورسی پەرلەمان (بوندستاغ — ئەنجومەنی یاسادانان) — (١٥٢) کورسی بەدەست هێناوە، لە کۆی (٦٩) کورسی (بوندسترات، نوێنەری –١٦– هەرێمەکەی ئەڵمانیا، کە ڕێژەی کورسیەکانیان بەپێی ژمارەی دانیشتوان دیاری دەکرێت) — (٢١) کورسی بەدەستهێناوە. لە کۆی (٩٦) ئەندام پەرلەمانی یەکێتی ئەوروپا (١٦) کورسیان بەدەست هێناوە. لەکۆی (١٨٧٤) کورسی

سەرجەم ئەندام پەرلەمانی هەموو هەرێمەکان (هەر هەرێمێك بەجیا پەرلەمانی خۆیان هەیە) – (٤٨٩) کورسیان بەدەست هێناوە. لە کۆی (١٦) سەرۆك وەزیرانی هەرێمەکە، (٧) سەرۆك وەزیران سەر بەو حزبەن.

ئەم حزبە گرنگی زۆر بە مەسەلەکانی ژنان و کەسانی بەتەمەن و کۆچبەران و پرسەکانی مافی مرۆڤ و ژینگە دەدات. هەوڵی سەرەکیان بەرگری کردنە لە سیستمی سۆشیال دیموکرات لە ئەڵمانیا[٣٢].

٣٢ کتێبی پرەنسیپی گروپەکانی کار لە حیزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانیا – SPD وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە (جەمیلە شێخ مەحمود) – چاپی یەکەم، ساڵی (٢٠٢٢) لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك) . لاپەڕە (٨) .

# بەشی حەوتەم:

# پراكتیزە كردنی سۆشیال دیموكرات

# لە كوردستان

## باسی یەکەم: سۆشیال دیموکرات و کۆمەڵگەی کوردستان:

زۆرجار دەوترێت، کە فلانە فکر یان ئایدۆلۆژیا لە دەرەوە هاوردە کراوە و لەگەڵ بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئێمە ناگونجێت، بێ ئەوەی خاوەن ئەو گوتارانە ئەلتەرناتیڤێکی خۆمالییان پێبێت، کە بێگومان بیرکردنەوەیەکی لەو شێوەیە هەڵەیە، گەر بە دوای بەکارهێنانی تەنیا شتە خۆماڵییەکانەوە بین،ئەوا لە بەرامبەر جیهانی پێشکەوتوودا دووچاری نامۆییەکی کوشندە دەبینەوە،وەك چۆن لە داهێنانە تەکنەلۆژییەکاندا، دەتوانین سود لە دوا پێشکەوتنەکانی جیهان وەربگرین، بەهەمان شێوە دەتوانرێ سود لە داهێنانە فکرییەکانیش وەربگیرێت.

گەر لەبەر کۆمەڵێك هۆ هەندێك لەو بیر و ئایدۆلۆژییە بیانیانە لەگەڵ هەلومەرجی رۆژهەلاتیانەی ئێمە نەسازێت، بۆ نموونە بیری کۆمۆنیستی، ئەوا بیری سۆشیال دیموکراتی هیچ جۆرە ناکۆکی و

نەسازانێتی وای تێدا نیە، بەڵکو هەر زۆر لە روحی تینوی بە ئازادی و یەکسانی و برایەتی ئێمەوە نزیکە.

سۆشیال دیموکراتی بۆ ئەم قۆناغـەی ئێمـە، بەتایبـەت دوای ڕوخـانی رژێمی دیکتـاتۆری عـیراق و ئـەو گەشـە ئابوریـیـە خێـراو بـێ وێنەیـە، چارەسـەری زۆر لـە وکێشـانە دەکـات، کـە ڕووبـەڕوومان بونەتـەوە، بەتایبەت لە ڕووی ئابورییەوە.

لە ئەنجامی بێ بەرنامەیی و ناڕوونی شێوازی حوکمرانی، بەتایبەت لە بواری ئابوریدا، کـەس نـازانێ چ جـۆرە سیسـتمێکمان هەیـە، ئـەوەی هەیە تەنیا کار و کارلێکی ڕۆژانەیە و زیاتر بە میزاج کار دەکـرێ نـەك بـە پشـت بەسـتن بـە فەلسـەفە و تیۆرییـە کارپێکراوەکـان، دەبیـنین هەژارییەکی زۆر و لە ڕادەبەدەر لە نێو کۆمەڵدا بوونی هەیە، جیاوازی و کەلێنێکی گەورە کەوتۆتـە نێـوان داراو نـەدارەوە، توێـژێکی فـراوان هەسـت بـە نـامۆیی و پـەراوێزخرانی خۆیـان دەکـەن، هەلومـەرجی گەشەکردنێکی یەکسان بۆ تاکەکانی کۆمەڵ دابین نـەکراوە، تەنانـەت ئەو لایەنانەش کە دروشمی سۆشـیال دیموکراتیـان بـەرز کردۆتـەوە و ئەم فکرەیـان هـەڵگرتووە، توێژیینەوەیـەکی زانسـتیانە و قوڵیـان بـۆ

چـۆنیەتی جێبـــەجێ کردنـــی بنـــەما ســـەرەکییەکانی و گونجـــان و نەگونجانی لەگـەڵ هەلومـەرجی ئـابوری و کۆمەڵایـەتی ئـەم ناوچـەیە نەکردووە، لـە ڕووی پراکیتکـەوە شـتێکی ئـەوتۆیان ئـەنجام نـەداوە، هەرچی کراوە لە پینەو پەڕۆ دەچێت بە نیوە ناچڵی کاڵوکرچی کراوە و سادەیی و ساکاری پێوە دیـارە، بۆیـە کێشـەکان نـەك وەك خۆیـان ماوەن، بەڵکو زەقتر بوونەتەوە، بۆنموونـە بڕواننـە کێشـەی بێکـاری، کێشەی تەندروستی، کێشەکانی بواری پەروەردە و چاودێری منـداڵان و بەساڵاچوان، هەروەها بڕواننـە ئـەو بـەناو ئـەو چارەسـەرییانەی بـۆ ئەم کێشانە دانراون، پێمان دەڵێ کاتی ئـەوە هـاتوە هـەڵگرانی بـیری سۆشیال دیموکراتی، بەتایبەت ئەو حزبانەی لـەناو پەرلەمانـدان چ لـە کوردسـتان و چ لـە عێـراق، قۆنـاغی دروشـم تێپـەڕێنن بەجـدی لەبـەر ڕۆشـنیاییەکانی فکـری سۆشـیال دیمـوکراتی پرۆژەیاسـای وا بخەنـە بـواری جێبـەجێ کردنـەوە، کـە بەڕاسـتی ببنـە هۆکـاری هێنانـەدی کۆمەڵگەیـەکی خۆشـگوزەران، کـە جیاوازییـە چینایەتییەکان بـەرەو کاڵبوونـەوە ببـەن، دەتـوانین بڵـێین کـە دەکـرێ لـە زۆر بـواردا، وەك پەروەردە و تەندروستی و چاودێری منداڵان پـیرو پەککـەوتوان و لـە

بــورای خانەنشــینی و بیمــەی بێکــاری و کــەرتی نیشــتەجێ بــوون و پاراستنی ئازادییەکان و یەکسانی و مافی مرۆڤ... هتد، سودێکی بـاش لە تاقیکردنەوەی ئەو گەلانە وەربگرین، کـە دەیـان سـاڵە لـە سـایەی فکـــری سۆشـــیال دیموکراتەکانـــەوە پێشـــکەوتنی بەرچـــاویان بەدەسـتهێناوە و کۆمـەڵ و وڵاتـی خۆیـان لـە هەژارییـەوە گەیاندۆتـە ئاسـتی وڵاتــە هــەرە پێشـکەوتووەکانی جیهـان، هەڵبەتـە سۆشـیال دیموکراتەکانی ئەو وڵاتانە دەیان ساڵیان پێویست بـووە بـۆ گەیشـتن بـەو گۆڕانکارییـە بەدیهاتووانە،بۆیـە مـەرج نیـە کۆپییـەکی کوێرانـەی تاقیکردنەوەی ئەو گەلانە ئـەنجام بدرێت،بـەڵکو دەتوانرێـت سـود لـە هێڵە گشتییەکان وەربگیرێت، واتە پێویست ناکات لە خـاڵی سـفرەوە دەست پێبکرێت،وەك چۆن دەتوانرێت سـود لـە بـوارە تەکنـەلۆژییای رۆژئاوا وەربگیرێت، ئەوا لـە بـوارە فکرییەکانیشـدا بـەپێی هەلومـەرج دەتوانرێ کار بەلایەنە باشەکانیان بکرێت. [٣٣] .

[٣٣] عوسمان حەمە رەشید گورون، بیری سۆسیال دیموکراسی و پراکتیزە کردنی لە کوردستان،چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی،٢٠١٦، ل٢٢.

## باسی دووەم: بنەمای بیری سۆشیال دیموکرات و جێبەجێ کردنی:

سۆشیال دیموکرات لە بنەمادا هەوڵ دەدات بۆ گۆڕانی پەیوەندییەکان ناو کۆمەڵ و ڕێکخستنەوەیان لەسەر بنچینەی مرۆڤایەتی و دۆستایەتی، یەکسانی، پاراستنی مافی مرۆڤ، ئازادی ئابوری و کارکردن، چارەسەری کێشەکانی ناو کۆمەڵگە بە ڕێکەوتن و یەکتر قبوڵ کردن و ڕێزگرتن لە بۆچوونە جیاوازەکان دوور لە سەپاندن... هتد.

سۆشیال دیموکراتەکان لەو وڵاتانەی کە حوکمیان گرتۆتە دەست، یان ڕۆڵی گەورەیان لە سیستەمی سیاسیدا هەیە، هەوڵیان داوە مەبەستەکانی خۆیان بخەنە بواری پراکتیکیەوە، توانیوشیانە زۆر لە خاڵەکانی جێبەجێ بکەن، کە بریتین لە:

## یەکەم: لایەنی سیاسی

١. ڕێگە نەدان بە دەسەڵاتی تاکە کەس، تاقم یان تەنها حزبێکی سیاسی، خۆسەپاندنی تاکە حزب، یان بوونی تەنها لیستێك لای سۆشیال دیموکراتەکان بە کارێکی ترسناك تەماشا دەکرێت.

٢. پەرلەمانتاری بناغەی دیموکراسیە، دانانی دەستوری بنەڕەتی.

٣. دیموکراسی کردنی سیستمی هەڵبژاردن و ڕیفۆرمرکردن لە پرۆسە و شێوازی هەڵبژاردن، دانانی دەستور و یاسای بنەرەتی هەمیشەیی، مافی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتنی بە یەکسانی و بەبێ جیاوازی.

٤. بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمی ناوچەیی لە دەسەڵاتدا، تا دەگاتە حوکمی کۆنفیدراڵی بەپێی بارودۆخ و فرەنەتەوە و ڕەگەز لەو وڵاتەدا، بۆ ئاسانکردنی حوکمڕانی بەشداری زیاتری خەڵکی ناوچە جۆراو جۆرەکان لە بەڕێوبردنی خۆیاندا.

٥. فرە حزبی و فرە مینبەری، مافی یەکسانی لە دەنگدان و خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن بۆ هەموو هاوڵاتیەك.

٦.  بریـاری زۆرینــه لـه کـار و بەڕێوەبردنـدا، لەگـەڵ پاراسـتنی مـافی کەمایەتی و ڕێزلێگرتنی.

٧.  ئـازادی دامەزرانـدنی پـارت و ڕێکخـراو ، سـەندیکای پیشــەیی، کۆمەڵەی هەرەوەزیی، یانە کلتوری، زانستیی، وەرزشیی... هتـد، لـە چوار چێوەی یاسادا.

٨.  دیموکراسـی کردنـی پەیوەنـدی پارتــە سۆشـیال دیموکراتــەکان لەگــــەڵ ڕێکخـــراوی جـــەماوەری و ســــەندیکا و کۆمەڵەکانــــدا و بەرفراوانکردنیان و گرنگیدان بە رۆڵیان و پاراستنی سـەربەخۆییان لـە کارەکانیاندا.

٩.  دەنگدانی گشـتیو ریفرانـدۆم لـە کـاتی پێویسـت، بـۆ مەبەسـتە چارەنوسسازەکان.

١٠.  جیاکردنــەوەی دەســەڵات و ئــەرکی یاســادانان (پەرلــەمان) و ڕاپەرانـدن (تــەنفیزی) و دادوەری (قــەزائی)و پاراسـتنی سـەربەخۆیی کارەکانیـان، بـەڵام هـاو ئاهــەنگی لـە کارەکانیـان لـە چوارچـێوەی دەستوردا.

١١. بەهێزکردنی ئۆرگانە ئیداری و زانستی و تەکنیکیەکانی دەوڵەت و کردنی بەشێوەیەکی دامەزراوەیی.

١٢. ئازادی مانگرتن و خۆپیشاندان.

١٣. دیموکراسی ناوخۆیی حزب، هەڵبژاردن لە خوارەوە بۆ سەرەوە، بەستنی کۆنفرانسی ناوچەیی و بەستنی کۆنگرەی حزبیی لەکاتی خۆیدا کە بەرزترین دەسەڵاتە، بریارە چارەنوسسازەکان لە دەسەڵاتی کۆنگرە دەبێت.

١٤. پشتگیری کردن لە ماف چارەی خۆنوسینی گەلان.

١٥. بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەزگا ئینتەرناسیۆنالەکان و پتەوکردنی کاری نێودەوڵەتی و چارەسەکردنی کێشەکان بە شێوەی ئاشتیخوازانە.

١٦. بەرەنگاربوونەوەی بیروبۆچونی ڕەگەزپەرەستانە و توندوتیژی و بیروبۆچوونی تێکدەرانە و رێگە گرتن لە بڵاوبوونەوەیان [٣٤].

---

[٣٤] دڵشاد تاڵەبانی، سۆشیال دیموکرات و دەوڵەت،بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی،بەرگی یەکەم ٢٠١٣،ل٢٠٤

## دووەم: ریفۆرمی کۆمەڵایەتی

١. دیموکراتیزەکردن و ریفۆرم لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لەسەر بنچینەی مرۆڤدۆستی و دۆستایەتی.

٢. یەکسانی لە بەردەم یاسادا.

٣. ڕێزگرتن لە ماف کەسایەتی و مافی مرۆڤ لە ڕووی گیانی و ماڵیەوە، ئازادی کار و پیشە و شوێنی نیشتەجێ بوون.

٤. پاراستنی کەلتور و ڕێزگرتن لە دابونەریتی داهێنەر.

٥. ئازادی کارکردن و پاراستنی کار و بەشداریکردنی کرێکاران لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی و بەڕێوەبردن.

٦. پاراستنی خێزان و دابین کردنی ماف دایك و باوك و منداڵ.

٧. قەدەغە کردنی کاری منداڵان و مسۆگەرکردنی بەردەوامیان لە خوێندن و یارمەتیدانی خوێندکارانی بێدەرامەت.

٨. دابینکردنی بیمەی بێکاری و نەخۆشی و پیری.

٩. یەکسانی ژن و پیاو لە بەردەم یاسادا لە هەموو بوارەکاندا، یەکسانی مێینە و نێرینە لە ماف یاسایی و دەسەڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی.

١٠. ئـــازادی ســـەندیکا و ئاســـانکاری بـــۆ دامەزرانـــدنی ســـەندیکا و کۆمەڵەی هەرەوەزی و پیشەیی و کلتوری و زانستیی...

١١. هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کات و رۆژانی کار لە هەفتەدا.

١٢. پێدانی ماف بە کرێکاران و بۆ چاودێریکردنی بـاری کـارکردن لـە کارگەکاندا بەهۆی نوێنەرانیانەوە.

١٣. کردنەوەی خولی ڕاهێنان و مەشق و فێرکردن.

١٤. ریفۆرم لە سیستمی خوێندن و فێرکردندا.

١٥. پێشخســـتنی زانســـت و پاراســـتنی ســـەربەخۆیی زانکـــۆ و پەیمانگاکانو خوێندنی باڵا.

١٦. گرنگیدان بە وەرزش و هاندان و پشتگیری کردنیان.

١٧. دابین کردنی شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵکی کەمدەرامەت.

١٨. دانانی دائیرەی سۆشیال، نەوەك تەنها بۆ یارمەتیـدانی بێکـاران، بـەڵکو بـۆ هاوکـاری و ڕێنمـایی هاوڵاتیـان لـە چارەسـەرکردنی کێشـە کۆمەڵایەتیەکان.

١٩. پاراستنی کانزای ژێر زەمینی و سامانی گشتی و دارستانەکان.

٢٠. قەدەغە کردنی گواستنەوە و هەڵگرتن و بازرگانی پێکردنی مادە بێهۆشکەرەکان [٣٥].

## سێیەم: ریفۆرمی ئابوری

١. کەمکردنەوەی خەرجی گشتی،ئەمەش بە پاڵپشتی حکومەت دەکرێت و پاشان دابەش کردنی سامانی میللی بە یەکسانی و پەیرەوکردنی سیاسەتی دیموکراسی ئابوری.

٢. هەوڵدان بۆ زیادکردنی سەرچاوەی داهاتی گشتی، بۆ ئەوەی بتوانرێت قەرزە دەرەکییەکان بدرێتەوە، هەروەها کار بۆ ریفۆرمی سیستمی باج بکرێت.

٣. هەوڵدان بۆ گونجاوی نرخی دراوی بیانی بۆ دراوە ناوخۆییەکان، لە پێناو دروست نەبوونی هەڵئاوسان.

٤. رێکخستنەوەی باج و دانانی لەسەر هەموو کاڵایەك.

٥. پاراستنی بەرهەمی ناوخۆیی لەبەرامبەر کاڵا دەرەکیەکان.

٦. رێگە گرتن لە مۆنۆپۆڵی بازاڕ و ئابوری.

---

[٣٥] سەرچاوەی پێشوو ل٢٠٥.

٧. پشـتگیری وەبەرهێنـەران و هاوکـاری کردنیـان، تـا ئـەوانیش هاوکاربن لە پێشخستنی ئابوری وڵات.

٨. دانانی بیمەی تەندروستی و خانەنشینی.

٩. دابـین کردنـی خزمـەتگوزاری زیـاتر بـە گونـدەکان، بـەو پێیـەی گوندەکان بەشێکی گرنگی ئابوری وڵاتن، بەمەش ڕێگری لـە کۆچـیان دەکرێـت و جیـاوازی نێـوان شـار و گونـد کـەم دەکرێتـەوە، دەشـبنە هۆیەك بۆ پاراستنی بەرهەمی ناوخۆیی.

١٠. ڕێگە گرتن لە گرانبونی کاڵا و دروستکردنی هاوسەنگی لە نێـوان نرخ و خستنە ڕوو، لە پێناو گـران نـەبوونی کـاڵا و خواردەمەنییـەکان [٣٦].

[٣٦] م.د. ستار جابر عمران، منهجیه الاصلاح الاقتصادی فی العراق– دراسه تحلیلیه، مجله الاداره والاقتصاد، ع٤٢، سنه ٢٠١٩، ص٤٨٩.

## چوارەم: ریفۆرمی ژینگەیی

١. دانانی یاساو رێنمایی پێویست و سنووردانان بۆ پیسبوونی ژینگەو هەوا بەهۆی (پاشماوەو پاشەڕۆ، دەنگەدەنگ و ژاوە ژاوو دووکەڵ و... هتد) ەوە.

٢. دانانی ماستەر پلان و دیاریکردنی هێڵکاری شارەکان بەشێوەیەکی زانستی ئامادەکراو، لەپێناو گەشەکردنی شارەکان بەشێوەیەکی ئەندازەیی.

٣. بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری هاووڵاتیان لەڕێگەی کەناڵەکانی راگەیاندن و دامودەزگا ئایینی و پەروەردەییەکانەوە، هەروەها بەستنی کۆنفرانس و وۆرك شۆپ و بڵاوکردنەوەی نامیلکەی زانستی سەبارەت بەڕۆڵ و گرنگی ژینگەی سروشتی و مرۆیی کارێکی گرنگ و پێویستە.

٤. بڵاوکردنەوەی ئاگاداریی و رێنمایی بۆ کەمکردنەوەی پیسکەرەکان و هاندانی هاووڵاتیان بۆ بەکارهێنانی هۆکارەکانی هاتۆچۆی گشتی لەجیاتی هۆکارە تایبەتییەکانی گواستنەوە، ئەمەش بۆ رێگریی کردنە لەپیسبوونی هەواو هۆکارێکیشە بۆ کەمکردنەوەی

ژاوەژاوو کەمتر بەکارهێنانی سەرچاوەکانی وزە، دروستکردنی چەندین گەراج و پارکی تایبەت بەوەستانی ئۆتۆمبێلەکان بۆ کەمکردنەوەی گرفتی هاتوچۆی هاووڵاتیان لەشوێنە گشتییەکاندا.

٥. گرنگیدان بەسەوزکردنی شارەکان لەڕێگەی چاندنی نەمام و پشتێنەی سەوزاییەوە «ستانداری جیهانی بۆ سەوزکردنی شارەکان کە بریتییە لە (١٥٪) ».

٦. دانانی ڕێوشوێنێکی توند بۆ ئەو کەسانەی ژینگەی شارەکە پیس دەکەن و هەوڵی شێواندنی ژینگەی سروشتی دەدەن.

٧. دوورخستنەوەی ئەو کارگەو شوێنە پیشەسازییانەی کە مایەی هەڕەشەن بۆ سەر ژینگەی شارو تەندروستی مرۆڤ.

٨. گرنگیدان و بەرزڕاگرتنی یادی (٤/١٦) ڕۆژی ژینگەی کوردستان و (٦/٥) ڕۆژی ژینگەی جیهان، ئەویش لەڕێگەی سازکردنی فێستیڤاڵ و چالاکی هونەریی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لەناو چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا دەبێت.

٩. دانانی سیستمێکی گونجاو و دروست بۆ چۆنیەتی کۆکردنەوەی زبڵ و پاشەڕۆ و خاشاکی شارەکان، پاشان فڕێدانیان بۆ شوێنێکی

دیاریکراو و شیاو دوور لەچالاکییە مرۆڤایەتییەکان، ئـەویش لەڕێگـەی چـاڵ هەڵکەنـدن بـۆ تێفڕێـدانی پاشـەڕۆ پاشـان سەرداپۆشـینەوەیان دەبێت، چونکە نابێت فڕێـدانی پاشـەڕۆ لـەدووری شـارەکەمان هـەروا بەشێوەیەکی هەڕەمەکیانە بێت.

١٠. خـەڵاتکردن و دەستخۆشـی کـردن لەهەوڵـە تاکـە کەسـییەکان و دەســـتە جەمعییـــەکان، ســـەبارەت بـــەپاکڕاگرتن و گرنگیـــدان بەجوانکردنی شار، هەروەها پێویستە جوان ڕاگرتن و پاکڕاگرتنی شار بەکەلتوور بکرێت.

١١. دانـانی سیسـتمێکی تـەکنۆلۆژیای نـوێ و گونجـاو بـۆ دووبـارە بەکارهێنانەوەی پاشەڕۆکان لەڕێگەی پرۆسـەی (recycle) ئەمـەش لایـەنێکی گرنگـی پـاکڕاگرتنی ژینگـەی شـارە لەلایـەك و لەلایـەکی تریشەوە لایەنێکی گرنگی داهاتی نەتـەوەیی و تاکەسـییە لەڕوانگـەی ئابوورییەوە.

١٢. دانـــانی چـــەند تـــابلۆو هێمایـــەکی ڕێنمـــایی لەناوچـــە گەشتوگوزارییەکان و ناوچە گشتییەکان، کە تێیدا ڕۆڵ و گرنگـی دارو

درەخت و جوانکردنی شارو چۆنێتی پاراستنی ژینگەی ناوچەکە بخاتەڕوو و پیشانی بدات.

١٣. سوود وەرگرتن لەبەکارهێنانی سەرچاوەی وزەی پاك یان وزە نوێیەکان وەك (وزەی خۆرو با) لەجیاتی بەکارهێنانی (نەوت و خەڵووزو گازی سروشتی) بەسوود وەرگرتن لەئەزموونەکان.

١٤. چاندنی رووەك بەقەراغی شەقامەکان و لەباخچە گشتییەکان و شوێنە بەتاڵەکان و رێگەو رێچکە بچوکەکان و دەوروبەری کارگەکاندا، چونکە رووەك گازی دووانەئۆکسیدی کاربۆن و تەپوتۆزو پیسکەرەکان هەڵدەمژێت و ئۆکسجین دەداتەوە.

١٥. دەبێت و زۆر پێویستە کە گرنگی و رۆڵ و بایەخی سەوزایی بۆ نەوەی ئێستاو ئایندە بەهەند وەربگیرێت، بۆئەوەی ببێت بەکەلتوورێك لەناو ژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.

١٦. دانانی سەبەتەو سەلەی خۆل و خاشاك لەشوێنە گشتی و ناو بازەڕاکاندا، هەروەها پێویستە پاشەڕۆکان تێکەڵ بەیەکتر نەکرێن، بۆئەوەی بەئاسانی لەیەکتر جیابکرێنەوەو دووبارە بەکاربهێنرێنەوە.

١٧. سوود وەرگرتن لەئـەزموونی وڵاتـانی دراوسـێ و بیـانی لەڕێگـەی پــەیڕەوکردنی بەرنامــەو چــۆنیەتی پەرەپێــدانی گرنکــی و بایــەخی ژینگە، وەك هۆكارێك كە كاریگـەریی هەیـە لەسـەر لایەنـەكانی ژیـانی ئێمەی مرۆڤ.

١٨. دروستكردنی چەندین پارك و باخچـەی گشـتی تاییـەت بەشـوێنی پشـوو و خۆشـگوزەرانی بـۆ هاووڵاتیـان، بۆئـەوەی بتـوانن كاتـەكانی بەتاڵەكانی خۆیان بەئاسوودەیی تێدا بەسەربەرن [٣٧] .

## پێنجەم: مەبەستی ئینتەرناسۆنال

١. لـە دەوڵـەتی نەتەوەییـەوە بـۆ سیسـتمێكی دەوڵـەتی جیهـانیی بەبەشداری خەڵك.

٢. پاراستنی ئاشتی جیهانی و چارەسەركردنی ناكۆكییەكان.

٣. هاوكاری وڵاتانی دواكەوتوو بە تەكنیك و تەكنەلۆژیا و شارەزایی و لایەنی مادی بۆ كەمكردنەوەی جیاوازی لەگەڵ وڵاتانی پێشكەوتوو.

---

[٣٧] ماڵپەڕی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەكانی ڕاپەرین،چۆن ژینگەی كوردستان بپارێزین، ٤/تشرینی دووەمی ٢٠١٧، http://www.mdraparin.org/index.php/enviroment/53-how-to-care-about-kurdistan-en

٤. دادوەری لە دابەشکردنی وزە و سەرچاوەکانی سروشت.

٥. هاوکاری نێودەوڵەتی لە مەبەستی تیرۆر و توندوتیژی.

٦. بــەهێزکردنی نەتــەوە یــەکگرتوەکان و ریفــۆرم لــە ئۆرگــان و کارەکانی.

٧. پشتگیری گەلان بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنوسین [٣٨]

[٣٨] دڵشاد تاڵەبانی، سۆشیال دیموکرات و دەوڵەت،بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی،بەرگی یەکەم ٢٠١٣،ل٢٠٦

## باسی سێیەم: سەرهەڵدانی بیری سۆشیال دیموکرات لە کوردستان

بیری سۆشیال دیموکرات لە کوردستاندا زۆر نوێیە، هەر بۆیە کاری ڕێکخراوەیشی ساوایە، کۆمەڵێك لە دروشمە مرۆڤایەتیەکانی خەڵکی بەلا خۆیدا راکێشاوە، بەڵام بڵاوبونەوەی بیرەکەو تێگەیشتنی هەوڵو کۆششی زۆری دەوێت.. پێش راپەڕینی هەرێمی کوردستانی عێراق بیری سۆشیال دیموکرات نەك هەر باو نەبوو بەڵکو کەس هەڵگری ئاڵاکەی نەبوو بەئاشکرا بگرە لەلایەن چەپو راستەوە دژایەتی دەکرا، راستە هەندێ لەحزبو رێکخراوی سیاسی بڕوایان بەکاری ریفۆرمی کۆمەلایەتیو ئابوری هەبوو، وەلە پرۆگرامەکانیشیان دانرابوو، بەڵام نەکرا بوو بە ڕێبازیان. پاش ئاڵوگۆڕیە فکریە پێچاو پێچو (معقد) ەکانی لەسەر ئاستی جیهانیو گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەر بۆچونەکانداو هەڵوێستی ناواقیعیو نامرۆڤانەی سیاسەتو دەسەڵاتداری سۆڤیەتی کۆنو چینو هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپای

ڕۆژهـەڵات تـادوای سـاڵانی هەشـتاکانی سـەدەی بیسـت بەرامبـەر بەگەلانی ڕۆژهەڵاتو زۆر لە وڵاتانی تـری ئاسـیاو ئـەفریقاو پشـتگیری ڕژێمە دکتاتۆرەیو فاشیە نوێکان لـە چەوسـاندنەوەو سـەرکوتکردنی گەلـەکانیان پاشـان هەرەسـهێنانی سیسـتەمی بـەناو سۆسیالیسـتی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتو سۆڤیەتی کۆن.

زۆربەی حـزبو ڕێکخـراوە سیاسـیەکان کەوتنـە پێداچـونەوە بـەفکرو بەرنامەو ڕێبـازی خۆیـان، لـە ئەنجامـدا بـیری نـویٚ هاتـە کایـەوە کـە بریتی بوون لە بڕوابوون بەدیموکراسیو قبولّ کردنی لایەنی بەرامبەر، مـافی مـرۆڤو یەکسـانیو ئـازادی، ئەمـەش وای لـە کۆمـەڵێك حـزبو ڕێکخراوی سیاسی کرد کـە نزیـك ببینـەوە لـە بـیرو ڕێبـازی سۆشـیال دیموکرات[٣٩] .

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەدوای ڕاپەڕینو لەدەسـتپێکی خـەباتی شـاردا لـەکۆنگرەی یەکەمیـدا لـە سـاڵی (١٩٩٢) دوای ئـەوەی لەسەردەمی خـەباتی (شـاخ) دا وەك ڕێکخراوێکـی نیمچـە بـەرەیی لـە چەند باڵێك پێك هاتبوو، لە کۆنگرەی یەکەمی خۆیدا هەموو باڵـەکانی

[٣٩] کتێبی سۆشیال دیموکراتو دەوڵەت، بەرگی یەکەم، نوسینی دڵشاد تاڵەبانی، لاپەڕە ٤٨٠..

کـرد بەیــەكو وەك حزبێكــی سیاســی تیــۆرو بەرنامــەی سۆشــیال دیموكراتی پەسـەند كـردو كـردی بـەڕێبازی داهـاتوو ئاینـدەی خـۆی، بەڵام بەهۆی هەلو مـەرجی تایبـەتی ئەوكاتـەی كوردسـتان لەشـەڕی ناوخۆو ترس لە رژێمی دیكتاتۆری بەغدا تاڕووخـانی، زۆر گرنگـی پـێ نـەدا، هەنـدێ لەسـەركردەكانی بـۆ بڵاوكردنـەوەو چەسـپاندنی ئـەو ڕێبازە لەناو ریزەكـانی ڕێكخسـتن بـۆ كردنـی بەبەرنامەیـەكی عەمـەلی بـەهۆی ئاشـنا نـەبوونی زۆرینـە لـە چەسـپاندنی ئـەو ریبـازەو بـاش تێنەگەیشـتنو هــەزم نـەكردنی نـەتوانرا وەكـو پێویسـت ئـەم بـیرە گەشەی پێ بدرێتو حەقی خۆی بدرێتێ.

لەلایەكی ترەوە لای زۆر كەسو كادیران ئـەوە روون نـەبوو كـە پـێش ماركسـیزم بزوتنـەوەی سۆشـیال دیمـوكرات لـە گۆڕەپـانی خـەبات دا بووە، رێكخراویش هەبووە، تەنانەت (ماركسو ئەنگلس) تاناوەڕاستی چلەكانی سەدەی (١٩) ئەندام بوون لەم رێكخراوانە، لای زۆر كەسیش جیاوازیەكانی لەگەڵ ماركسیزم نەزانرا بوو، بۆیە زۆر سروشـتییە گـەر تائێستا زۆر كەس لـەناوەڕۆكی بـیری سۆشـیال دیمـوكرات نەگـەن لـە كوردسـتانو تەنانـەت بەهەڵـەش بـاس بكرێـت، بۆیـە زۆر گرنگـە كـە

یەکێتیی نیشتمانی کوردستان (ی.ن.ك) هەوڵ بدات ئەو مەفهومانە راست بکاتەوە بەو پێیەی کە نزیکەی سی ساڵە وەك یەکەمین حزبو رێکخراوی سیاسی کوردستان بەمەفهومە زانستیو فکریەکانی هەڵگری بیرو رێبازی سۆشیال دیموکراتە سەرقافڵەی رچەشکێن بێت لەو رێگایەدا کە بەرنامەو فکری سۆشیال دیموکرات بەئەندامانو کادیرانی زیاتر لەوەی کە کراوە زیاتر ئاشنایان بکاتو تاوەك حزب یان رێکخراوێکی سیاسی هەڵگری بیری سۆشیال دیموکرات بەشێوازە فکریو زانستیەکەی ببێتە تاکە نمونەی بالای سۆشیال دیموکرات لە کوردستاندا، ئەویش بەهەوڵدانی زیاتر بۆ شۆڕکردنەوەی کاکڵەی بیری سۆشیال دیموکرات بۆ ناو رێکخستنو ئەندامانیو ئاشناکردنیان بەوەی کە بزانرێ سۆشیال دیموکرات چیەو بەرنامەی حوکمڕانیو خەباتی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو پەرلەمانی ئەم رێبازە چۆنەو رۆشنایی تەواوی بخرێتە سەرو هەوڵی جێبەجێ کردنی بەرنامەو پرۆگرام بەبیری سۆشیال دیموکرات لەناو کۆمەڵگاو لەناو سەرجەم چینو توێژەکان بچەسپێنێو کار لەسەر پایە گرنگەکانی جێبەجێ کردنی بکات لەسەر ئەرزی واقیعو لەو رێگەیەشەوە ململانێی خەباتی

فکـری خـۆی بکـات لەگـەڵ حـزبو ڕێکخـراوە سیاسـیەکانی تـری کوردستان کە هەڵگری بـیرو فکـرو بەرنامـەی تـری جۆراوجـۆرن. واتـا دەبـێ (ی.ن.ك) کـە سەرمەشـقی بـیری سۆشـیال دیموکراتـە لـە کوردستان بەجیاوازی فکریـەوە بناسـێنرێت. لەگـەڵ هێـزو ڕێکخـراوە سیاسیەکانی تر، وەلەسەر ئەرزی واقیعیش سیاسـەتو هـەنگاوەکانو بەرهـەمی خـەباتی ڕەنـگ دانـەوەی بـیرو فکـری سیاسـی سۆشـیال دیموکراتیانەی خۆی بێت، بەمەش دەتوانرێت دروشمە بـەرزو گـرنگو پڕ بایەخەکانی سۆشیال دیموکرات لە (ئازادیو دیموکراسیو ئاشـتیو مـافی مـرۆڤو مـافی چـارەنوس) بێتـە دیو لـە ڕێگـای گرنگیـدان بەگەنجانو لاوانو ژنـانو یەکسـانیو عەدالـەتی کۆمەڵایـەتیو ئـازادی بیروڕاو ئازادی رادەربڕینو ڕۆژنامەگـەریو ئـازادی ڕاگەیانـدن لەسـەر بنـەما گـرنگو پـڕ بایەخـەکانی مافـەکانی مـرۆڤ گەشـە بـەهزرو بـیری دیموکراسـیانە بـداتو لـەو ڕێگایـەوە کـۆتو بەنـدی چەوسـاندنەوە جۆراوجۆرەکان نەهێڵێو ئازادی فەراهەم بکات.

□

## باسی چوارەم: هۆکارەکانی درەنگ سەرهەڵدانی بیری سۆشیال دیموکرات لە کوردستان:

لە لایەنی مێژووییەوە بە دروستبوونی کۆمەڵ و شارستانیی لەناو زانیاری لێکۆڵینەوە لەو بوارەدا کوردستان وەکو لانکەی شارستانیەتی و پەیدابوونی کۆمەڵی مرۆڤایەتی دەستنیشان کراوە.

بەڵگەی هەبوونی گرد و قەڵای بەرز و شوێنەوار کە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بوونی هەیە بەڵگەی هەبوونی یەکەمین قۆناغی مرۆڤ و کۆمەڵە، میزۆپۆتامیا چوارچێوەی مێژوویی (کوردستانی ئەمڕۆ) قۆناغی یەکەم دروستبوونی کۆمەڵ بوو تا وردە وردە گەیشتە قۆناغی دەربەگایەتی، لەسەردەمی نوێدا لەچاو پێشکەوتنی ئەورووپا کە بەخۆیەوە دیوە لە بواری پیشەسازی و دیموکراتیدا و هەروەها گەشەی کۆمەڵ لە کوردستان لەجێی خۆی وەستا بوو لەوکاتانەی کە شۆڕشی پیشەسازی لە ئەورووپا دەستی پێکرد، کوردستان و

خەڵکەکـەی لـەژێر دەسـەڵاتی هـەردوو ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی و سەفەوی دابەش کرابوو.

ململانی هەردوو هێزی داگیرکەری کوردستان بەناوی ئایین و جیـاوازی مەزهەبییـەوە بـوو. ئەگـەر لـە هەنـدێك زەمـەنی مێژوویـدا خـەڵکی کوردستان لە هەندێ شوێن بەجیا هەندێ میرنشـینی کـوردی تایبـەت بەناوچـەیەکی خۆیـان دروسـت کردبـێ، ئـەوا هـەرزوو لەلایـەن داگیرکەرانی کوردستان بەکارهێنران و دواتر رووخێنـراون. بۆیـە گـەلی کوردسـتان خـاوەنی هـیچ قەوارەیـەکی سیاسـی نەتـەوەیی تایبـەت بـەخۆی نـەبووە و ژیـانی رۆژانـەی خـەڵکیش لەسـەر ئاژەڵـداری و شـوانکارەیی و لەوەڕانـدنی مـەڕ و مـاڵات بـووە ئەگـەر شـان بەشـانی ئەوەش کاری کشتوکاڵی کرابێ ئەوا بەشێوەیەکی سادە و بەکەلوپەلی سـادەو سـاکار بـووە بـەجۆرێك کـە بەشـی بـژێوی خۆیـان و خـاوو خێزانیـانی نـەدەکرد، نەدەچـووە خانـەو چوارچـێوەی بەرهـەم هێنانەوە.

لە لایەنی کۆمەڵایەتیشەوە داگیرکەران بۆ دەسەڵات و مەرامی خۆیان، دەسەڵاتداران سیاسەتێکی وەهایان پەیڕەو دەکرد کە لەناو کۆمەڵ دا

چـەندین جـۆر مرۆڤـی سـتەمکار و دەسـەڵاتداریان دروسـت کـرد کـە داکۆکیان لـە بەرژەوەندیـەکانی دەسـەڵاتدارانی داگیرکـەران دەکـرد و ستەم و چەوساندنەوەیان دژ بە کۆمەڵ بـەکاردەهێنا بـەناوی (ئاغـا و بەگ و پاشا) ەوە، لە ڕێگای ئەوانەوە بەرهەمی کـاری خـەڵك بـەناوی سـەرانەو بـاج و خەراجـەوە لـە جوتیـار و ئاژەڵـداران دەسـەند و بـۆ دەسەڵات دارانی داگیرکەر بەدیاری دەبران.

بەشـێکیش دەدرا بـەو (ئاغـاو بـەگ و پاشـا) یانـەی کـە داگیرکـەران دروستیان کردبوو لە پێناو خزمەتکردن بەدەسەڵاتداران.

بەوجۆرەش کۆمەڵگای کوردستان پەرش و بڵاوکراو دابەشـکرا بەسـەر ناوچەو هۆز و عەشیرەتەکان دا.

ئەگـەر لـە ئـەوروپا شـۆڕش فکـری سـەریان هەڵـدابێ دژی دەسـەڵاتی کەنیسـەو بـیری سـیکۆلاریزم وەکـو پێویسـتیەك هاتبێتـە ئـاراوە. لـە کوردستان هـەتا سـەرەتای سـەدەی بیسـت خـەڵك لـەژێر دەسـەڵاتی دەوڵەتی داگیرکەرو ئـاینی دا بـووە و پێشـکەوتنی پیشەسـازی لـەناو ئەو دەوڵەتانەدا نەبووە ئەگـەر کـەمێکیش هـەبووبێ ئـەوا کوردسـتان

لێی سودمەند نەبووەو نەیان هێشتوە پـێش بکـەوێو خـۆی بناسـێو چاوی بکرێتەوە.

بۆیە ئەو بزوتنەوە کرێکار و سەندیکایەی کە لە ئەوروپا دروست بووە لە کوردستان بوونی نەبووە.

شۆڕشی نەتەوەیی لە ئەوروپا بۆ دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و نیشـتمانی هـەنگاوێك بـوون لـە هـەنگاوەکانی چـەرخی زانسـتی و رۆشنگەری و روناکبیری چەرخی (تەنویر) و داهێنانە زانستیەکان. لـە کوردستان لەوکاتـەدا نـە بـیری نەتـەوەیی و نـە دەرکـەوتنی زانایـانی داهێنەر لە گۆڕێدا نەبوون.

ئەگەر هەندێ میرنشـینی کـوردی نیشـتمانی سـەریانهەڵدابێ هـەر زوو هاتوونەتە لەناوبردن و بەتوندی لەلایەن دەسەڵاتداران بەناوی ئـایینی سـەربڕاون، دیـارە ئـەو پێشـکەوتنانەش لـە بـواری هـزر و بـیری کۆمەڵایەتی و ئابوری کە لە ئەوروپا پەیدا بوون، هیچ دەرفـەتێکی لـە کوردستان بۆ نەرەخسێنرا هەتا سەدەی بیسـت و دوای دابەشـکردنی کوردسـتان و پـەیمانی سـایکس بیکـۆ، دروسـت بـوونی دەوڵـەتانی نەتـەوەیی ئەوانـەی کـە کوردسـتانیان بەسـەردا دابـەش کـرا، هـیچ

ئاشـناییەتیەك لـە كوردسـتان لەگـەڵ هـزری سۆسیالیسـتی لـە ئـارادا نەبوو. سەرەڕای گەشەكردنی بەرچاوی ئەوروپا لە بـواری تەكنـەلۆژیا و پیشەسازی دا جارێكی تر كوردسـتان لـەژێر دەسـەڵاتی داگیركـاری نـوێی دەوڵەتـە نەتەوەیـەكانی سـەر دەسـت هـەر بـێ بـەهرە بـوو لـە بینـاكردنی ژێرخـانی ئـابووری و پیشەسـازی. بـەڵكو بزوتنـەوەی رزگـاریخوازی لەناوچـەی جیاجیـا لـە كوردسـتان بونـە بەهانـە بـۆ داگیركەران كە لە لایەنی ئابووری هیچ گەشەپێدانێك نەكەن و بایەخی پێ نەدەن و پێش نەكەوێ.

هـەروە هـا لەلایـەنی كۆمەڵایـەتیش سیسـتەمی عەشـیرەتگرەی و هۆزگەری یان بەهێز كرد تاوەكو شۆڕشی رزگاریخوازی كوردسـتانیش نەیتوانی خـۆی لـە چوارچـێوەی هۆزگـەری و عەشـیرەتگەری دەربـاز بكات، چونكە كاریگەری ئەو سیستەمە كۆمەڵایەتیە هـەر مـابوو هـەتا ئـەمڕۆش نەهاتۆتـە بنبڕكـردن و هـەر مـاوەو ڕەگو ڕیشـەی دەرنەهێنراوە.

هـزری سۆشـیال دیموكراسـی ئـەوروپا لەدروسـتبوون و پەیـدابوونی رێكخراو و یـەكێتی و سـەندیكاكانی كرێكـاری و جوتیـاری و پیشـەیی

جیاجیا دەرکەوتن، مەخابن لە کوردستان نە ئەو بوارە هەبوو ئەو جۆرە رێکخراوانە دروست ببن نە ئەو چینانە توانیان بەشێوەیەکی خۆڕسك و سروشتی بێنە کایەوە. هەتا جوتیارانیش کە چینێکی بەرفراوانی کۆمەڵگەی کوردستانیان پێکدەهێنا نەیانتوانی لەچوارچێوەی بیرو فکرو هزرێك دا بۆ گەیشتن بە دادپەروەری و نەمانی ستەم و زۆرداری لە مەیدانی خەباتی چینایەتیدا چوارچێوەی خەباتی خۆی دیاری بکات و خۆی بناسێنێ ئەگەر لە هەندێك ناوچەی کوردستاندا هەندێ بزوتنەوەی جۆراوجۆریش سەریانهەڵدابێ لە باشور ، ئەوا دەرهاویشتەی بیری سۆشیالیزمی نەبووە، بەڵکو رەنگێکی خۆماڵی بۆ پەیڕەوکردنی رێبازێکی فکری دیاریکراو نەبووە. لێرەوە گەشەکردنی کوردستان و بەرەو پێش چوونی بەرەو قۆناغی سۆسیالیستی پێویستی بە پێگەیشتن و کامڵ بوونی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی بوەو لەپێش هەموویان گەشەکردنی پیشەسازی و کۆکردنەوەی سەرمایە لە چوارچێوەی قەوارەیەکی سیاسی تایبەت دا. پێگەی هەموو شۆڕشەکان لەسەر هزر و بیری تایبەت بەو شۆڕشانەوە دێتە بنیاتنان، هزری سۆشیال دیموکرات

بەڕێگای ئاشتی و فەرزکردنی بیری دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەرێگای سەندیکایی و هەڵبژاردن دەچێتە پێش، بەڵام لە کوردستان نە ئەو قەوارە سیاسی و نەتەوەیە کوردستانیە هەبوو نە دەوڵەتی داگیرکەریش رێگای ئاشتی پەیڕەو کردوە بەرامبەر بە خەباتی داخوازیەکانی گەلی کوردستان، لەلایەکی ترەوە لاوازبوونی ئازادی و بوونی بیروبۆچوونی جوداو هەروەها نەبوونی سیستەمی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەناو بزوتنەوە و شۆڕشەکانی کوردستان دا هۆکاری بڵاونەبونەوەی هزری سۆشیال دیموکرات بوو لە کوردستان، چونکە لەناو خەباتی رزگاریخوازیدا و بۆ هاتنە کایەی ئازادی و دیموکراتی لە کوردستان پارت و رێکخراوی سیاسی لە زۆر قۆناغ دا یەکتریان قبوڵ نەکردووە.

لەئەنجام دا شەڕی ناوخۆی و برا کوژی و خۆکوژی لەنێوانیان دروست بووە.

یان هەبوونی بیروڕای جیاواز لە مێژووی حزبایەتی لە کوردستان لە قۆناغی یەکەم بەزمانی چەك وەڵام دەدرایەوە. هیچ کەسێك ئەو ئازادی نەبووە کە بە ئازادی بیروڕای جیاوازی خۆی دەربخات، یان

شـێوازێکی تـری ڕێکخراوەیـی ڕابگەیـەنێت. لـە کوردسـتانی عێـراق (کوردستانی باشـور) پـاش دروسـتبوونی دەوڵـەتی عێـراق و لکانـدنی بەشێکی کوردستان بەو دەوڵەتە تازەیەوە لە لایـەن (هێـز و دەوڵەتـە سەردەستە کۆلۆنیالیسـتەکانی جیهـان و دەوڵـەتانی بـراوەی جـەنگی یەکەمی جیهانی) بـاری کۆمەلایـەتی و ئـابوری و سیاسـی کوردسـتان هەر لە هەمان حاڵی پێشوودا دەینالاند، هەتا نیوەی یەکەمی سەدەی بیست، هەوێنی چینی مام ناوەند و فەرمانبـەر و ڕۆشـنبیران دروسـت بوو، پاش ساڵی (١٩٥٢) ڕێکخراوو سەندیکاکان لە کوردستان دروست بـوون، بـەلام لـە نـاو منداڵـدانی حزبایـەتی دا دروسـت بـوون، کـە نوێنەرایـەتی ئـازادی خۆیـان نـەبوون بەشـێوەیەکی سروشـتی و ئـەو سـەندیکایانە نوێنــەری سروشـتی خۆڕسـکی چـین و توێـژی خۆیـان نەبوون، بـەڵکو لـەناو هـەناوی حـزب دا لـە دایك بـوون، هـەتا ئـەمڕۆ سـەرەڕای هـەبوونی ژمارەیـەکی زۆر لـە سـەندیکا و ڕێکخـراو لەکوردسـتان بـەلام نـەیانتوانیوە خۆیـان لـە کـۆتو بەنـدی پـارت و ڕێکخـراوە سیاسـیەکان دەربـاز بکـەن و سـەربەخۆیانە کاربکـەن بـۆ بەرژەوەندی ئـەو چـین و توێژانـەی کـە نوێنەرایـەتیان دەکـەن و لـەو

چوارچێوەیەدا هەڵسوکەوت و رەفتار بکەن، ئەگەر ئەو رێکخراو و سەندیکایانە بەڕاستی و سەربەخۆیی بونیان هەبوایە، دەیانتوانی ببنە بەربەست و رێگر لە بەرامبەر سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆو هێزی فشاریان لەسەر حزبەکان کە ملکەچی دانوستان و زمانی دیالۆگ بن لەوکاتەدا، چونکە ئەو حزبانە لەوکاتەدا خۆیان بەخاوەنی راستەقینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزانی، بەڵام کار گەیشتە دروست بوونی دوو حکومەت و دوو ئیداریی (سلێمانی) و (هەولێر) ، بۆ نمونە ئەگەر یەکێتی مامۆستایان وەکو سەندیکایەکی رێکخراوی مەدەنی و سەربەخۆ ئەو هێزە بوایە کە بە رێگای مانگرتن و دەوام نەکردن دەیتوانی ببنە کارتێکی گوشار لەسەر حزبە سیاسیەکان لەهەردوو ئیدارەدا کەملکەچی زمانی ئاشتی بن، سەبارەت بە رێکخراوو سەندیکاکانی تریش بەهەمان شێوەیە.

لێرەوە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنیو کۆمەڵگایەکی بەختەوەر و بڵاوکردنەوەی گیانی دیموکراسیەت،، گرنگە رێکخراوو سەندیکاکانی کوردستان خۆیان لە مۆرکی حزبایەتی دەرباز بکەن و کەسایەتی راستەقینەی خۆیان بنوێنن. چونکە بەسەرهاتەکانی مێژوو

سەلماندوویانە کە بە ڕێگای حزبایەتی بەهێزو خۆسەپێن مومکین نیـە بزوتنـەوەی سـەربەخۆی بـەهێز دروسـت بێـت، هـەروەکو لـە یـەکێتی سۆڤیەتی جاران بەدەرکەوت کە دەوڵەتی بـەهێز لـە ڕێگـای پـارتێکی بەهێز خۆسەپێن بووە هـۆی قـۆرغ کردنـی ئازادیـەکان بـۆ ڕێژەیـەکی کەم لە دەسـەڵاتداران و دواتـر بـوو بـە دکتاتۆریـەت لەسـەر زۆرینـەی خەڵك و چەوساندنەوەی ئازادی زۆرینە، (بلیخانۆڤ) هەر زوو ڕەخنـەی لـە ڕێبـازی (لیـنین) گـرت کـە پـەیڕەوکردنی ئـەو شـێوازە هـزرە سۆسیالیسـتیەو بـەتیۆری هێنانەکایـەی دکتاتۆریـەتی حزبـی، کـە لـە پاشەڕۆژدا دەبنە گرفتێکی گەورەو ئەگەری لەناو بردن و لەناوچـوون.

ئەگـەر ئـەمڕۆ لـە کوردسـتان زیـاتر لـە (٦٥٪) ی بودجـەی هـەرێمی کوردستان بۆ موچەخۆران بێتە خەرج کردن، بـەڵام مخـابن سـەرەڕای ئەو میزانیە زۆرە هێشـتا نەبۆتـە سیسـتەمێك بـۆ ئـاوەدانی کـەلتوری دادپەروەری کۆمەڵ، ڕاستە هەر وڵاتێك هەلومەرجی سیاسی و ئابوری خـۆی هەیـە، بـەڵا م ئەگـەر تەماشـای ڕووداوەکـانی ئـەوروپا بکـەین، هەنگاوی زۆر باش لەدوای شۆڕشی پیشەسـازی و دەرکـەوتنی چـینی

مـام ناوەنـدی (رۆشـنبیر، مامۆسـتا، پزیشـك، دادوەر، بازرگـان..) هاویشتووە، بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگە و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵ.

هەر رۆڵی ئەو چینە مام ناوەندە گەلێك جوامێرانەیە بۆ داکۆکی کردن لە مافە سەرەتاییەکانی ژیان – ئەگەر هێزی سەروەت سەرمایە نـەبن کە بتوانن چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکانی پێ بکەن، بـەڵام هێـزی بەرهەم هێنان لای ئێمە دەرفەتی نەبووە بۆ پەیڕەوکردنی فەلسەفەی لیبرالیـزم کـە بـەوە تروسکەی رونـاکی و خۆشـگوزەرانی کرێکـاران و جوتیـاران دابـین بکـەن. بـۆ گەیشـتن بـە خۆشـگوزەرانی خـەڵکی کوردستان پێویستە سیسـتەمی دادپـەروەری کۆمەڵایـەتی هـەبێت لـە هـەموو لایەکـەوە، بـوار بـۆ هـەموو کۆمـەڵانی خـەڵك بکرێتـەوە بـۆ بەشداری کردن لە گەشەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی.

چەکی هەرە سەرەکی و کاریگـەری حزبـە سۆشـیال دیموکراتـەکانیش لە جیهـان دا (دەنـگ دان) ە بۆیـە پێیـان دەڵـێن (حزبـی دەنـگ دان) وەکو هۆکارێك بۆ گەیشتن بە ئامانجە کـانی خۆیـان. ئامـانجی ئـەوان هێنانەکایـەی کۆمـەڵگای مـەدەنی و یەکسـانە کـە تێیـدا مـافی هـیچ

هاوڵاتیەك پێشێل نەكرێ و هەموو ئازادیەكانی خۆی بەدەست بێنێ و بەشدار بێت لە پرۆسەی دیموكراتی كۆمەڵایەتی دا.

لە كوردستان ئەو دەستپێكە لە بەرهەم هێنانی كەلتوری دەنگ دان، هەتا ئێستا لەبەر هۆكاری دەرەكی و ناوخۆیی دەرفەتی بەدەستهێنانی ئازادی بۆ هەموو كەسێك وەك یەك بەدەست نەهاتووە. دەرفەتی هەلی كار بۆ هەمووان وەكو یەك تائێستا نەڕەخساوە، رۆڵی ژنان بۆ گەیشتن بە ئاواتەكانیان و یەكسانی و بەشداری وەك یەك شانبەشانی پیاوان لەسەرجەم كایەكانی ژیان وەكو خۆی نەخەملیوە. سیكۆلاریزم (علمانیەت) هەتا ئێستا شتێكی نامۆیە و غەریبەو بیانییە. هەروەها زۆربەی جار چەوسانەوەی كۆمەڵایەتی هەیەو كۆمەڵگای كوردستان لەبەرئەوەی لە چوارچێوەی دەوڵەتانی رۆژهەڵات (ئەوانەی كە ئاینیان كردۆتە بیانوو بۆ مەبەستە شۆڤێنیەكانیان) دایە. بۆیە كەلتوری رێزگرتن لە بیروباوەڕی جیاواز هەتا رادەیەك لاوازە، گیانی دەستپێشخەری لەناو كۆمەڵی كوردستاندا هەژارە، جەماوەری كوردستان هیچ جارێك نەیتوانیوە بێ وەرگرتنی ئیزنی مەرجەع لە حزبەكەی خۆی رای جیاواز بڵێت.

دیسان ئەگەر بازووی بەهێزی سۆشیال دیموکراتی دەوڵەتانی تری کرێکاری رێکخراوو حزبی یان لێ دروست بووە، بەڵام لە کوردستان لەبەر نەبوونی پیشەسازی و پیشەسازی پێشکەوتوو نە ئەو کرێکارە هەیەو نە ئەو دەرفەتەش بۆ کرێکاران رەخساوە کە بەرهەمی نەتەوەیی بەرهەم بێت کە دەرفەت بۆ بازاڕی ناوخۆ دروست بکات..
بەڵام لە کوردستان جوتیار بەرهەم هێنتر بووە لە کرێکار و لەبەر نەبوونی پیشەسازی و نەبوونی پێداویستییەکان، جوتیار خۆی بەجوتیار و بەکرێکاریش بینیوە، بۆیە هەردەم هەوێنی شۆڕشی کوردستان بووە بۆ رزگارکردنی مرۆڤی کورد، ئەو دەرفەتەشی نەبووە بێتە رێگاخۆشکەری باری کۆمەڵ بەهۆی خەباتی نەتەوایەتی نەیپەرژاوەتە سەر خەباتی چینایەتی.
هەزری سۆشیال دیموکرات لە کوردستان هێشتا مێژووەکەی نەگەیشتۆتە زیاتر لە (٣٠) ساڵ، لە جیهان شتی هەرە سەرەکی و گرنگ کە تۆوی سۆشیال دیموکراتی لێهاتبێتە چاندن دەوڵەتی سەربەخۆیە، بەڵام کوردستان (هەرێمی کوردستان) بەتەواوی نەبۆتە خاوەنی چوارچێوەیەکی سیاسی و قەوارەیەکی پشت راستو

سەربەخۆ، لەناو شەپۆلەکانی جیهانگیری دا دەبێ چۆن ئەو هزرە خاوەن تەمەنە کورتە هەڵسوکەوت بکات لەکاتێکدا خاوەنی ئەو هزرە لەوێستگەیەکی کلاسیکی بەڕێدەکەون بەرەو ئاقارێکی نوێ دەچن کەپێی دەڵێن (رێگای سێیەم) [٤٠].

[٤٠] کتێبی (سۆسیال دیموکرات/ نوسینی هەسەن عومەر بەکرمانجی ژورو ساڵی/ ٢٠٠٧ – بەشی روناکبیری مەڵبەندی رێکخستنی زاخۆی (ی.ن.ك) لاپەڕە (٤٢) .

# بەشی هەشتەم:

# یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و سۆشیال دیموکرات

## باسی یەکەم: یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و فکری سۆشیال دیموکرات:

لە سەرەتای دروست بوونی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بە ئاشکرا خەباتی کردووە بۆ پرسە چینایەتییەکان و عەدالەتی کۆمەڵایەتی، کە یەکێك لە دروشمە سەرەکییەکانی بووە. جگە لەوەی کە کۆمەڵە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) پێکهێنەرە سەرەکییەکەی یەکێتی بووە وەکو ڕێکخراوێکی چەپی کوردستانی، کاری لەسەر مەسەلە کۆمەڵایەتی و چینایەتییەکان کردووە و پێکهێنەرەکەی تریشی بزووتنەوە (بزووتنەوەی سۆسیالیست)و دواتر یەکێتی شۆڕشگێڕان لە ئامانجی ستراتیژیاندا بڕوایان بە سۆشیالیزم هەبووە لە بەرنامە و پڕۆگرامەکەیاندا دەستنیشانیان کردبوو.

باوەڕبوون بە سۆشیالیزم لەلایەن (ی.ن.ك) نەك تەنها وەکو ئامانجێك لە بەرنامەدا، بەڵکو وەکو هێڵێکی فیکری و جیهانیی کاری لەسەر کردووە. سۆشیالیزم و عەدالەتی کۆمەڵایەتی جگە لەوەی خواستێکی

مرۆییـــه، ئـــەمڕۆ لەســـەر ئاســـتی جیهـــانیش بۆتـــە پێداویســـتییەکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

بـــەپێی ئـــاڵوگۆڕە جیهانییـــەکان ئامـــانجی سۆشـــیالیزمیش تێـــڕوانین و میکانیزمـــــەکانی گەیشـــــتن بـــــەو ئامانجـــــە گـــــۆڕانی بەســـــەردا هاتووە،لەسەرەتادا یەکێتی بـڕوای تـەواوی بـە سۆشـیالیزمی زانسـتی هـەبووە و پێـداگریی کـردووە لەسـەری، پـێ بـە پێـی ئاڵوگۆڕەکـان تێـڕوانینی نـوێ و رووداوەکـانی روخـانی بلـۆکی خۆرهـەڵات بـەناوی سۆشیالیســـتی، راســـت و رەوانـــی هێڵـــی سۆســـیال – دیمـــوکراتی هـەژموونی خـۆی زیـاتر پەیـداکرد، هەربۆیـە (ی.ن.ك) لـە یەکـەمین کـۆنگرەی خۆیـدا ناسـنامەی سۆسـیال – دیمـوکراتی هـەڵگرتووە، پاشـان کردییـە هێڵـی فیکـری و سیاسـی خـۆی، بـە لەبەرچـاوگرتنی ئەزموونـــەکانی دنیـــا لـــە خـــەباتی دیموکراســـی و پەرلـــەمانی بزووتنەوەکانی دیموکراسی و سۆشیالیزم دەسـتکەوتی بەرچـاوی لـەو بوارەدا بەدەستهێناوە.

یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان–یـش بـە پێـی تایبەتمەندییـەکانی کۆمەڵی کوردستان لەڕووی پڕاکتیکییەوە کـاری لەسـەر ئـەو ئامانجـە

کـردووه، لـه کۆنگرەکـانی رابـردوودا لـه بەرنامـه و پرۆگرامەکانیـدا جـەختی کردۆتــەوه کـه یـەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان حزبێکـی سۆســیال – دیموکراتــه و لــه پێنــاوی جێبــەجێکردنی بنــەماکانی سۆشیالیســت – دیمــوکرات کــه دواجــار بونیادنــانی کۆمــەڵێکی خۆشگوزەران و مۆدێرنی لێ بکەوێتەوه و له سایەیدا تـاك و کۆمەڵگـه ژیانێکی شایسته بـژین، خـەبات دەکـات و تێدەکۆشـێت. مکورپـوونی ی.ن.ك و کارابوونی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەوەش که پابەنـده به بنەماکانی سۆشیالسـت دیمـوکرات، بـوو بـه ئەنـدامی سۆشیالسـت ئینتەرناسـیونال (SI) کـه یـەکێك لـه ئەندامـه کـاراو دیارەکـانی ئـەو رێکخراوه جیهانییه. سـکرتێره گشتییەکەشـی هـەڤاڵ مـام جـەلال لـه کۆنگرەیـەکی ئـەو رێکخـراوه جیهانییـەدا، بـوو بـه جێگـری سـەرۆکی سۆشیالیسـت ئینتەرناسـیونال (SI) کـه لـه مێـژووی (ی.ن.ك) ئـەوه سەرکەوتنێکی گەورەبوو به بەشـداریی کاراکتـەری مـام جـەلال وەکـو کەســایەتییەکی چــەپ و سۆشیالســت، تــەکانێکی بەرچــاویدا بــه چـالاکییەکانی ئـەو رێکخـراوه لەسـەر ئاسـتی جیهـان و خۆرهـەلات و کوردستان بەتایبەتی.

بەو پێیەی ڕێبازی سۆشیال دیموکرات بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ریفۆرم و خەباتی پەرلەمانییەوە کاری بۆ دەکرێت، پێچەوانەی تێڕوانینە کلاسیکییەکان کە دەبێت لەڕێی شۆڕشی کۆمەڵایەتییەوە ئەو خواستە بەدی بێت، کە لە راستیدا ئەزموونەکان نیشانیانداوە کە خەباتی پەرلەمانی و گەشەی سروشتی کۆمەڵگە و کارکردن لەسەر گەشەپێدانی مرۆیی و میکانیزمی سەندیکایی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی باشتر و چاکتر دەستکەوتی چینایەتی و مرۆیی بەدەستهاتوون، هەربۆیە ئەو میکانیزمە لەلایەن (ی.ن.ک)ەوە بە روونی پەیڕەوکراوە، (ی.ن.ک) لەسەر هێڵە گشتییەکانی خۆی کە بریتین لە فیکری سیاسی، ئازادیی رادەربڕین، ئازادی میدیا و ئاشتی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی مەدەنی و مافەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای جیهانی مافەکانی مرۆڤ و بەشداریی ژنان و لاوان لە پرۆسەی سیاسی و ئیداری و ناوەندی بڕیاردا کە دواجار باڵانسی جێندەریی دروست بکات و بە هەموو ئەوانە پێکەوە ژیانی ئاشتییانە بهێنێتە کایە، بەردەوام کاری کردووە، بۆ ئەو مەبەست و ئامانجانە و بۆ هەر بوارێك بەرنامە و پڕۆژەی هەمەلایەنە،

دەکرێت لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە و کارپێکردنی بەردەوام بۆ جێگیرکردنی بەتایبەتی دابەشکردنی عادیلانەی داهات و جێگیرکردنی یاسا و پڕۆگرامی مرۆیی پێشکەوتوخوازانە لە بواری پەروەردە و خوێندن و دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و بیمەی تەندروستی و فەراهەمکردنی هەلی کاری یەکسان و ئاوڕدانەوەی هەمەلایەنە لە خاوەن پێداویستی تایبەت و هتد، ئەوانەی لە پڕۆگرامی خۆیدا دەستنیشان کردووە و جەختی لەسەر کردۆتەوە و خەباتی بۆ دەکات.

ئەگەر بەشێك لە قۆناغەکان و ئاڵوگۆڕەکانی چەند دەیەی ڕابردوودا ڕەخنە و تێبینی هەبووە لەسەر کار و کارایی (ی.ن.ك) لەو بوارەدا ئەڵبەتە ئاستەنگەکان زۆرو قورستر بوون لەبەردەم پڕۆسەی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجەدا، بەڵام لە داهاتوودا (ی.ن.ك) دەبێت شێلگیرانەتر خەبات و چالاکییەکانی مکۆمتر بکات و ئاشکراتر دروشمی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرزتر رابگرێت، (ی.ن.ك) دەبێت ناسنامەی خۆی کە وەکو حزبێکی سۆسیالیست– دیموکرات ئاشکرا بکات و دروشم و ئامانجەکانی لە بواری عەدالەتی کۆمەڵایەتی و

کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران تۆختر بکاتەوە، لە ڕێگەی خەباتی پەرلەمانی و لەو بەشەی کە بەشدارە لە حوکمڕانی کوردستاندا و هەروەها لەسەر ئاستی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیش دەبێت ئەو ناسنامەیەی کە هێزێکی مەدەنی و عەلمانی و ئامانجی عەدالەتی کۆمەڵایەتییە، کە ئەویش بە پێشکەشکردنی پرۆژە یاسای ئینسانی لەو بوارەدا کاری بەرچاو بکات لە داهاتوودا. بۆ ئەو مەبەستەش باشتر وایە لە ڕێگەی میدیاکانییەوە زۆرتر ناسنامەی (ی.ن.ك) واتا جیاوازییەکانی لەگەڵ پارت و هێزە سیاسییەکانی تردا بخاتەڕوو. ئەوەی کە لە بەرنامە و پرۆگرامەکەیدا هاتووە، لەسەر ئەو ئامانجانە شۆڕی بکاتەوە و میکانیزمی گونجاوی بۆ دابنێت و کاری لەسەر بکات.

ئەو ئامانجانە دەبێت لە نێوان دوو کۆنگرەدا فیدباگی بۆ بکرێت و پێداچوونەوە و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بکرێت کە ئایا چەندی جێبەجێ کراوە و چەندی ئاستەنگی بۆهاتۆتە پێشەوە؟ هەربۆیە

بەشی زۆری ئامانجەکان دەبێت لە چوارچێوەی دروشم بێتـە دەرەوە بۆ مەیدانی پڕاکتیکی[٤١].

[٤١] عادل عەلی، کورتەباسێك دەربارەی پڕۆگرامی یەکێـیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٥٢١ لاپەڕە ١١.

## باسی دووەم: یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سۆشیال دیموکرات:

پاش پەیمانی ئازار لە ساڵی (١٩٧٠) کە لەنێوان شۆڕشی ئەیلول و حکومەتی عیراقی دا هاتە ئیمزا کردن، دەرفەتی لەدایکبوون لەبەردەم دەیان رێکخراوی پیشەیی و دیموکراتی و گۆڤار و رۆژنامە پەیدا بوو. گەلێك لێکۆڵینەوەی باش و پێشکەوتوو بڵاوبۆوە لەناو توێژی گەنجان دا.

دەرفەت و پشوویەك بۆ رۆشنبیران هاتە رەخساندن، کەشوهەوایەك بۆ هزری نوێ پەیدا بوو، یەکێك لەو کۆمەڵە و رێکخراوانە (کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان) بو، بەدەستپێشخەری (مام جەلال) گروپێك لە رۆشنبیران ئەو کۆمەڵەیەیان لە (١٩٧٠/٦/١٠) دامەزراند.

کۆمەڵە، هەڵگری هزری مارکسی – لینینی بوو، هەروەها کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بە (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) هەروەها موتوربە بوو بەهزری ماوی (ماوتسی تۆنگ) و هەرزوو توانی جێی

خۆی لەناو لاوان و خوێندکاران دا بکاتەوە و ئەندامەکانی خۆی وەکو کادیر بۆ پاشەڕۆژ ئامادە بکات.

بەڵام بەهۆی نەبوونی چوارچێوەیەکی سیاسی تایبەت بە نەتەوەی کوردەوە. کۆمەڵە باوەشی گرتەوە بۆ هەموو چین و توێژەکانی کوردستان، نەك هەر تەنیا نوێنەرایەتی کردنی چینی کرێکاران، ئەوەش لە نامەی بەڕێز (مام جەلال) دا بەدەردەکەوێت کە لە ساڵی (١٩٧٢) بۆ ناوەندی کۆمەڵەی ناردووە و تێیدا پێویستی فراوانکردنی کۆمەڵەی رەنجدەران بەرەو ئاقارێکی بەرفراوان و نیشتمانی دەکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کوردی.

لە ساڵی (١٩٧٤) حکومەتی عێراقی شەڕی دژی سەرکردایەتی خەڵکی کوردستان راگەیاند و پەیمانی (١١ ئازار) ی هەڵوەشاندەوە. زۆربەی کادیرەکانی کۆمەڵە پەیوەندیان بە شۆڕشەوە دەکرد و هەتا (١٩٧٥/٣/٦) پەیمانی جەزائیر لەنێوان عێراق و ئێران دا هاتە ئیمزاکردن و بووە هۆی تێکچوونی شۆڕشی ئەیلول و پاشان لە (١٩٧٥/٦/١) یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەیاننامەی دامەزراندنی خۆی لە سوریا راگەیاند بۆ بەردەوام بوونی شۆڕشی نوێی خەڵکی

کوردستان (ی.ن.ك) خۆی بەحزبێکی شێوە نوێ یان ڕێکخراوێکی سیاسی نیمچە بەرەیی نوێ و خاوەن هزری پێشکەوتنخواز و دیموکراسی ناساندو لەریزی یەکەمی داخوازیەکانی (ی.ن.ك) کە رایگەیاندووە (پەیمانی جەزائیری خیانەتکاری بەرهەم و بەرئەنجامی بێ چارەیی بۆرژوازی بیرۆکراتی عێراقی شۆڤێنییە بۆ چارەسەرکردنی دۆزی کوردی بەشێوازێکی دیموکراتی و دادپەروەری).

دیارە (ی.ن.ك) وەکو هێزێکی چەپڕەو بۆ چارەسەرکردنی دۆزی گەلی کوردستان هاتۆتە مەیدانی خەبات. هەروەها پێویستی هەڤاڵبەندی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان لەگەڵ هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکان و چەپ لە عێراق دیاری کرد بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئامانجی (رزگارکردنی عێراق لە کۆت و بەندی کۆلۆنیالیزمی نوێ لەلایەنی ئابوری و سیاسیەوە و نەهێشتنی دەسەڵاتی دکتاتۆری و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی نیشتمانی دیموکراتی یەکگرتوو بۆ عێراق کە تیایدا مافەکانی گەلی کورد دێتە دی).

هەروەها (هێنانەکایەی چاکسازی کشتوکاڵی ریشەیی لە بەرژەوەندی جوتیاران و پێشخستنی پیشەسازی و وەبەرهێنانی داهاتی نەوت و کانزاکان بۆ بوژاندنەوەی کۆمەڵ لە عێراق و ئامادەکردنی بەرەو دروست کردنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی) .

(ی.ن.ك) هەر لەسەرەتای دامەزراندنی خۆی، بۆ نوێنەرایەتی کردنی تەواوی چین و توێژەکانی کوردستان هاتە مەیدانی خەبات، کە رێکخراوێکی سیاسی کۆمەڵگای دیموکراسیخواز بوو. کاری کرد بۆ بزاوتی هەموو بۆچوون و هزرێکی سیاسی و رەوتی نیشتمانی و پێکەوەگرێدانیان و کۆکردنەوەیان لەژێر چەتر و سەکۆیەکدا.

لە یەکەمین بنەماکانی دا (ی.ن.ك) هەوڵ دەدات بۆ رێکخستنی هێزە نیشتمانی و دیموکراسی و شۆڕشگێڕەکانی کورد لە چوارچێوەی یەکێتی نیشتمانی دیموکراسی دا کە پێکەوە لەگەڵ رەوتە پێشکەتنخوازەکانی تردا خەباتی خۆیان بکەن بەیەك و بەهێز بن.,

(کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان و هێڵی گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بەیەکەوە لە

چوارچێوەی رێکخراوێکی گەورەی سیاسی نیمچە بەرەی (ی.ن.ك) یان بنیات نا.

ئەگەر کۆمەڵە وە کو داینەمۆی یەکێتی بوبێت، ئەو کۆمەڵەیە لە سەرەتای دامەزراندنی سەکۆو سەنتەرێکی رۆرشنبیری فکری بووە لەوەی ستونێکی سۆشیال دیموکرات. هەروەکو لە ئەوروپا توێژ و میکانیزمی حزبە سۆشیال دیموکراتیەکانە. ئەو توێژە و خەسڵەتانەی ئامانجی فەلسەفەی سۆشیال دیموکراتە کە کۆمەڵگایەکی هۆشیار دروست بکات، بۆ بڵاوکردنەوەی دادپەروەری و ئاشتی و مرۆڤایەتی. ئەگەر (ی.ن.ك) لە ساڵانی خەباتی دا پەنای بردۆتە بەر هەڵگرتنی چەك بۆ بەگری کردن، هزری سۆشیال دیموکرات هزرێکی ئاشتیخوازە و باوەڕی بە شۆڕشی چەکداری نیە. بەڵام حزبە سۆشیال دیموکراتەکان لە ئەوروپا لە جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بۆ بەرگری کردن لە وڵاتی خۆیان پاڵپشتی حکومەتەکانی خۆیان دەکرد داکۆکیان لە بوونی نەتەوەیی خۆیان دەکرد، دیارە ئەو خەباتەی (ی.ن.ك) لەبەر نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی تایبەت بوو، هەروەها لەبەرئەوەی سیاسەتی ئەوکاتەی حکومەتی عێراقی سیاسەتی

پیـادەکردنی جینۆسـاید بـوو دژی گـەلی کـورد، زمـانی ئاشـتی لـە فەرهـەنگی ئـەودا نـەبوو، بۆیـە بـەرگری کـردن لـە ژیـان و مـافو کەرامـەتی نەتەوایـەتی لـە هـەموو سـەردەم و یاسـایەکدا بەرگریـەکی رەوایە.

پـاش راپـەڕینی بـەهاری سـاڵی (١٩٩١) و رەخسـان و کرانـەوەی دەرفـەت لەبـەردەم گـەلی کوردسـتان، (ی.ن.ك) لـەناو هێـزە کوردستانیەکان دا پێشەنگ بوو بۆ پێشکەش کردنی فـۆرمی پێکـەوە ژیان. لەگەڵ نەتەوەکانی تری عێراق و چارەنوسی گەلی کوردستان بە پێشنیارکردنی شێوازی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقێکی دیموکراسـی و پەرلـەمانی دا و هـەروە هـا بـۆ پێکـەوەژیانی ئاشـتیانە هەمیشـە یەکێتی باوەڕی بە زمـانی دانوسـتان و دیـالۆگ بـووەو پێشـی هـەموو جۆرە خەباتێکی تری خستووە، ئەمەش خـاڵێکی پرشـنگدار و گەشـە لە مێژووی خەباتی یەکێتی دا کە بەرچاوە.

لە کۆنگرەی یەکەمی (ی.ن.ك) دا چەمك و ڕێبازی سۆشیال دیموکرات پەسەندکراو بڕیاری لەسەر درا دروشمەکانی خـۆی لـە کاکڵـەی هـزری

سۆشیال دیموکرات هۆنیەوە کە بریتی بوون لە (ئاشتی و دیموکراسـی و مافی مرۆڤ و مافی چارەنوس) .

یەکێتی هەر لە سەرەتای دامەزراندنیدا باوەڕی بە ژیانی فرە حزبـی و بیروڕای جیاواز و کاری بەرەیی و هاریکاری هەبوو، هەر ئەوەشبوو کە وای کـرد ببێتــە هــەوێنی گەشــەو مانــەوەی بــە بــەردەوامی و بــەرەو باوەشــی جــەماوەری کوردســتان بچــێت. کــە ئێســتا وەکــو هێزێکــی سەرەکی لە عێراق و کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سـەیر بکـرێت، لەبەرئەوەش لە رێگای هزری سۆشیال دیموکراتدا، یـەکێتی دەیـەوێت کۆمــەڵ ئــازاد بێــت لــە کــۆت و بەنــدی داب و نــەریتی خێڵــەکی و دواکـەوتوو و بەتــەواویش جیـاوازی چـینایەتی بنـبڕ بکـاتو دەیـەوێ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی مسۆگەر بکات.

هــــەروەها دەیـــەوێت گەشـــەکردنی هـــزری سۆشـــیال دیمـــوکرات و ئاشناکردنی بە ئەندام و کادیرانی یەکێتی زیـاتر بێـت و بـە بەرنامـەی کــارو پرۆگــرام و پــەیڕەوکردنیان لــەڕووی پراکتیکــی و عەمەلیــەوە لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردسـتانەوە بـۆ بڵاوکردنـەوەی کـەلتوری رۆشــنبیریو فکــری سۆشــیال دیمــوکرات و بنیاتنــانی کۆمەڵگایــەکی

مــەدەنی و پێشــکەوتوخواز، بۆیــە ئاشــنابون بــەهزری سۆشــیال دیموکرات و پەیڕەوکردنی لەناو ریزی ئەنـدامان و کـادیرانی هانـدەرێك دەبێــت بــۆ کەمکردنــەوەی هەســتی ناوچــەگەرێتی و هۆزگــەری و عەشیرەتگەری و بەرزکردنەوەی هۆشیاری نیشتمانیو نەتەوایـەتی و مرۆڤایــەتی، پاڵنــەری هێــزی یــەکێتیش لــە هێــز و دەنگــی جەماوەرەکەیدایـە، کـە ئێسـتا وەکـو حزبێکـی دەسـەڵاتدارو بەشـدار لەدەسەڵات بۆ پاراستن و بەردەوامی لەسـەر بـەردەوامی ئـەو هێـزەی کە هێز و باوەڕی ئەو خەڵك و جەماوەرەیە کە دەنگیـان پـێ داوە بـۆ گەیشتن بەدەسەڵات، دەبێ متمانەی ئەو دەنگانـە رابگرێـت و زیـاتری بکات، ئەویش بەرێگای پەیڕەوکردنی فیکر و بیروباوەڕ و هزری خـۆی وەکـو حزبێکـی سۆشـیال دیمـوکراتو گرنگیـدان بـە ژنـان و لاوان و رەخسـاندنی دەرفـەت بەشـێوەیەکی یەکسـان لـە بـواری ئیـداری و ئـابوری و سیاسـی دا لەسـەر بنـەمای دیموکراسـی و پـەیڕەوکردنی دادپـەروەری کۆمەڵایـەتی بـۆ بنیـات نـان و جۆشـدانی کۆمەڵگایـەکی سڤیل و مەدەنی و ئازاد، بە عەمەلی پەیڕەو بکات.

(ی.ن.ك) هەڵگری هزری سۆشیال دیموكراتە و ئێستا ئەندامی كارای سۆسیال ئەنتەرناسیۆنالی جیهانی (SI) یەو سكرتێری گشتیی پێشوی (مام جەلال) جێگری سكرتێری گشتی ڕێكخراوی (SI) بووە، دواتریش سەرۆكی فەخری ئەو رێكخراوە بووە لەپای نزیكەی پەنجا ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی و دیموكراسی دا[٤٢].

---

[٤٢] كتێبی (سۆسیال دیموكرات) نوسینی هەسەن عومەر/ بەزمانی كرمانجی ژوورو ساڵی/٢٠٠٧ – بەشی روناكبیری مەڵبەندی رێكخستنی زاخۆی (ی.ن.ك) ، لاپەڕە (٤٧) .

## باسی سێیەم: یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ناسنامەی سۆشیال دیموکرات:

(ی.ن.ک) کە خاوەنی مێژوویەکی دوورودرێژی خەباتی شاخ و شارە و ئەمساڵ مۆمی (٤٨) ساڵەی دامەزراندنی خۆی دادەگیرسێنێ و لەدوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی کوردستانی باشور لە یەکەمین کۆنگرەی خۆیدا ناسنامەی (سۆشیال دیموکراتی) بۆ خۆی هەڵبژاردووە و لەو ساتەوە (٣١) ساڵە وەکو حزبێکی سۆشیال دیموکرات پێناسەی خۆی دەکات کە ئەوەش بە فەرمی لە دوای کۆنگرەی یەکەمی خۆیدا لە پەیڕەو و پرۆگرامی خۆیدا جێگیری کردووە وەکو ناسنامە و شوناسی هزری و فکری (ی.ن.ک) بەوجۆرە لەو رێگایەوە لانی کەم وەك پێناسەیەکی هزری سیاسی، یەکێتی هەنگاوێکی کۆنکرێتی نا بەرەو تەبەنی کردنی ئۆلگووی سۆسیال دیموکراتیزم وەك رەوتێکی سیاسی کۆمەڵایەتی میانڕەوی ریفۆرمخواز لەنێوان رەوتی دیموکراسی لیبراڵی رۆژئاوایی لەلایەکەوە

و رەوتـــی دیموکراســـی شۆڕشـــگێڕانەی رادیکـــاڵ کـــە دیموکراســـی پـەرلەمانی رەتدەکاتـەوە، ئـەو گۆڕانکاریـە سیاسـیە فیکریـە هـەر لـە خـــۆراو خۆرســـکانە نـــەبووە، بـــەڵکو دەرئـــەنجامێکی راســـتەوخۆی هەلومەرجە تازەکانی دنیای ئەوکاتانە بووە، بەتایبـەت هەرەسـهێنان و هەڵوەشانەوەی (یەکێتی سۆڤیەت) و کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و سـەرهەڵدانی سیسـتەمی جیهـانی تـاك جەمسـەری و بـرەو سـەندنی ئولگووی دیموکراسی لیبراڵی و پاشەکشەی ئولگووی سۆسیالیسـتی و سیستمە تۆتالیتاری و دیکتاتۆریەکان.

ئـەو هەلومەرجـە نێودەوڵەتیـە تازانـە هـەموو هاوکێشـە سیاسـییە سـتانداردەکانی دەورانـی جـەنگی سـارد و دنیـای دوو جەمسـەریان گۆڕی و لەناو گۆڕانکاریەکانیش دا هـەموو بزوتنـەوە و پارتـە چـەپ و سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان توشـی قـەیرانی بونیـادی و فیکـری و سیاسـی بوونـەوە و بەشـی هـەرە زۆریـان پوکانـەوە و هەندێکیشـیان گۆڕانی ریشەیان بەسەردا هات و لە ئەنجام دا تێکـەڵ بـە دیموکراسـی پـەرلەمانی و لیبرالیزم بوون.

دیاره (ی.ن.ك) لەناو ئەو گۆڕانکاریە خێراییانەدا تووشـی ئـەو جـۆرە قەیرانــە بونیــادی و فیکریــە نــەبوو کــە چــەپ و سۆسیالیســت و کۆمۆنیستەکان تووشـی بـوون. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبـوا لەبـەر رۆشــنایی هەلومەرجــە تازەکــان دا وەڵام بەپێداویســتییە فیکــری و سیاسیەکانی سەردەمی تازەی تاك جەمسەری و جیهـانگیری بداتـەوە و بەرگ و پۆشاکی دەورانی شۆڕشی چەکداری و حزبی نایەککگرتوویی (فیکـری – سیاسـی) نیمچـە بـەرەیی فـڕێ بـدات و هـەنگاو بـەرەو پێشەوە هـەڵهێنێ. لـەو روبەرووبونـەوە هەسـتیارەی یـەکێتی لەگـەڵ خۆی و لەگەڵ گۆڕانکاریەکانیشدا یەکێتی نەیـدەتوانی هـەروا سـوك و ئاسان روو لە نمونەی دیموکراسی لیبراڵی رۆژئاوایی بکات.

ئەو دیموکراسیە لیبراڵیەی بیرمەندی ئـەمریکی (فۆکۆیامـا) جـاڕی بـۆ دەدا و بەکۆتایی مێژووی دەزانی، ئەوە لە پلەی یەکەمدا دەگەڕایـەوە بۆئەوەی یەکێتی وەکـو حزبێکـی نیمچـە بـەرەیی لـەڕووی پێکهاتـەی فیکـری و سیاسـیەوە پێشـینە و پاشـخانێکی نیمچـە شۆڕشـگێڕانەی نیمچە رادیکاڵی هەبووە و بەجۆرێك لە جۆرەکان بڕوای بە سۆسیالیزم هەبووە و لەڕووی جەمسەرگیریەوە خـۆی بـە بەشـێك لـە بزوتنـەوە و

شۆڕشــی گــەلان پێناســە دەکــرد لــە دژی ئیمپریــالیزم (ڕۆژئــاوا) و کۆنەپەرستی، هەروەها خۆی بەپشت و پــەناو پێشــڕەوی کرێکــاران و زەحمەتکیشان دەناسـاند، لانیکـەم باڵـە چـەپەکەی نـاو یـەکێتی کـە (کۆمەڵــە) بــوو کــەم و زۆر باســی لــە دیموکراســی شۆڕشــگێڕانەو سۆسیالیزمی کرێکاری و کۆمەڵگەی بێ چـین و چەوسـاندنەوە دەکـرد و دروشمــی بــۆ ئــەو ئامانجانــە ئــەدا. ســەدان کــادیری نــاو یــەکێتی بەسکرتێری گشتییەوە بەو پاشخانە فیکریە سیاسیەوە یەکێتی بوونە و لە کۆنگرەی یەکـەم دا ڕۆڵـی کاریگـەریان بینـی بـۆ تەبـەنی کردنـی ڕێبازی سۆسیال دیموکراتی نەك لیبراڵ دیموکراتی.

کـەوا بـوو، یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان لـە پـاش ڕاپـەڕین بـەرەو حزبێکی سۆسیال دیمـوکرات وەرچـەرخا، کەرەسـتەیەکی لەمێژینـە و لەوەو پێشـی فکـری سیاسـی و زەمینەیـەکی لـەباری تیـادا بـووە بـۆ تەبــەنی کردنــی هــزری سیاســی سۆســیال دیمــوکرات کــە ئەگــەر وەریگێڕینە سەر لایەنی کرداری و پراکتیکی دەبێ بڵێین، بریتییە لـەو جیهانبینیەی کە تێدەکۆشێت بۆ هێنانەدی کۆمەڵگـەی خۆشـگوزەران لەســەر بنــەمای ئاشــتی کۆمەڵایــەتی و ڕیفــۆرمی بــەردەوام بــەرەو

کەمکردنەوەی بەردەوامی کەلێن و قلێشت و جیاوازی نێوان هەژاری و دەوڵەمەندی لەڕێگاو لە چوارچێوەی سیستم و کۆمەڵی دیموکراتیدا.

حزبی سۆسیال دیموکرات لەهەر شوێن و کۆمەڵگەیەك بێت دەیەوێ لەرێگای گەمەی دیموکراسیەوە بگات بەدەسەڵات بەمەبەست و ئامانجی ئەنجامدانی بەرنامەی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی بە قازانجی چین و توێژە زەحمەتکێش و کەمدەرامەتەکان، بەتایبەتی لە بواری ئابوری دا بەرەو دابەشکردنەوەیەکی نوێی سەروەت و سامانی کۆمەڵایەتی.

بەوجۆرە ئامانجی راستەوخۆی حزبی سۆسیال دیموکرات بریتییە لە جێبەجێکردنی ریفۆرمی ئابوری – کۆمەڵایەتی بە ئاراستەی هێنانەدی زەمینەی مادی بۆ خۆشگوزەرانی چین و توێژە کارکەر و بەرهەم هێن و کەم دەرامەت و بێکار و زەحمەتکێشەکان.

دیارە هەر ئەوەش بناغە و پرەنسیپ و پێناسەی (دادپەروەری کۆمەڵایەتی) پێکدەهێنێت لەلای سۆسیال دیموکراتەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا هەر ئەوەش هێڵی جیاکەرەوەیەتی لەدنیابینی و سیستەمی دیموکراسی – لیبراڵی رۆژئاوایی کە لە ماهیەتی خۆیدا

موحافیزکارانەیـە (کۆنسـێرڤاتیڤ)ە، چـونکە بەپێچـەوانەی ئامـانجی سۆسیال دیموکراتەکان، ئامـانجی سـەرەکی و راسـتەوخۆی لیـبراڵ — دیموکراتەکان بریتییە لەوپەڕی بەرگریکردن لە بەرژەوەندیە ئـابووری و سیاســـی و کۆمەڵایەتیـــەکانی چـــینە دارا و دەوڵەمەنـــدەکان و قووڵکردنـــەوەی زیـاتری درز و قەڵەشـــتی نێـوان دەوڵەمەنـدەکان و هەژاران و کەڵەکەکردنی زیـاتری سـەروەت و سـامانی کۆمەڵایـەتی لـە چنگی کەمینەیەکی کەمی کۆمەڵ دا بەرامبەر بە بەرینترکردنی ئاستی هەژاری رێژەیی و رەها.

یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان لـەو دووریانـە مێژووییـەی بـەدوای هەرەسهێنانی بلۆکی سۆسیالیستی دا هاتە پێش، هـەر دەبوایە بێتـە حزبێکی دیموکراتی کۆمەڵایـەتی نـەك دیمـوکراتی لیبراڵـی دیـارە ئـەو جیاوازیـەش کـە باسمـان کـرد لـەنێوان دیمـوکراتی کۆمەڵایـەتی و دیمـوکراتی لیبراڵیـدا، جیاوازیـەکی هـزری و سیاسـی ریشـەییە و (ی.ن.ك) لە هەموو حزبە لیـبراڵ و دیموکراتـەکانی دەوروبـەری خـۆی جیادەکاتەوە. بەڵام لەهەمان کاتـدا یـەکێتی وەك هـەر حزبێکـی تـری سۆسـیال دیمـوکرات کـە بـڕوای بـە هێنانـەدی کۆمەڵگەیـەکی

خۆشــگوزەران هەیــە لــەرێگای دیموکراســی و ریفــۆرمی ئــابووری و کۆمەڵایەتیــەوە، بــەهیچ شــێوەیەك خوازیــاری هەڵوەشــاندنەوەی خاوەنــدارێتی تایبــەتی ئامرازەکــانی بەرهــەم هێنــان نیــەو بــڕوای بەشۆڕشی توندوتیـژی کۆمەڵایـەتی نییـە بـۆ بـەدیهێنانی سۆسـیالیزم بەواتا مارکسیەکەی. هەر ئەوەش هێڵـی بنـەڕەتی و جیاکەرەوەیـەتی لەگەڵ چەپە سونەتیەکاندا (تەقلیدیەکاندا) کە بڕوایـان بەدیموکراسـی پەرلەمانی نیە، بەڵکو خوازیاری ئـەوەن لـەرێگا شۆڕشـی کرێکـاران و زەحمەتکێشـانەوە کۆمەڵگـە سـەرەو ژێـر بکـرێ و لەشـەو و رۆژێکـدا خاوەندارێتی تایبەتی نەمێنێ لەرێگای داسەپاندنی سیستەمێکی تری دیکتــاتۆری و تۆتالیتارییــەوە، بەپێچــەوانەی ئــەوە، سۆســیال دیموکراتــەکان ویســتویانەو دەیانــەوێ لــەرێگای دیمــوکراتی پەرلەمانیەوە، لەرێگای سندوقەکانی دەنگدان و دەستاودەسـتکردنی دەسەڵاتەوە بەرنامەی ریفۆرمی کۆمەڵایـەتی و ئـابوری خۆیـان بەرنـە پێشــەوە و لــەڕێگای ململانێــی پەرلەمانیــەوە بتــوانن ئــەو یاســایانە دابڕێژن و بەسـەر داراو دەوڵەمەنـد و کۆنەپەرسـتەکاندا دایانسـەپێنن کـە لـەرێگای بـاج لـە رێـژەی قـازانج و دەوڵەمەنـدیی و سـەروەت و

سامانەکانیان کەم بکەنەوە و بەربەستی یاساییان بۆ دابنرێ و ئەو داهاتی باجەی سەر قازانجیان بەکاربهێنرێت بۆ خۆشگوزەرانی گشتیو خزمەتگوزاری گشتی، دیارە ئەوەش هیچ پێویستی بە شۆڕش و توندوتیژی و پشێوی کۆمەڵایەتی ناکات.

# بەشی نۆیەم:

# یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و وەرچەرخان و

# گەشەی فکری بەرەو سۆشیال دیموکرات

# باسی یەکەم: یەکێتیو وەرچەرخانی فکری ( لەشاخ بۆ شار )

وەك ئاشكرایە (ی.ن.ك) لەسـەرەتای دامەزراندنیـەوە بەبیروبۆچـوونی سـەردەمیانە لـە سـاڵی (١٩٧٥) وەك رێكخراوێكـی سیاسـی نیمچـە بەرەیی هاتـە لـەدایك بـوون، بـەوەی كـە لـە (سـێ بـاڵ) ی سـەرەكی پێكهاتبوو كە بریتی بوون لە:

١-كۆمەڵەی ماركسی لینینی، كە دواتر ناوەكەی گـۆڕا بـۆ (كۆمەڵـەی رەنجـدەرانی كوردسـتان) كـە لـە سـاڵی (١٩٧٠) ە وە دامـەزرا بـوو، كۆمەڵەیـەكی (ماركسـی -لینینـی) بـوو، بـاڵی گـەورە و بـەهێزی نـاو (ی.ن.ك) بوو.

٢-بزوتنەوەی سۆسیالیستی كوردستان.

٣-هێڵـی گشـتی، كـە لـە كەسـانی شۆڕشـگێڕ و نیشـتمان پـەروەر و دیموكرات خواز پێكهاتبوون.

كە هەریەكەیان خاوەن بەرنامەو بیروبۆچوون و رێكخستن و پـەیڕەوی سـەربەخۆی خۆیـان بـوون. پـاش جیابوونـەوەی بەشـێكی زۆری

(بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) لە (ی.ن.ك) بەشێکیان لەناو (ی.ن.ك) دا مانەوە و درێژەیان بە خەبات دا لەناو (ی.ن.ك) و دواتر لە کۆنفرانسێکدا ئەو باڵەی بزوتنەوەی سۆسیالیست لەگەڵ باڵی (هێڵی گشتی) یەکیان گرتەوە و باڵی (یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان) یان دروست کرد و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو بەدوو باڵی سەرەکی (کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان) .

لەماوەی سالانی (١٩٧٥-١٩٩١) لە ژێر چەتری (ی.ن.ك) دا ئەو بالانە درێژەیان بە کاری رێکخراوەیی و چەکداری خۆیان دەدا و هەموانیان پێکەوە و هەریەکەیان بەقەبارەی خۆی چالاکی و کاری سیاسی و چەکداریان ئەنجام دەدا و ناتوانرێ کە رۆڵی هیچ لایەکیان پشتگوێ بخرێت و کەنارگیر بکرێت لە گەشەکردن و گەورەبوون و کاریگەربوونی (ی.ن.ك) .

بەڵکو بەخەباتی هەموانیان یەکێتیان گەیاندە ئەم رۆژە و هەموو رۆژگارە سەخت و دژوارەکانیان تێپەڕاند و توانیان لەدوای راپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١) ی گەلەکەمان وەك وەلام دانەوەیەکی ژیر و واقیع بینانەو لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی ورد و زانستیانەو

خوێندنـەوەی بـۆ ڕووداوو پێشـهاتەکانی ناوچـەکەو دنیـاش. یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان یەکـەم کـۆنگرەی خـۆی بەسـت لـە (١/٢٧ تـا ١٩٩٢/٢/١٤) لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و تیایدا چەند بڕیارێکی گرنگ درا لەوانە:

یەکەم: پەسەندکردنی یەك بەرنامەو پەیڕەو بۆ هەموو باڵەکان و ئیدی سـەردەمی سـێ بـاڵی و دوو ڕێکخراوەیـی نـەماو قۆنـاغی ڕێکخـراوی نیمچە بەرەیی گواسترایەوە بۆ قۆناغی یـەك ڕێکخـراوەی سیاسـی کـە ئەویش یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان بـوو کـە هـەموان لـە سـایەیدا کاریان دەکرد.

دووەم: پەسەندکردنی ڕێبازی سۆسیال دیموکرات بوو وەك بەرنامـەی کاری داهاتووی (ی.ن.ك) ، کە لێرەشدا دیاردەی فرە مینبـەری هاتـە بـوون و بەمـەش یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان بـووە ڕێکخراوێکـی سیاسـی پـان و پـۆڕ و لەبـەردەم هـەموان دا کرایـەوە بـۆ درێـژەدان بەخـەبات و جێبـەجێکردنی بەرنامـەو بیروڕاکـانی لەچوارچـێوەی سیاسەتی گشتی یەکێتی دا.

ئەم دوو بڕیارە یەوکجار گرنگ بوون بۆ ناوخۆی یەکێتی و کاریگـەریی گەورەشــیان هــەبوو لەســـەر زۆربـــەی پـــارت و ڕێکخـــراوو گروپـــە سیاســیەکانی ســـەر گۆڕەپـــانی کوردســـتان بـــەوەی کـــە ئـــەوانیش کەوتنــەخۆ بــۆ یەکگرتنـــەوە و گۆڕانکــاری لــە بەرنامــەو پــەیڕەوی ناوخۆیان دا، بەهەمان ئاراستەش یـەکێتی نیشـتمانی کوردسـتان لـە (١٩٩٣/١/٢١) دا کۆبونەوەیـەکی فراوانـی بەسـت، سـەبارەت بـە یـەك بوون و یەکگرتنەوەی حزب و ڕێکخراوو گروپە چەپ و سۆسیالیست و دیموکراتەکانی کوردستان لەگەڵ یەکێتی دا.

بــەئامادەبوون و بەشــداری ئەنــدامانی ســەرکردایەتی و ئەنــدامانی مەکتەب و مەڵبەندەکان و بەتێکڕای دەنـگ بڕیـاری یـەکبون پەسـەند کرا.

(ی.ن.ك) هــەر لــە کــۆنگرەی یەکــەمی دا لەیەکــەم خــاڵی ئامانجــە گشـتیەکانیدا دیـاریکردوە کـە (یـەکێتی خـەبات دەکـات لـە پێنـاوی دیموکراســی و ئــازادی و یەکســانی دا. دژی دکتــاتۆری و جــەنگ و داگیرکـــردن و دەســـت درێـــژی، دژی چەوســـانەوەی نەتـــەوەیی و چینایەتی و ئاینی، دژی پێشێلکردنی مافی مـرۆڤ و دژی شـۆڤێنیزم و

کۆنەپەرستی و تیرۆر، لەپێناو مافی چارەی خۆنوسین و هاوکاری و پێکەوە ژیانی گەلان بەئاشتی و تەبایی) ،

بەهەمان شێوە لە خاڵی چوارەمی ئامانجە گشتیەکانیدا دیاری کردووە کە:

(ئامانجی دوارۆژی یەکێتی پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستی دیموکراتیە لە کوردستاندا) .

وەك خۆ گونجاندنێك لەگەڵ سەردەمە نوێیەکەی دوای روخانی بلۆکی سۆسیالیستی و لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و هەڵکردنی باهۆزی و دیموکراسیەت کە دنیاو ناوچەکەشی گرتەوە و جیهانێکی نوێ بە سیستەمێکی نوێ هاتە ئاراوە کە ئەمریکای رابەری سەرمایەداری و بە تەنهاو تاك جەمسەری ئەم سیستەمە نوێیەی سەپاند لە سایەی بەجیهانی بوونی دنیادا. دنیا بووە گوندێکی بچوکی هاوچەرخ، لە سایەی داهێنانە گەورەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری و ژمارەیی (لە کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و مۆبایلی زیرەك)ی سەردەمی جیهانگیری (عەولەمە)دا.

لــە لایــەکی تریشــەوە ئــەم دوو بڕیــار و هەڵوێســتەی یــەکێتی وەك وەڵامدانەوەیــەکی واقیــع بینانــەش بــوو بــۆ قۆنــاغ و ســەردەمەکەی، نــەوەدەکانی ســەدەی بیســتەم، کــە تیایــدا دروشمــی (دیموکراســی و مافی مرۆڤ) بوونە دوو دروشمــی زۆر گــەورە و پــڕ بــەها کــە هــەمووان هەوڵی بەدیهێنانی و بەرجەستەکردنیان دەدات.

دەیــەکانی نــەوەدی ســەدەی رابــردوو، ســەردەمی هێــز و توانــاو بــاڵا دەست بوونی پارت و رێکخراوە سیاسیە سۆسیال دیموکراتــەکان بــوو لــە ئــەوروپادا و بــەجۆرێك لــە زۆربــەی وڵاتــانی (ئــەڵمانیاو فەرەنســاو ئیتالیاو ئیسپانیاو سویدو نەرویج و بەلجیکاو نەمساو سویسرا.. هتــد) بوونە پارتی دەســەڵاتدار یــان پــارتی گــەورەی ئۆپۆزســیۆن. بەمــەش رێکخــراوی سۆســیال ئەنتەرناســیۆنالی جیهــانی (SI) زیــاتر گــەورە و کاریگــەر بــوو، لــە ئــەنجامی هەڵوەشــانەوەی بلــۆکی سۆسیالیســتی و دارمــــانی سیســــتەمی سۆسیالیســــتی لەبەرامبــــەر سیســــتەمی سەرمایەداریدا، چ بۆ پڕکردنەوە و هاوسەنگ کردنەوەی ئەو بارە لارە (سۆســیال دیمــوکرات) وەك رێبــازێکی میــانڕەوو ناوەنــد لــەنێوان سۆسیالیستیەکی وشك و بــرنگ و دۆگمــاو چــەق بەســتوودا کــە بــووە

مایـەی زیـاترکردنی هــەژاران و زیـاترکردنی مەینــەتی و ناخۆشــی و سەرگەردانی و بێ بەشکردنی هاوڵاتیان لـە خزمەتگوزاریـەکانی ژیـانی سەردەم و دواکەوتوویی زیاتری ئەو کۆمەڵگایانـە لەلایـەك و لەلایـەکی تریشەوە لە بەرامبەر سیاسـەتە دڕنـدەو قێـزەون و بـێ بەزەییـەکانی سەرمایەداریشـدا کـە تـەنها گرنگـی دەداتـە کەمینەیـەکی زۆر کـەمی کۆمــەڵگاو دەوڵەمەنــدکردنیان و کۆکردنــەوەی ســەرمایە لــەلایان و لەولاشەوە هەژارکردنی زۆرینەی کۆمەڵگا لە سایەی ئازادی سیاسـی و ئـابوری و.. هتـد. کـە لـە هـەردوو سیسـتەمەکەدا بـەهای مرۆڤایـەتی پێشێل و لەگۆڕنرا بـوو، هەربۆیـە هاتنـە کایـەی ڕێبـازێکی میـانڕەوی سـەردەمیانەی وەك (سۆسـیال دیمـوکرات) کـارێکی گەلــێ بـەجێ و گرنگ و پێویست بوو، بۆ ڕزگارکردنی دنیای ناهاوسـەنگ و نایەکسـان و گۆڕینی بەدنیایەکی زیاتر دیموکراسی و ئـازاد و یەکسـان و پێکـەوە ژیان و کارکردن.

ـ لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە: یەکێتی بۆ ڕێبـازی سۆسـیال دیمـوکراتی پەسەند کرد وەك بەرنامەی کاری داهاتووی؟

وەك پێشتر باسی لێوەكرا، یەكێتی لە ناوەڕاستی هەشتاكانەوە هەستی بەگۆڕانكاری و پێشبینیەكانی گۆڕانی دنیا دەكرد. لەوساتەوەی كە لە هەمان كاتدا لەناو (یەكێتی سۆڤیەت) ی جاران و لەناو خودی حزبی شیوعی سۆڤیەتیشدا بیروبۆچوونی ئاوها هاتە ئاراوە كە دەبێت گۆڕانكاری بەسەر میتۆد و بنەماكانی حزب و دەوڵەتی سۆڤیەتی و سۆسیالیستیدا بهێنرێت، ئەوە بوو لە ساڵی (١٩٨٩) بەدواوە كە (میخایل گۆرباتشۆف) بووە سكرتێری گشتی حزبی شیوعی و سەرۆكی دەوڵەت، پرۆژەی (پرۆسترۆیكاو گلاسنۆست) ی راگەیاند و بەمەش بووە سەرقافڵەیەك بۆ گۆڕانكاریەكی گەورە نەك هەر بۆ بلۆكی سۆسیالیستی، بەڵكو بۆ هەموو دنیاش بەهەموو كیشوەر و وڵات و حزب و كۆمەڵگاكانیشەوە، هەربۆیە لە كوردستانیشدا یەكێتی نیشتمانی كوردستان وەك رێكخراوێكی سیاسی گەورە و كاریگەر لەسەر گۆڕەپانی سیاسی و چەكداریدا دەبوو بە هەمان شێوە بە بەرنامەیەكی زانستی و وردەوە بەسەر بیروبۆچوونەكانی خۆیدا بچێتەوە و بەوردیش ئەو گۆڕانكاری و پێشهاتانە بخوێنێتەوە و هەڵیان بسەنگێنێت و لە هەولی

بەردەوامیشدا بووە بۆ دروستکردنی پەیوەندی و خۆتێکەڵ کردن و نزیك بوونەوە لە رێکخراوی سۆسیال ئەنتەرناسیۆنالی جیهانی (SI) ، بۆ ئەوەش دەبوو گۆڕانکاری لە هێڵی رێبازی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی خۆیدا بکات بۆ خۆگونجاندن و نزیك بوونەوە لە بەرنامەی سۆسیال دیموکراتەکان. بەمشێوەیە دوای گەشەکردنی ئەو رێبازە لە کۆنگرەی یەکەمی خۆیدا هەنگاوێکی گەورە و واقیعیانەی بەو ئاراستەیە ناو هەر لە هەمان ساڵدا کە یەکێتی وەك رێکخراوێك بەشداری لە کۆنگرەی سۆسیال ئەنتەرناسیۆناڵ دا کرد لە ئەڵمانیا لە شاری بەرلین (مام جەلال – سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان) لەو کۆنگرەیەدا داوای کرد کە یەکێتی بە (ئەندام) وەربگیرێت لە رێکخراوی سۆسیال ئەنتەرناسیۆنالی جیهانی دا، ئەوە بوو دوای (١٠ ساڵ) و لە کۆنگرەی ساڵی (٢٠٠٢) ی رێکخراوی سۆسیال ئەنتەرناسیۆنالی جیهانی لە (مەغریب) و لە شاری (کازا بلانکا) لە (٢٠٠٢/٥/٣) دا بڕیاری دا یەکێتی نیشتمانی کوردستان وەك (ئەندامی چاودێر) وەربگیرێت لەو رێکخراوەداو لە ساڵی (٢٠٠٤) یشدا بووە (ئەندامی کارا) ی ئەو رێکخراوە، بەمەش یەکێتی

نیشــتمانی کوردســـتان بـــووه یەکـــەمین رێکخـــراوی سیاســـیی لـــە کوردستانی باشوور کە بووە ئەندامی کارا لـە (SI) دا، لـە ئێستاشـدا هەردوو رێکخراوی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان کە بووە ئەندامی کـــاراو رێکخـــراوی ئـــازادی لاوانـــیش بۆتـــە ئەنـــدامی چـــاودێر لـــە (٢٠٠٨/١/٢٨) دا. بەمـــەش یـــەکێتی نیشـــتمانی کوردســـتان، لەســـەر ئاســـتی کوردســـتانی عێـــراق و لەســـەر ئاســـتی ناوچـــەکە و دنیـــاش سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا.

ـــ گرنگـــی کاریگـــەری بەئەنـــدم بـــوون لـــە رێکخـــراوی سۆســـیال ئەنتەرناســـیۆناڵی جیهـــانی (SI) چـــییە؟ و (ی.ن.ك) و کۆمـــەڵگای کوردەواری چۆن سود و قازانجی لـێ دەبینن؟:

١-ئاشـکرایە رێکخـراوی (SI) لـە ئێسـتادا خـاوەنی زیـاتر لـە (١٦٠) ئەندامی کاراو چاودێرە لە رێکخراو و پـارت و گروپـی سیاسـی لەسـەر ئاستی هەموو دنیـادا و بۆتـە دووەم رێکخـراوی گـەورەی جیهـانی لـە دوای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە.

٢-رێکخـــراوی (SI) بـــە بەرنامـــەو کـــار و دەســـتکەوتەکانی بۆتـــە رێکخراوێکـی کاریگـەر لەسـەر سیاسـەتی دنیـاو بـەهۆی پەیوەندیـە

هەمەجۆر و هەمەلایەنەکانیەوە لەسەرتاسەری دنیادا بۆتە خاوەن هێز و نفوزێکی گەورە و کاریگەر.

٣-رێکخراوی سۆسیال ئەنتەرناسیۆنالی جیهانی ((SI) توانیویەتی لە رێگەی گرتنە دەستی دەسەلاتی پارتە سیاسیە ئەندامەکانیەوە لە دنیادا و بەتایبەتیش لە ئەوروپادا کە کۆمەلگایەکی ئارام و ئاشتیخواز و ئازاد و یەکسان و دادپەروەرانە دروست بکات و هاولاتیان خۆشگوزەران و گەشەکردوو بکات.

- لەبەر ئەم هۆکار و بەهێزی و دەسەلاتەی رێکخراوی (SI) لە دنیادا هەیەتی، (ی.ن.ك) دەتوانێت گەلێك سود و قازانج بەدەستبهێنێت لە:-

١-پەیوەندیەکی بەربلاو و فراوان لەسەر ئاستی دنیاو بەتایبەتیش لە ئەوروپا بەدەست بهێنێت بۆ مەسەلەی رەوای گەلی کورد.

٢-بەهۆی تێکەلاوبوونی لەگەلَ ئەو تۆڕە ئابووریە گەورەیەی ولاتانی ئەندامی (SI) کە زۆربەیان ولاتی پێشکەوتووی پیشەسازی گەورەن، (ی.ن.ك) دەتوانێت ئابوری خۆیو کۆمەلگەی کوردەواریش ببوژێنێتەوەو گەشەی پێ بدات.

٣-بوون بە ئەندامی یەکێتی لە (SI) دا دەرگایەکی گەورە والآ دەکات بەڕووی هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و زانستی و کۆمەلآیەتی یەکێتی هەم بۆ حزب و هەم بۆ کۆمەلگای کوردەواریش.

٤-بوون بە ئەندامی کارای یەکێتی لە (SI) دەبێتە مایەی ئارامی و پاراستنی ئاشتی و گەشەی دیموکراسی لە کوردستان و ناوچەکەدا و کەمکردنەوە و نەهێشتنی مەترسیەکانی سەر دەسکەوت و ئەو دەسەلآتە نوێیەی بەدەست هاتووە لە هەرێمی کوردستانی عێراقی نوێدا.

٥-بەم ئەندام بوونەی یەکێتی لە رێکخراوی (SI) و لە عێراقی نوێشدا ئاراستەی ئاشتی و دیموکراسی و ئازادی زالّ دەبێت بەسەر روانگەی هێز و توندوتیژی و نائارامی و سەرکوتکردن و دیکتاتۆریەت دا و دەکرێت لە ناوچە کەدا کورد و کۆمەلگای کوردەواری بێتە کۆمەلگایەکی دیموکراسی و ئازادو کاریگەیشی هەبێت بۆ سەر عێراقو ولآتانی ناوچەکە.

٦-بوون بە ئەندامی یەکێتی لە رێکخراوی (SI) دا، یەکێتی لە رێکخراوێکی بچوکی ناوچەیی و هەرێمایەتیەوە کردە رێکخراوێکی

سیاسی گەورە و دیاری سەر ئاستی جیهانی و دنیا، ئیدی ئەمەش کاریگەری گەورەی دەبێت لە ئایندەدا لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری و مەسەلەی کورد و ئیدی کورد و مەسەلەکەی لە مەسەلەیەکی بچوکی ناوخۆیی و ناو چوارچێوەی سنوری دەوڵەتانی ناوچەکەو ناو هۆڵە داخراوەکانەوە کردە مەسەلەیەکی گەورە و گرنگ و گەرموگوڕی سەر گۆڕەپانی سیاسی دنیاو ناو کۆڕو کۆبوونەوەکان لەسەر ئاستی دنیادا[٤٣].

[٤٣] نامیلکەی (ی.ن.ك)، پێناسەی حزبێکی سۆسیال دیموکرات) ، نوسینی: نەجمەدین فەقێ عەبدوڵلا – زنجیرەی هۆشیاری (٥٩) ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران (ی.ن.ك) سلێمانی، ساڵی (٢٠١٢) – لاپەڕە (٦) .

## باسی دووەم: یەکێتی لەنێوان سۆشیال دیموکرات و سۆشیالیست دیموکراتدا:

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە دوای دیاریکردنی رێبازی خۆی وەکو رێکخراوێکی سیاسی سۆشیال دیموکرات لە کۆنگرەی یەکەمی خۆی لە ساڵی (١٩٩٢) بەهەمان شێوە لە کۆنگرەی دووەمی خۆی لە (١/٣٠ تا ٢٠٠١/٢/٥) لەو کۆنگرەیەشدا رێبازی (سۆشیالیست و دیموکراتی) کردە رێبازی کار و خەباتی خۆی و قۆناغی داهاتووی کە لە کۆنگرەی سێیەم و چوارەمیش تاکیدی لێکردۆتەوە.

لێرەدا پێویستە بگەڕێینەوە سەر جیاوازی لەنێوان هەردوو مەفهومی (سۆشیال دیموکرات) و (سۆشیالیست و دیموکراتی) دا کە پێشتر لەبەشی (یەکەم)و لەباسی (سێیەم)دا باسمان لێوە کردووە کە گرنگترین جیاوازیەکانیش بریتین لە مانە:-

١–سۆشیالیست و دیموکراتەکان بڕوایان وایە کە سۆشیالیستی و سۆشیال دیموکراتەکان و لیبرالیزم بەتەنها سۆشیالیست نین و دەڵێن:

(بۆ گەیشتن بەسۆشیالیستی تەنها لەرێگای سۆشیالیسی و سۆشیال دیموکراتەوە نایەتە دی، بەڵکو دەکرێت هەموو گروپ و رێکخراوێك بەرێگەو هۆکاری تایبەتی خۆی بگاتە سۆشیالیستی) .

٢–سۆشیالیست و دیموکراتەکان باوەڕیان بەدیموکراتی تەواوەتی هەیە.

٣–سۆشیالیست و دیموکراتەکان داوا دەکەن کە بەدەستور و یاسا باس لە عەدالەت بکرێت.

٤–سۆشیالیست و دیموکراتەکان بڕوایان وایە کە ئەو پێداویستییانەی ژیان کە پەیوەندی راستەوخۆیان هەیە بە ژیانی کۆمەڵانی خەڵکەوە نابێ موڵکی تایبەتی بن وەك خوێندن و تەندروستی و رێگاوبان و بانکەکان و.. هتد.

٥–سۆشیالیست و دیموکراتەکان بڕوایان وایە کە سۆشیالیزمی بزوتنەوەیەکی حەتمی نیە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامە.

٦–ئـەوان دەڵـێن: (بـەدیلی دیموکراتیـان هێنـاوە، وەك دیمـوکراتی سۆشیالیسی، نەك سۆشیال دیموکرات) .

جێگـەی باســە کــە ئــەم گروپانــە هــەمووانیان پێکــەوە گروپــی سۆشیالیست دیموکراتیان پێکهێناوە وەك: (بزوتنەوەی چـەپی نـوێ، بزوتنـەوەی سـەوزەکان، بزوتنـەوەی ئاشـتی پـارێز و ژینگـەپارێزی، بزوتنــەوەی فێمێنیســتەکان، بزوتنــەوەی نەتــەوەکان، بزوتنــەوەی لاوان، بزوتنــەوەی مافــە مەدەنییــەکان، بزوتنــەوەی رونــاکبیری، بزوتنەوەی سەندیکاکان) و بەنەوەی سێیەمی سۆشیالیستی دادەنرێن کە لە دەیەی شەستەکانی سەدەی رابـردووەوە دروسـت بـوون، دوای ئـەوەی کـە گەیشـتنە ئـەو بڕوایـەی کـە سۆشـیال دیموکراتـەکان لـە چوارچـێوەی رێبــازێکی ریفۆرمخــوازی زۆر لەســەرخۆو هێواشــیدا چـەقیان بەسـتووە. دەوڵـەتی رەفـاهیش هـەوڵی جـدی پێکهێنانیـان دەدات، کــە ماوەیــەك خۆشــگوزەرانی دابــین کــرد لــە کۆمــەڵگا ئەوروپیەکان دا، بەڵام دواتر پاشەکشەی کرد.

ـ هەر بۆیەش یەکێتی لەکۆنگرەکانی خۆیدا ئەم رێباز و رەوتەی کردە رێبازی کارکردنی خۆی، کە ئەم گروپانەش بۆ خۆیان ئەنـدامی کـارای

ڕێکخراوی (SI) ئەنتەرناسیۆنالی جیهانین، واتە یەکێتی لە تێکڕای کۆنگرەکانی خۆیدا کە چوار کۆنگرەی بەستووە، پاشگەز نەبۆتەوە لە هەڵبژاردنی ڕێبازی خەباتی خۆیدا کە دوای ڕاپەڕین هەڵیبژاردووە، چونکە (سۆشیال دیموکرات) و (سۆشیالیست و دیموکراتی) هەردووکیان ئامانج و ستراتیژیان پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستە بەڕێگا دیموکراتیەکان، بەڵام لەبەکارهێنان و هەڵبژاردنی هۆکارەکاندا جیاوازیان هەیە. بۆیە یەکێتی بە بەردەوامی کار بۆ پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی دەکات لەسەر بناغە و پایەکانی ئازادی و یەکسانی و پێکەوە کارکردن و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

ئاشکراشە قۆناغی سۆشیالیستی دوا قۆناغی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگایە. بە پێی فرماسیۆنی ئابوری و کۆمەڵایەتی گەشەکردنی کۆمەڵگا لە دوای قۆناغەکانی کۆمۆنەی سەرەتایی و کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی و بۆرژوازیەتی سەرمایەداری[٤٤].

[٤٤] کتێبی (ڕێبازی سۆشیال دیموکرات و کۆمەڵگای کوردەواری – چەمك، گەشەکردن، دەسەڵات) ، نوسینی: نەوزاد موهەندیس، چاپی یەکەم، ساڵی (٢٠٠٨) – لاپەڕە (٣١١) .

## باسی سێیەم: پرۆگرامی یەکێتیو کارکردن بۆ بەها بنەڕەتیەکانی سۆشیال دیموکرات:

(ی.ن.ك) وەکو حزبێکی سۆشیال دیموکراتو وەك نمونەیەکی بالآی فکرو ڕێبازی سۆشیال دیموکرات پێویستە بەردەوام بێت لە هەنگاوەکانی کارکردنی زیاتر بۆ جێبەجێ کردنی بەها بنەڕەتیەکانی بیری سۆشیال دیموکرات کە بناغەی سەرەکیو هاوبەشی جیهانین لەناو تێکڕای حزبو ڕێکخراوە جیهانیەکان کاری بەردەوامو جدیان لەسەر دەکرێ.

لەو پێناوەشدا یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پاش ئەوی لە کۆنگرەی یەکەم لەساڵی (١٩٩٢) بیرو بەرنامەو پرۆگرامی سۆشیال دیموکراتی لە پەیڕەوو پرۆگرامی خۆیدا چەسپاندو لەکۆنگرەی دوو و سێو چواریش بەهەمان شێوە لە پەیڕەوو پرۆگرامی خۆیدا جەختی لەسەر کردۆتەوەو گەشەی پێداوەو خستویەتە ڕوو و کاری لەسەر کردوە.

بەهەمان شێوە لە پەیڕەوو پرۆگرامی چوارەمین کۆنگرەش کە لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی (٢٠١٩) بەسترا بەدروشمی (نوێ،

نوێبونەوە) گەشەی بەفکرو بەرنامەی خۆی داوەو لە بەرنامـەی کـاری پرۆگرامی خۆیـدا لەسـەر پایـەو بناغـەو خاڵـە گرنگـەکانی بـیرو فکـرو رێبـــازی سۆشـــیال دیمـــوکرات هێڵـــە گرنگـــەکانی کـــارکردنی خـــۆی دارشتوەو کردویەتیە بەرنامەی کاری داهاتووی خۆی لەنێوان هـەردوو کـۆنگرەی چـوارەمو کـۆنگرەی پێنجـەمی ئاینـدە کـە شـەنو کـەوی پەرێزی خۆی بکات.

هەر بۆیە بۆ تێگەیشـتنی زیـاتر لـە چوارچـێوەی کـارکردنی (ی.ن.ك) لەسەر خاڵە بنەرەتیەکاتی سۆشیال دیمـوکرات، برگـە سـەرەکیەکانی پرۆگرامی (ی.ن.ك) دەخەینە روو کە لە نامیلکەی تایبەت بەپرۆگرامو پـــەیرەوی نـــاوخۆی پەســـەندکراوی چـــوارەمین کـــۆنگرەی (ی.ن.ك) دارشتنەوەی بۆ کراوە بۆ کارکردن لەسەریو جێبـەجێ کردنـی وەکـو بەرنامەی کاری داهـاتووی خـۆیو جێبـەجێ کردنـی کـە زۆربـەیان لـە دروشمو بـیرو رێبـازی رێکخـراوە سۆشـیال دیموکراتـەوە سەرچـاوەی گرتوە.

# پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان:-

## بەشی یەکەم: سۆشیالیست – دیموکرات

یـەکێتیی حزبێکـی سۆشیالیسـت – دیمـوکراتی گـەلی کوردسـتانە لـە پێنـاوی جێبـەجێکردنی بنـەماکانی سۆشیالیسـت – دیمـوکرات، بەتایبـەت بنیاتنـانی کۆمەڵگایـەکی خۆشـگوزەران و ژیـانێکی سەردەمیانە بۆ تەواوی تاکەکانی کۆمەڵ تێدەکۆشێت.

بەوپێیەی کـە (ی.ن.ك) ئەنـدامی سۆرشیالیسـت ئینتەرناشـناڵە (SI) لەسـەر ئاسـتی نـاوخۆ و جیهـان، بـە رەوچـاوکردنی تایبەتمەنـدی هەلومەرجـەکانی کوردسـتان و عێـراق – پابەنـدە بـە سیاسـەت و جیهانبینی سۆشیالیست ئینتەرناشناڵ.

هێڵە گشتییەکانی بـریتین لـە فرەیـی سیاسـی، ئـازادی بیروبۆچـوون، ئـازادی راگەیانـدن، ئاشـتیپارێزی، سـۆلیدارێتی، پاراسـتن و دەستەبەرکردنی شکۆمەندی مرۆڤ و دابەشـکردنەوەی دادپـەروەرانـەی داهاتەکان بەسەر تەواوی هاوڵاتیان لە رێگای دابینکردنی پـەروەردە،

خوێندن، نیشتەجێکردن، بیمەی کۆمەڵایەتی، بیمەی تەندروستی، یەکسانی لە دابینکردنی هەلی کار، پێویستییەکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، پێکەوە ژیان بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێت و لە پێناوی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان و ئاشتی هەمیشەیی لەبەر رۆشنایی رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان هاوشانی هێزە مەدەنییە کوردستانی، عێراقی و جیهانیەکان تێدەکۆشێت.

**بەشی دووەم: ئامانجە گشتییەکان:**

١) (ی. ن. ك) تێدەکۆشێت لە پێناوی ئاشتی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی چارەی خۆنووسین، ئازادی، لێبوردەیی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، سەروەریی یاسا، مافی هاوڵاتیبوون، کۆمەڵی مەدەنی، سیستمی سیکۆلار، هاوکاری و سۆلیدارێتی، پێکەوەژیانی گەلان بە ئاشتی و ئارامی لە سەر بنەمای رێزگرتن لە مافەکانی یەکتر، هاوکات دژی دیکتاتۆری، جەنگ، داگیرکردن، چەوساندنەوە، هەژاری، گەندەڵی، جیاکاریی (نەتەوەیی، رەگەزی، ئاینی و ئاینزایی) شۆفێنیزم، کۆنەپەرستی و تیرۆریزم.

٢) پابەندبوون بە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و تێکڕای ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ.

٣) بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستان بەشێوازێکی دیموکراسییانە.

٤) پاراستن و گەشەپێدانی سیستمی دیموکراتی، فیدراڵی و پەرلەمانی لە عێراق.

٥) جێبەجێکردنی سەرجەم مافە یاسایی و دەستورییەکانی خەڵکی کوردستان بەتایبەت و عێراق بەگشتی.

٦) پابەندبوون و پشتیوانیکردن لە مافە، دەستورییەکانی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئاینزاکانی کوردستان و عێراق.

٧) جێگیرکردنی ئاشتی و ئاسایش لە کوردستان و عێراق بە تایبەتی، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بە گشتی، لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی بەرامبەرو بەرژەوەندیی هاوبەش و بە ئاشتی پێکەوە ژیانی گەلان.

٨) تێکۆشان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی پەیوەستن بە نەهێشتنی چەکی کۆمەڵکوژی، قەدەغەکردنی

بەکارهێنانیان، ناساندنی کۆمەڵکوژییەکانی، کیمباران، ئەنفال، جینۆسایدی ێزدییەکان، کوردانی فەیلی، بارزانییەکان، سپایکەر، لە باشور و ناوەڕاستی عێراق و تەواوی قوربانییانی دەستی تیرۆر و قەرەبوکردنەوەی زیانلێکەوتوان.

٩) پشتیوانیکردن لە چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراتییانەی کێشەی گەلی کورد لە ناوچەکەدا.

١٠) ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کوردستان، سڕینەوەی ئاسەواری شەڕی ناوخۆ، دوو ئیدارەیی و چارەسەرکردنی لێکەوتەکانی.

١١) هەموارکردنەوە و پەسەندکردنی پرۆژەی دەستورێکی مەدەنی و پەرلەمانی بۆ هەرێمی کوردستان.

١٢) پتەوکردنی پەیوەندییەکان و هاوپەیمانی لەگەڵ هێزە دیموکراسیخواز و نیشتمانییەکان، لە پێناو بەرژەوەندییە بالاو هاوبەشەکانی گەلانی کوردستان و عێراق.

١٣) بەدامەزراوەییکردن و بێلایەنکردن و یەکخستنەوەی سەرجەم هێزە چەکدارەکان لە ژێر سایەی ئالای نیشتمان.

**بەشی سێیەم: ئامانجە سیاسییەکان:**

١) چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ لە ڕێی دانوستان و بەپشت بەستن بە جێبەجێکردنی دەستوری عێراق، لەسەر بنەمای لێکتێگەیشتن، هاوبەشێتی راستەقینە و سازانی لایەن و پێکهاتەکان.

٢) جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی: یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری، دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری.

٣) پابەندبوون بە بنەما دیموکراتییەکان و دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات لە هەموو ئاستەکان.

٤) دەستەبەرکردنی ئازادی رادەربڕین، مانگرتن، ڕێپێوان و خۆپیشاندانی ئاشتییانە بۆ سەرجەم تاك و چین و توێژەکانی کۆمەڵ.

٥) داکۆکیکردن لە یەکسانی جێندەری، مافی ژنان و پەیڕەوکردنی جیاکاریی ئەرێنی، لە پێناو هاوتاکردنی ژن و پیاو لە ماف و ئەرکەکانیاندا.

٦) بەهێزکردنی دەسەڵاتی چوارەم و پاراستنی ژیانی ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان بە تایبەت و عێراق بە گشتی و فەراهەمکردنی ئازادی رادەربڕین.

٧) دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵ، لەپێناو تەواوکردنی دامەزراوەی یاسادانان و هاوسەنگی نێوان هەرێم و پارێزگاکان.

٨) ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم:

أ) مادەی (١٤٠) ی دەستور بنەما و نەخشەرێگای چارەسەری کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەبێت و وەك خۆی جێبەجێدەکرێت.

ب) دیدو تێڕوانینە سیاسی و ستراتیژییەکانی سەرۆك مام جەلال دەبنە بەرنامەی کاری چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم.

ج) هەڵوەشاندنەوەی تەواوی یاسا و بڕیارەکانی (مجلس قیادة الثورة) و (لجنة شؤون الشمال) دەرهەق بە کەرکوك، شەنگال، دەشتی نەینەوا، مەخمور، خورماتو، خانەقین و ناوچە کوردستانییەکانی تری دەرەوەی هەرێم.

د) سڕینەوە و نەهێشتنی تەواوی لێکەوتەکانی ریفراندۆم، ئاساییکردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، بە هاوبەشی بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاسایشی ناوچەکان بەپێی دەستور و سازانی نیشتمانی.

هـ) بایەخدان بە کەلتوری فرەیی و پاراستنی رەسەنایەتی خەڵکی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.

و) هاندانی لاوان بۆ بەشداریکردنی لە دامودەزگا سەربازی و مەدەنییەکانی حکومەتی هەرێم و فیدراڵ.

ز) گرتنەبەری تەواوی رێکارە مەدەنییەکان بۆ جێبەجێکردنی دەستور و خواستەکانی خەڵکی رەسەنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم.

## بەشی چوارەم: ئامانجە ئابورییەکان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاردەکات بۆ گەشەپێدانی سیستمی ئابوری، بازاڕی ئازاد دوور لە قۆرغکاری، پشتیوانیکردن لە پلان و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات، بەهێزکردنی ژێرخانی ئابوری

و هەمواركردنـەوەی یاسا بـەركارەكان بەشـێوازێكی سـەردەمیانە لـە پێناوی گەشە و پەرەپێدانی ئابوریی كوردستان و عێراق.

**یەكەم: كەرتی كشتوكاڵ**

كەرتی كشتوكاڵ ژێرخـان و سەرچـاوەیەكی گرنگـی ئـابوری و بـژێوی ژیـانی دانیشـتوانە، پەرەپێـدان و دارِشـتنی سیاسـەتێكی تۆكمـەی پێویستە، بەدیهێنانی ئاسایشی خۆراك لە رێی چارەسەركردنی كێشـە یاسـاییەكانی كـەرتی كشـتوكاڵ، كێشـەی خاوەنـدارێتی زەوی، پاراستنی مافی جوتیاران، دارِشتنی پلانی سـتراتیژی بـەم شـێوەیەی خوارەوە:

١) پاراسـتنی سەرچـاوەكانی ئـاو، دارِشـتنی سـتراتیژێكی هاوچـەرخ، دروستكردنی بەنداو، سوود وەرگرتن لە رووبار و دەریاچەكان.

٢) هانـدانی كۆمپانیـا كشـتوكاڵییەكان، بـەرفراوانكردنی ناوەنـدەكانی بەرهەمهێنان، ئاراستەكردنی جوتیاران، پشتگیریكردنی وەبەرهێنەران لە بەرهەمهێنانی بەروبومی جۆراوجۆر و پێداویستییەكانیان.

٣) گرنگیدان بە بانکی کشتوکاڵی و دەرکردنی رێنمایی پێویست بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ سەرخستنی پرۆژەکان.

٤) گەشەپێدانی سامانی (ئاژەڵداری، پەلەوەری، هەنگەلان، و ماسی)، فراوانکردن و پێشخستنی ناوەندەکانی ڤێتەرنەری.

٥) دابینکردن و بەکارهێنانی تازەترین شێوازەکانی ئامێری تەکنەلۆژیای کشتوکاڵی، بەرەو گەشەپێدانی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە، پەرەپێدان و زیادکردنی بەرهەمهێنانی تۆو، گوڵ و نەمام.

٦) پاراستنی لەوەڕگا و دارستانە سروشتیەکان و قەدەغەکردنی راوی نایاسایی.

٧) بوژاندنەوە و گەشەپێدانی گوندەکان وەك ناوەندێکی هاندان بۆ پێشخستن و پشتیوانیکردنی بەروبومە کشتوکاڵییە ناوخۆییەکان.

٨) چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و زاری جوتیاران.

٩) گرنگیدان بە توێژینەوەی زانستی و دەرچووانی زانکۆو پەیمانگا کشتوکاڵییەکان.

١٠) بەپیشەسازییکردنی کشتوکاڵ و گرنگیدان بە پیشەسازی خۆراك.

**دووەم: کەرتی پیشەسازی و وزە و کانزاکان**

بە ئامانجی پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی و کانزاکان بە جۆرێك بتوانێت سەرجەم پێداویستییە ناوخۆییەکان دابین و هەناردە بکات:

١) دارشتنی ستراتیژی پیشەسازی بە هاوکاری کەرتی تایبەت، بۆ نوێکردنەوەی کارگەکان، دامەزراندنی کارگەی نوێ، بەتایبەتی ئەوانەی کە پشت بە کەرەستەی خاوی ناوخۆیی دەبەستن و خستنەگەڕی دەستی کاری ناوخۆ.

٢) گەشەپێدانی سیستمی بانکی پیشەسازی و هاوکاریکردنی سەرمایەگوزاری لەو بوارە.

٣) دابینکردنی سەرچاوەکانی وزەی کارەبا و سووتەمەنی هەمەجۆر بۆ پرۆژە پیشەسازییەکان.

٤) گەشەپێدان و پاراستنی بەرهەمە پیشەسازییەکانی ناوخۆ لە رێگای یاسا و سیاسەتە ئابورییەکانەوە.

٥) هەوڵدان بۆ دەرکردنی یاسایەکی هاندەر و گونجاو بۆ کارگە و کۆمپانیاکانی هەرێمی کوردستان بە رەچاوکردنی پاراستنی رێنماییە ژینگەییەکان.

٦) هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆمپانیاکانی دەرهێنان و بە بازاڕکردن و دامەزراندنی سندوقی داهاتە نەوتییەکان.

٧) دابینکردنی وزەی کارەبا، سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی وزە وەك: خۆر، با، هایدرۆلیك و بەنداو.

٨) دروستکردنی کارگەی پیترۆ کیمیایی و دامەزراندنی پاڵاوگەی پێویست بە ستانداردی جیهانی.

**سێیەم: کەرتی دارایی**

١) هەوڵدان بۆ فرە سەرچاوەکردنی داهاتەکانی هەرێم لەڕێی هەمەجۆرکردنی چالاکییە بەرهەمدارەکان و پەرەپێدانی سەرچاوەکانی تری داهات.

٢) هەوڵدان بۆ هەمواركردنەوەی یاساكانی باج و رسومات، بەجۆرێك كە رۆڵی لە پێشخستنی ئابوری و دابینكردنی دادوەریی كۆمەڵایەتی هەبێت.

٣) دامەزراندن و پەرەپێدانی سیستمی بانكی بەشێوازێكی سەردەمیانە كە توانای دابینكردنی هەموو خزمەتگوزارییە بانكییەكان و دەستەبەركردنی متمانەی بانكە جیهانییەكانی هەبێت.

## چوارەم: كەرتی كارگێڕی

١) كاركردن بە سیستمی لامەركەزی كارگێڕی و دارایی لە پێناو رەخساندنی دەرفەت بۆ هەموان و بەشدارپێكردنی دانیشتوانی ناوچە جیاوازەكان لە داڕشتنی پلان و بەڕێوەبردنی كاروباری وڵات.

٢) جێبەجێكردنی پرنسیپی كەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو.

٣) داڕشتنی سیاسەتێكی كارگێڕی روون و رەچاوكردنی پێوەرەكانی لێپرسینەوە و شەفافیەت.

٤) گەشەپێدانی كارگێڕی و راهێنان و مەشقپێكردنی كارمەندان.

٥) كاركردن بە سیستمی حكومەتی ئەلیكترۆنی.

٥) كاركردن بە سیستمی هاوبەشێتی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.

## پێنجەم: کەرتی تایبەت

١) رەخساندنی ژینگەیەکی لەباری وەبەرهێنان بە هەموارکردنەوەی یاسا بەرکارەکانی وەك کار، تۆمارکردنی مولْکایەتی، پێدانی قەرز، بەکرێدان و پێدانی مۆڵەت و .. هتد.

٢) دەستەبەرکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ کێبڕکێی نێوان کەرتی گشتی، تێکەڵ و تایبەت، لە هەموو ئاستە کارگێڕییەکان.

٣) گرنگیدان بە رۆڵی کەرتی تایبەت لە داڕشتنی پلان و سیاسەتە ئابوورییەکاندا.

## شەشەم: پڕۆژەی بچوك و مامناوەند

داڕشتنی ستراتیژ و پلانی گونجاو بۆ پڕۆژەی بچوك و مامناوەند، وەك سەرچاوەیەکی دیاری رەخساندنی هەلی کار و بەگەڕخستنی سەرمایەی بچوك و پترکردنی بەرهەمهێنان.

**حەوتەم: گەشتوگوزار**

داڕشتنی پلانێکی ستراتیژی بۆ گەشەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لە کوردستان.

**هەشتەم: بەگژاچوونەوەی گەندەڵی**

١) رێکخستنی هەڵمەتی نیشتمانی هەمەلایەنە و هۆشیارکردنەوە و دانانی پلانی لەبار بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی لە هەموو ئاست و بوارەکاندا.

٢) پەیڕەوکردنی شەفافیەت لە سەرجەم بوارەکانی کەرتی گشتی، تێکەڵ و تایبەت.

٣) دەستەبەرکردنی مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە سەرجەم بوارەکان بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

٤) پشتگیریکردنی دەسەڵاتی دادوەری و دەزگا چاودێرییەکان و هاوکاریکردنی رێکخراوە ناحکومییەکان بۆ بەگژاچوونەوەی گەندەڵی.

## بەشی پێنجەم: ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان

### یەکەم: گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

١) رەخساندنی دەرفەت و زەمینەی یاسایی و ئابوری بۆ نەهێشتنی بێکاری.

٢) دەرچواندنی یاسا بۆ دابینکردنی بیمەی بێکاری و کۆمەڵایەتیی هاوسەنگ بۆ تاك و خێزان.

٣) هەموارکردنەوە و پێداچوونەوە بە یاسا و سیستمەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی.

٤) پاراستن و دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ، ژنان و منداڵان لە ڕێگەی جێبەجێکردنی رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان.

٥) هەموارکردنەوەی یاسای خانەنشینی بەرەچاوکردنی کەمکرنەوەی جیاوازی و دەستەبەرکردنی دادپەروەری و دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆیان.

٦) چارەسەرکردنی ئاسەوارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کەسوکاری قوربانییانی جینۆساید (فەیلییەکان، بارزانییەکان،

کیمبـارانکردن، ئـەنفالکراوان و ئێزیدییـەکان) و شـەڕی تیرۆرسـتانی داعش بەپێی یاسا.

٧) کارکردن بۆ پاراستنی کۆمەڵ لە ماددە هۆشبەرەکان بەپێی یاسـا کارپێکراوەکان و کردنەوەی سەنتەری چارەسەرکردنی ئالودەبوان.

٨) کردنــەوەی ســەنتەری زانســتی بــۆ چارەســەر و راهێنانــەوەی قوربانیانی دەستی تیرۆریستانی شەڕی داعش.

### دووەم: گەشەپێدانی مرۆیی

١) گرتنەبەری ستراتیژی گەشەپێدانی توانا و سەرچاوە مرۆییەکان.

٢) پەرەپێدانی سیستمی خوێندنی هاوچەرخ، راهێنان و مەشقپێکردن و دابینکردنی چوارچێوەیەکی دامـەزراوەیی کـە لەگـەڵ بەرنامـەکانی تری گەشەکردنی هەرێمدا گونجاو بێت.

٣) هەماهـــەنگی هەمەلایەنـــە لـــەنێوان سیاســـەتی دانیشـــتوان و سیاسەتەکانی بەگەڕخستن و هێـزی کـار و سیاسـەتەکانی خوێنـدن و ستراتیژی گەشەپێدان.

**سێیەم: کەسوکاری فەیلییەکان و قوربانییانی ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدی ئێزدییەکان**

١) کارکردن بۆ دابینکردنی ژیان و گوزەرانێکی شایستە بۆ کەسوکاری شەهیدە نەمرەکانی شۆڕش، قوربانیانی ئەنفال، کیمیاباران، جینۆسایدی ئێزدییەکان و شەهیدانی دەستی تیرۆر و هەوڵدان بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانی ئەو کارەساتانە.

٢) گرنگیدان بە منداڵانی شەهیدان و کارئاسانیکردن بۆ تەواوکردنی خوێندن لە ناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا.

٣) زیندووراگرتنی ناوو یادەوەرییەکان بەشێوازی جۆراوجۆر.

٤) بەردەوامبوون لە هەڵمەتی گەڕان و هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ئەنفالکراوان و هێنانەوەی روفاتەکانیان.

٥) کارکردن بۆ ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال و کیمیاباران و ئێزیدییەکان.

٦) کارکردن بۆ دادگاییکردنی ئەو کەسانەی دەستیان هەبووە لە شاڵاوەکانی ئەنفال و کیمیاباران و شەهیدکردنی رۆڵەکانی گەلی کوردستان.

٧) جێبەجێکردنی مادەی (١٣٢) ی دەستوری عێراق لە هەرێمی کوردستان.

٨) کردنەوەی مۆزەخانەی تایبەت بە شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و جینۆسایدی ئێزدییەکان.

٩) هەوڵدان بۆ دۆزینەوە و گەڕاندنەوەی روفاتی پیرۆزی ئێزیدییەکان و قوربانییانی دەستی تیرۆریستانی داعش و بەردەوام بوون بۆ دۆزینەوەی چارەنوسی بێسەر و شوێنەکان.

## چوارەم: زیندانییە سیاسییەکان

١) جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٤) ی ساڵی (٢٠٠٦) ی هەموارکراو لە پەرلەمانی عێراق، تایبەت بە زامنکردنی مافی زیندانییانی سیاسی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی زیندانییانی سیاسی عێراق.

٢) چارەسەرکردنی زیندانی سیاسی نەخۆش لەناوەوە و دەرەوەی وڵات لەسەر ئەرکی حکومەت.

٣) تەرخانکردنی زەوی و دابینکردنی مووچەی شایستە بۆ ئەو زیندانییە سیاسییانەی کە تا ئێستا سوودمەند نەبوون.

**پێنجەم: کەمئەندامانی سەنگەر و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان**

١) جێبەجێکردنی سەرجەم برگەکانی یاسای ژمارە (٣٤) ی ساڵی (٢٠٠٧) ی تایبەت بە خانەنشینکردنی (کەمئەندامانی سەنگەر) ، کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرکراوە.

٢) دابینکردنی زەماڵەی خوێندن. بۆ کەمئەندامانی سەنگەر و کوڕ و کچیان، دابینکردنی خەرجی بۆ خوێندن بۆیان لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەپێی مەرجەکانی خوێندن.

٣) دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون لەڕێگەی پێدانی زەوی یان دروستکردنی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی تایبەت بە کەمئەندامانی سەنگەر کە پێداویستی کەمئەندامانی تێدا رەچاو بکرێت.

٤) هاوکاریکردنی تەواوی کەمئەندامانی سەنگەر بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی.

٥) کردنەوەی چەند سەنتەرێکی کۆمەڵایەتی و وەرزشی و پیشەیی لە شار و شارۆچکەکان بۆ کەمئەندامانی سەنگەر.

٦) دیاریکردنی رۆژێك بەناوی رۆژی کەمئەندامانی سەنگەر.

٧) دیـاریکردن و دابینکردنـی مینحەیـەکی گونجـاو بـۆ بەخێوکـەری کەمئەندامان بەگوێرەی یاسای بەوکارەکان.

**شەشەم: تێکۆشەر و پێشمەرگە دێرینەکان**

١) جێبـەجێکردنی یاسـاکانی تایبـەت بـە راژە و خزمـەتی پێشـمەرگە دێرینەکان.

٢) دابینکردنی زەوی یـان یەکـەی نیشـتەجێبوون بـۆ ئـەو پێشـمەرگە دێرینانەی کە تا ئێستا سوودمەند نەبوون.

٣) دابینکردنی ئیمتیازاتی ژنانی شاخ بەپێی ساڵانی خەبات.

**حەوتەم: ژنان**

١) خـــەباتکردن بـــۆ یەکســـانی و چەســـپاندنی مافـــەکانی ژنـــان لـــە چوارچێوی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەت جاڕنامەی جیهـانی مافەکانی ژنان (پەیماننامەی سیداو) .

٢) کـارکردن بـۆ رەخسـاندنی زەمینەیـەکی لـەبار بـۆ دابینکردنـی ئابورییەکی سەربەخۆ بۆ ژنان لە رێگای پڕۆژەی هەمەجۆرەوە.

٣) بەگژاچوونەوەو رێگریکردن، لەهەر جۆرە تێڕوانین و بیرو باوەڕێك کە بانگەشە بۆ جیاکاریی رەگەزی بکات.

٤) بڵاوکردنــەوەی کــەلتوری یەکســانی لــە کۆمەڵــدا و رێکخســتن و پاراستنی مافەکانی ژنان و رەنگدانەوەی لەناو یاساکاندا.

**هەشتەم: کوردستانییانی هەندەران**

بەهۆی ناسەقامگیری دۆخی ئەمنی و باری ئـابوری نـاوخۆی وڵاتــەوە، ژمارەیــەکی زۆری هاوڵاتیــان روویــان لــە هەنــدەران کــردووە، بۆیــە (ی.ن.ك) هەوڵ دەدات بۆ:

١) سوودوەرگرتن لەتواناو شارەزاییان.

٢) بەهێزکردنی ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی لـەناو ئـەو نەوەیـەی لە هەندەران لەدایك بوون و ژیاون.

٣) گرنگیــدان بــە رۆڵ و پێگــەیان بــۆ ئــەوەی بتــوانن بەشــێوازێکی مەدەنییانە و دیبلۆماسییانە رۆڵـی خۆیـان بگێـڕن وەك گروپـی فشـار لەسەر ناوەندەکانی بڕیاری جیهـانی و رێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان و

وڵاتانی جیهان بۆ ناساندن و پشتیوانیکردن لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

٤) هەماهەنگیکردن لەگەڵ عێراقییەکانی دەرەوەی وڵات.

**نۆیەم: لاوان**

لاوان سەرمایەی هەرە گەورە و بەنرخی کۆمەڵ و داهاتووی وڵاتن، لەو روانگەیەوە لەپێناو ئایندەیەکی گەش و شایستە (ی.ن.ك) خەبات دەکات بۆ:

١) پێگەیاندنیان و دۆزینەوەی هەلی کار بۆیان، خستنەگەڕی تواناکانیان لە ناوخۆ و دەرەوەدا.

٢) رەخساندنی هەلومەرجی فراوان بۆ پەرەپێدانی ئازادانەی تواناو بەهرەکانی لاوان و گەشەپێدانیان لەرێی دابینکردنی دەرفەتەکانی بەشداربوون لە سەرجەم کایەکاندا.

٣) دابینکردنی زەمینەی ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ لاوانی کوڕ و کچ لە پێکهێنانی خێزان و نیشتەجێبووندا.

٤) دروستكردنی كەشی ئازاد بۆ لاوان بۆ بەشداربوونیان بەشێوەیەكی چالاك لە دروستكردنی بڕیاری سیاسی و ئابوریدا.

٥) گەشـەپێدان و زیـادكردنی سـەنتەرەكانی راهێنـان و پێگەیانـدنی لاوان و دروسـتكردنی تـۆڕی پەیوەنـدی نێـوان لاوانـی كوردسـتان و بەستنەوەیان بە لاوانی عێراق و ناوچەكە و جیهانەوە.

٦) پراكتیككردنـی میكـانیزمی مـۆدێرن لـە پێكهێنـانی رێكخراوەكـانی لاواندا، تا بتوانن بە ئازادانە گوزارشت لە بیروبۆچوونی خۆیان بكەن.

٧) پـــەروەردەكردنی لاوان بـــە گیـــانێكی ســـەردەمیانە بـــۆ زیـــاتر خۆشەویستی خاك و بەهێزكردنی ئینتیمای نیشتمانییان.

**دەیەم: وەرزش:**

(ی.ن.ك) هەوڵ دەدات بۆ:

١) هۆشیاركردنەوەی لاوان بۆ بەردەوامبوون لە چالاكی وەرزشیدا.

٢) دامەزراندنی یانەی وەرزشی تایبەت بە بوارە جیاوازەكانی وەرزش لە شار و شارۆچكەكانی كوردستاندا.

٣) بنیاتنانی ژێرخانی وەرزشی لە شارەکاندا وەك یاریگا، مەلەوانگە، هۆڵی داخراو.

٤) دامەزراندنی بنکەی تەندروستی وەرزشی بۆ چارەسەرکردنی سروشتی و نەشتەرگەری وەرزشی لە شارە گەورەکاندا.

٥) دابینکردنی بودجەیەکی گونجاو بۆ یانەو یەکێتییە وەرزشییەکان بۆ ئەنجامدانی کاری وەرزشی.

٦) دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانی وەرزشی بۆ گرنگیدان بەرۆڵی وەرزش لە کوردستاندا.

٧) دابینکردنی توانای دارایی بۆ هێنانی راهێنەری پسپۆڕ بۆ راهێنانی تیپەکان و دادوەرە وەرزشییەکان بەنوێترین بنەماکانی پەروەردە و یاسای وەرزشی.

٨) گرنگیدان بەتیپە میللیەکان و بەرزکردنەوەی تواناکانیان.

**یازدەیەم: پەروەردە و خوێندنی باڵا**

١) هەوڵدان بۆ: گەشەپێدان و نوێکردنەوەی بەردەوامی سیستمی پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵا، پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی

خوێندن، گەشەپێدانی بەردەوامی فەلسەفە و سیستمی پەروەردە و فێر کردن بۆ تەواوی خوێندنەگەکان.

٢) زیادکردنی خوێندنگەکان بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان.

٣) بایەخدانی زیاتر بە بەشە ناوخۆییەکان و هۆیەکانی هاتووچۆ بۆ خوێندکاران.

٤) گەشەپێدانی پەیمانگا و زانکۆکان، پاراستنی سەربەخۆییان لەرووی ئەکادیمی، دارایی، کارگێڕییەوە و بایەخدان بە توێژینەوە زانستییەکان.

٥) بایەخدان بەخوێندنی پیشەیی و تەکنیکی لەڕووی چۆنایەتییەوە بە شێوەیەك کە لەگەڵ توانا و پێداویستییەکانی بازاڕی کار گونجاو بێت.

٦) گرنگیدان بە وزە و توانای ئەکادیمیستەکان، هاندانی کۆچی پێچەوانەی پسپۆران و خاوەن بڕوانامە باڵاکان لە دەرەوە بۆ ناوەوە.

٧) دابینکردنی کورسی و زەمالەی خوێندن لە دەرەوەی وڵات و کارئاسانیکردن بۆ خوێندکاران.

٨) کردنەوەی پەیمانگای تایبەت بەفێرکردنی زمانی کوردی بۆ ئەو بیانیانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن و دەژین.

**دوازدەیەم: تەندروستی**

١) هەوڵدان بۆ دانان و جێبەجێکردنی سیستمی بیمەی تەندروستی.

٢) گرنگیدان بەهۆشیاری تەندروستی و بەرنامەی خۆپاراستنی تەندروستی بە سیستمێکی تەندروستی مۆدێرن.

٣) رێکخستنەوەی سیستمی تەندروستی، بەشێوەیەکی سەردەمیانەی گونجاو لەگەڵ ستاندارده جیهانییەکان بە لەبەرچاوگرتنی رێژەی دانیشتوانی ناوچە جیاجیاکان و داهاتی تاك.

٤) چاودێریکردن و پاراستنی تەندروستی ژنانی دووگیان و کۆرپەکانیان.

٥) پەرەپێدانی نەخۆشخانەکان و کردنەوەی سەنتەری تایبەت بە چارەسەرکردنی کێشە تەندروستییەکان.

٦) بەهێزکردنی دەزگای کوالێتی کۆنترۆڵ لەسەر دەرمان و خۆراك و کەرەستە و پێداویستییە پزیشکییەکان.

٧) گرنگیــدان بەکردنــەوەی خــولی راهێنــان و پەرەپێــدان بــەتوانا تەندروســتییەکان لــە نــاوەوە و دەرەوە، هەوڵــدان بــۆ هێنــان و پێگەیانــدنی پزیشــکی پســپۆڕ و شــارەزا لــە ســەرجەم بــوارە تەندروستییەکاندا بۆ نەخۆشخانەکان.

٨) کردنەوەی کۆمەڵگەی پزیشکی لەشار و شارۆچکەکان.

٩) هەوڵدان بۆ رێکخستنەوەی نەخۆشخانە ئەهلییەکان و کلینیکە پزیشکییەکان، بەجۆرێك کە لەگەڵ داهاتی تاکدا بگونجێت.

١٠) بایەخدان و فراوانکردنی نەخۆشخانەکانی تایبەت بە منداڵان بەجۆرێك کە بتوانێت خزمەتی بەرچاو بە تەندروستی منداڵان بکات، هەروەها کردنەوەی سەنتەری چارەسەری سروشتی و دەروونی و راهێنانی منداڵانی ئۆتیزم.

١١) رێکخستنەوەی کار و پاراستنی مافی کارمەندانی تەندروستی، پزیشك، پەرستار، دەرمانساز، تاقیگەکاران، کارمەندانی کارگێڕی و هەموو ئەوانەی لە بواری تەندروستیدا کاردەکەن.

**سیازدەیەم: ژینگە**

دانـانی پلانــی گونجـاو بـۆ پارســتن و چـاککردنی ژینگــەی هــەرێم، پابەندبوون بە پەیماننامە، پرۆتۆکۆلـە هـەرێمی و نێودەوڵەتییـەکانی تایبــەت بــە ژینگــە، دانـانی دیســپلین بـۆ دابینکردنــی ســەلامەتی و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەم سیاسـەتە، هـەروەها کـارکردن بـۆ نەهێشتنی ئاسەواری چـەکە کۆمـەڵکوژ و کیمیاییـە بـەکارهاتووەکان، پاککردنەوەی کێڵگەکانی مین لە کوردستان، پاشمـاوەی ئـەو چـەك و تەقەمەنییانەی کە ژینگەی هەرێمیان پیس کردووە.

رەچـــاوکردنی پاراســـتنی ژینگـــە لـــە شـــوێنە پیشەســـازییەکان، دروستکردنی کارگەی ریسایکلن بۆ دووبارە سوودوەرگرتنەوە لە خۆڵ و خاشاك و پاشەڕۆکان.

**چواردەیەم: نیشتەجێبوون**

١) چارەسەرکردنی کێشـەی نیشـتەجێبوون بەتایبـەت بـۆ هاوڵاتیـانی کـــەم دەرامـــەت و پێداچـــوونەوە و هەموامکردنـــەوەی هـــەموو ئـــەو

یاسایانەی کە لە بواری نیشتەجێبووندا کاریان پێ دەکرێت، سەرباری ڕێکخستنەوەیان بەشێوازێك کە لە بەرژەوەندی گشتیدا بێت.

٢) هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان و هاندانی وەبەرهێنان لە پڕۆژەکانی نیشتەجێکردن و دروستکردنی شوقە و خانوی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتیان، بەشێوەیەك بکرێتە چارەسەری گرفتی نیشتەجێبوون بەرەچاوکردنی داهاتی هاوڵاتیان.

٣) چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوونی پێشمەرگە، کەمئەندامانی سەنگەر، زیندانییە سیاسییەکان، کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و قوربانیانی شەڕی داعش و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

## پازدەیەم: بواری کلتوری

١) گەشەپێدانی بزووتنەوەی کلتوری، دامەزراندنی ناوەندی زانستی تایبەت بە شێوە زارەکانی زمانی کوردی، لە پێناو بەستانداکردنی زمان و گەشەپێدانی ئەکادیمیای کوردی.

٢) دابینکردنــی زەمینــەی لــەبار بــۆ گەشــەپێدانی بــوارە جیاجیــانی میدیا، هونەرە جوانەکان، سینەما، ئەدەب و رێنوسی کوردی.

٣) کۆکردنــەوە و بڵاوکردنــەوەی فۆلکلــۆر، کەلــەپوری کــوردی و بەئەرشیفکردنی بەڵگەنامە نووسرا و زارەکییەکانی گەلەکەمان.

٤) گرنگیدان و رێزگرتن لە کلتور و دابونەریتی کۆمەڵایــەتی ســەرجەم ئەو پێکهاتە (تورکمــان، عــەرەب، ئەرمــەن، کلــد و ئاشــور) و ئــایین و ئاینزایانەی (مەسیحی، ئێــزدی، ســابیئەی مەنــدائی، کاکــەیی) کــە لــە کوردستان دەژین.

٥) کوردســـتان لانکـــەی شارســـتانییە، هـــەروەك لـــە بەڵگـــە شــوێنەوارییەکاندا ســەلمێنراوە، پێویســتە بایــەخ بــە شــوێنەوارە دێرینەکان و خانوە کــۆن و مێژووییــەکان لــەناو شــار و شارۆچکەکان بــدرێت و گرنگیــدان بــە فراوانکــردن و گەشــەپێدانی مۆزەخانــەو مۆنۆمێنتەکان بدرێت بە مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنــە سورەکەشــەوە لە پایتەختی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان[٤٥].

---

[٤٥] پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك) پەسەندکراوی چوارەمین کۆنگرە/ سلێمانی ١٢/٢١ – ١٢/٢٥ ٢٠١٩ – لاپەڕە (٩–٤٧) .

# وتـــــەی کـــــــۆتــــایـــــی

 سروشـتی مـرۆڤ وا هەڵکـەوتوە کـە هەمیشـە لـە هـەوڵ و گەڕاندایـە بــەدوای بەدەســتهێنانی باشــترین و چــاکترین ژیانــدا و دابینکردنــی سەرجەم پێداویستیەکانی ئەو ژیانەدا.ئـەوەش لـە ڕێگـەی داهێنـان و پیــــادەکردنی گونجـــاوترین سیســــتەم و شـــێوازی دەســــەڵاتەوە دەبێــت.بەدرێــژایی مێــژووی مرۆڤایــەتی و لــە قۆنــاغ و وێســگە جیاوازەکاندا و لەجێگە و پێگـەی جـوگرافی جیـاوازدا زۆرێـك لەشـێواز وجۆرەکانی دەسەڵات تاقیکراونەتـەوە و پیـادەکراون. بـەڵام هیچـیان بەشێوەیەکی ڕەها نەیانتوانیوە خواست و ویستەکانی مرۆڤـەکان تێـر بکـەن.و هـەموو ئـەو تێـوری و سیسـتەمانەی کـە داهێنـراون لەلایـەن بیرمەنـدان و فەیلەسـوف و زانــاو ڕابەرەکانــەوە. هــەموویان هێنــدە کەموکوڕیان هەبوە کە بونەتـە مایـەی دروسـتکردنی کێشـە و گـرفتی نوێ و زیاتر و گـەورەتر.و هـیچ کامیـان لـەو سیسـتەمانە کامـڵ و بـێ خــەوش و بــێ کــەموکوڕی نــەبوون.ئەمــەش کــارێکی ئاســاییە چــونکە

ئاســتی ژیــری و لێکدانــەوەی مرۆڤــەکان بــۆ ژیــان و ژینگەکــەی دەوروبــەریان دیــاریکراوە و سـنورداره و تــەنها هەسـت بـەو کێشـە و کەموکوڕی و پێداویستیانە دەکەن کە لە سەردەمەکەی خۆیاندا هەیـە و چارەســەریان بــۆ دادەنــێن. هەربۆیــەش هــەموو ئــەو تێــوری و سیسـتەمانە ئەگــەر ڕاسـت و بـێ هەڵـەش بـوبن تــەنها بـۆ قۆنــاغ و ســەردەمانێکی دیــاریکراو گونجــاو بــوون و هــیچ کامیــان تاســەر و بەدرێژایی مێژوو جێگەی ڕەزامەندی و پەسەندکردنی هەموان نەبون و نەیانتوانیوە وەلأمی هەموو پرسـیارەکان بدەنـەوە,چـونکە سروشـتی ژیـان هەمیشـە بـۆ پێشـەوە ڕێـدەکات و ڕۆژ بـەڕۆژیش پێداویسـتی و پرسیاری نوێ دێنە ئاراوە کە پێویستیان بەوەلأمی سەردەمیانەی تـر هەیە.

دیموکراسیەت وەك شێوازێکی دەسەلأت کە مێژویەکی دێرینی هەیـە و دەگەڕێتــەوە بــۆ ســەدەی پێنجــەمی پــێش زایــین و لەوکاتــەوە و تائێستاش چەندەها قۆناغ و گۆڕانکاری تێپەڕاندوە و هێشتاش کامـڵ و بـێ خــەوش نیــە.و لەگــەڵ ئــەوەی بۆتــە دروشمــی ســەرەکی ئــەم ســەردەمەو بــە ولأتــە زلهێــز و بچوکەکانیشــەوە داوای چەســپاندنی

دەکەن و تەنانەت دیکتاتۆرو دەسەلأتە شمولیەکانیش دەیانەوێت بە ویست و بەرژەوەندی خۆیان پیادەی بکەن.بەلأم بەدرێژایی مێژوو دیموکراسیەت لە هیچ زەمان و زەمینەیەکدا ١٠٠٪ جێبەجێنەکراوە و ناشکرێت.

دوای دیموکراسیەتیش هەریەکە لە سیستەمەکانی سەرمایەداری و سۆشیالیستی و ڕێبازەکانی لیبڕاڵیەت و سۆشیال دیموکرات و سۆشیالیست و دیموکراتەکانیش هیچ کامێکیان نەیانتوانیوە. نەك ببنە چارەسەری کێشە و گرفتی کۆمەڵگاکان و ژیان و گوزەرانێکی ئاشتی و ئارامی و بیٚ کەموکوڕی بهێننەدی.بەڵکو زۆربەشیان بونەتە مایەپووچ بوون و هەژارترکردن و دواکەوتن و سەرکوتکردن و چەوسانەوەی زۆرێك لە کۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان و بونەتە هۆی ڕوودانی کارەسات و مەینەتی و ناخۆشی زۆر بۆ سەر ژیان و ئایندەی مرۆڤەکان.

 کۆمەڵگای کوردەواریش وەك کۆمەڵگایەکی کراوە وزیندوو تینو بۆ ئازادیەکان و دیموکراسیەت و وەدیهێنانی خەون و ئاواتەکانی لەپێشکەوتن و خۆشگوزەرانی لەسایەی دەسەلأتێکی خۆماڵی

خۆیـدا.هەمیشـە لەهـەوڵی بەردەوامدایـە بـۆ چـێکردنی گـۆڕانێکی بنـــەڕەتی لەپێکهاتـــە و بیربۆچـــوون و هەڵســـوکەوت و گوتـــاری خۆیـدا.ئـەویش لەسـەر دەسـتی پارتـە سیاسـیە پێشـکەوتنخواز و دیموکراتخوازەکـــانی.یـــەکێتی نیشـــتیمانی کوردوســـتانیش وەك ڕێکخراوێکی گەورەو کاریگەر و بەدەسەلاٚت لەکۆمەڵگەی کوردەواریـدا و تەنانە لە دەسـەلاٚت و تـەواوی عێراقـی نوێشـدا.توانیویـەتی بـەهۆی پیـادەکردنی لـە (( ڕێبـازی سۆشـیال دیمـوکرات و سۆشیالیسـتی و دیمـوکراتی )) لـەماوەی ئـەم (٣٠) سـاڵەی دەسـەلاٚتیدا کـە گـەلێك دەسـکەوت وئـەرك بەدەسـبهێنێت و جێیـەجێبکات کـە هـەموانیان دەچنە چوارچـێوەی بنـەماکانی سۆشیالیسـتی و دیمکوراسـیەکانەوە لەســـەر ئاســـتی سیاســـی و ئـــابوری و کۆمەلاٚیـــەتی و فەرهـــەنگی و....هتـد.کەهـەموو ئـەم کارانـە مژدەبەخشـی ئایندەیـەکی گـەش و ڕوونن بۆ خۆی وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی گـەورەو ئەنـدامێکی کـارای ڕێکخـــراوی ئەنتـــەر ناســـیونال و بـــۆ کۆمـــەڵگای کـــوردەواریش وەك کۆمەڵگایەکی زیندوو چالاك و تینو بۆ پێکەوە ژیانی گەلان بەئاشتی و ئـــارامی و چەســـپاندنی دیموکراســـیەت و تێکـــەلاٚوبون لەگـــەڵ

شارســــتانیەت و کـــــەلتورە جیاوازەکـــــانی کۆمــــەڵگا بیـــــانی و جیهانیەکاندا.هەربۆیە ئەرکی یەکێتی نیشتیمانی کوردوستانە کـە بـۆ وەدیهێنانی ئەو بەرنامـە و خواسـت و خەونـە گەورانـە کـاری زیـاتر و جدیانــەتر و لێبڕاوانــەتر بکـات لـەم سـۆنگەیەوە لەسـەر هــەوومان پێویستە کە:

سوود و قازانجی کوردو کوردایەتی بکەینە دروشم و ئامانج و بیکەینـە بەرژەوەنــدی بــالآ بــۆ هــەموان و بیخەینــە ســەروو بەرژەوەندییــە تایبەتیـەکانیان و دەسکەوت و پلـەو پایـە و بەرژەوەندیـە مادیـەکان نەخەینە سەروو بەرژەوەندیـەکانی نەتـەوەو گـەل و وولأت و مەسـەلە گەورەکــەی کــوردو کوردایەتیــەوە و ژیــانی ئاینــدەی خۆمــان و نەوەکانمان نەگۆڕینەوە بە ژیانێکی کاتی ڕاگوزەری ئەم قۆناغە.

چــــونکە دواکــــەوتن لــــەکاروانی خــــەبات و پێشــــکەوتنەکان و گەشەکردنەکانی بواری ئابوری دەبێتە مایەی کلۆڵبـون و هەژارکـەوتن و لەدەستدانی هەموو دەسکەوتەکان کەلـەدونیای ئـەمڕۆدا ئـابوری و بازرگــانی و بــازاڕ و دراو ئاینــدەی دەســەلأت و کۆمــەڵگاکان دیــاری دەکـەن.جابـەڕێوەبردن و ئیـدارەدان و ڕابەرایـەتیکردن و جڵـەوگرتنی

ئەم ململانێ و کێشمەکێش و گرفت و هاوکێشە ئاڵۆزانەی ناوخۆ و ناوچەکە و دونیا دەبێت لەلایەن ڕێکخراوێك و سەرکردایەتیەکی زۆر ژیر و حەکیم و عەقڵ کراوە و بیر تیژ و تێگەیشتوو و بەئەزمون بکرێت کە خاوەن بەرنامەی نوێخوازی و پێشکەوتنخوازی بێت بۆ هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگا.نەك کەسان و ڕێکخراوی کۆنەپارێز و دواکەوتوو عەقڵ دۆگماو چەقبەستووی وا کە تەنها دەست و دان بگرێت بەوەی کە بەدەستهاتوە و هەیە و نەیەوێت لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی سەردەمدا ڕێبکات.بەم شێوەیە ئەرکەکان سەخت و گرانن و هەربۆیەش دەبێت سەرکردایەتی و ڕابەرایەتیەکەش بەدەست کەسانی لێهاتوو لێوەشاوە و خاوەن توانواە بێت و لەئاست ئەو قورسایی و سەختیانەدا بێت. هەربۆیە لەدونیای سەردەمدا جێگەی کەس و لایەن و پارت و کۆمەڵگای سست و خاو تەمەڵ و تەوەزەل نابێتەوە.

بەهیوای ئەوەی کە یەکێتی نیشتیمانی کوردوستان و کۆمەڵگای کوردەواری بتوانن لە ئایندەدا هەموو خەون و ئاواتەکانیان بهێننە دی لە چێکردنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و دیموکراسی و فیدڕاڵ و خاوەن

بەرنامەیـەکی خۆشـگوزەران بـۆ هـەموو تـاکێکی کـوردو بەسیاسـەتی حەکیمانەی (چەپکە گوڵەکەی مام) ئیدی ڕۆژگارە تەنگانە و نـاخۆش و پڕ مەینەتیەکان بۆ هەتاهەتایە نەگەڕێنەوە و ببنە مێژویـەکی ڕەش و تاڵ لەیادەوەریەکانـدا بمێننـەوە تـەنها بـۆ پەنـد وەرگـرتن لێیـان و بۆئەوەی زیاتر و تونـدتر دەسـت و دان بگـرین بـە ئەڵقـەی یـەکێتی و پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگای کوردەواریەوە. ئاشکراشە ئەو خەون و ئاواتانـە بـەوە دێنـە دی کـە دیموکراسـی و ئازادیـەکان ببنـە بەشێکی دانـەبڕاو و ڕۆچـوو بـەقوڵایی فکـر و هەڵسـوکەوت و گوتـاری ڕۆژانەی دەسـەڵات و کۆمـەڵگا و تـاك بـەتاکی هاوڵاتیـانی کوردسـتان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست دوور لە ڕیایی و نمایشـکاری لەبـەردەم دونیــای دەرەوەدا و بـــە پیـــادەکردنێکی ڕاســـتەقینەی ئـــازادی و یەکســانی و پێکــەوە کــارکردن و چەسـپاندنی دادوەری کۆمەڵایــەتی لــەنێوان هــەموو نەتــەوە و تــیرە و دیــن و مەزهەبــەکان و ســەرجەم تاکەکاندا بەهەردوو ڕەگەزی نێر و مێوە بەبێ جیاوازی.خوازیارم ئـەو ڕۆژە زۆر نزیك بێت ( ( اليس الصبح بقريب ) ) .

# پاشکۆ:
# ئەبدەیتی تازەی ( حزبە سۆسیال دیموکراتەکان )ی ئەندام
# لە ڕێکخراوی سۆسیال ئەنتەرناسیۆنالی جیهانی ( SI )

١- ئەندامانی کارا
٢- ئەندامانی ڕاوێژکار
٣- ئەندامانی چاودێر
٤- ڕێکخراوی دەستەخوشك
٥- ڕێکخراوەکانی سەر بە سۆسیال ئەنتەرناسیۆنال

## ١- ئەندامانی کارا :

| | |
|---|---|
| Albania | Socialist Party of Albania, SPA |
| Algeria | Socialist Forces Front, FFS |
| Andorra | Social Democratic Party of Andorra, PS |
| Angola | MPLA |
| Argentina | Radical Civic Union, UCR |
| Armenia | ARF Armenian Socialist Party |
| Azerbaijan | Social Democratic Party of Azerbaijan, SDPA |
| Belarus | Narodnaya Gramada |
| Belgium | Socialist Party, PS |
| Bolivia | National Unity, UN |
| Bosnia and Herzegovina | Social Democratic Party of Bosnia and Herzegovina, SDP BiH |
| Brazil | Democratic Labour Party, PDT |
| Bulgaria | Bulgarian Social Democrats, PBSD<br>Bulgarian Socialist Party, BSP |
| Burkina Faso | People's Movement for Progress, MPP |
| Cabo Verde | African Party of Cabo Verde's Independence, |

| | |
|---|---|
| | PAICV |
| Cameroon | Social Democratic Front, SDF |
| Chad | National Union for Development and Renewal, UNDR |
| Chile | Party for Democracy, PPD<br>Radical Party, PR<br>Socialist Party of Chile, PS |
| Colombia | Liberal Party of Colombia, PLC |
| Costa Rica | National Liberation Party, PLN |
| Croatia | Social Democratic Party, SDP |
| Cyprus | Movement of Social Democrats EDEK<br>Republican Turkish Party, CTP<br>Social Democratic Party, TDP |
| Czech Republic | Czech Social Democratic Party, CSSD |
| Democratic Republic of Congo | Union for Democracy and Social Progress, UDPS |
| Dominican Republic | Dominican Revolutionary Party, PRD |
| Ecuador | Democratic Left, ID |
| Equatorial Guinea | Convergence for Social Democracy, CPDS |
| Finland | Finnish Social Democratic Party, SDP |
| France | Socialist Party, PS |
| Ghana | National Democratic Congress |
| Greece | Movement for Change |
| Guatemala | National Unity for Hope, UNE |
| Guinea | Guinean People's Assembly, RPG |
| Haiti | Social Democratic Assembly for the Progress of |

| | |
|---|---|
| | Haiti, RSD<br>Union of Haitian Social Democrats, Fusion SD |
| Hungary | Hungarian Socialist Party, MSzP |
| India | Indian National Congress, INC |
| Iran | Kurdistan Democratic Party of Iran, KDPI |
| Iraq | Patriotic Union of Kurdistan, PUK |
| Israel | Meretz Party |
| Italy | Italian Socialist Party, PSI |
| Jamaica | People's National Party, PNP |
| Japan | Social Democratic Party, SDP |
| Kazakhstan | Nationwide Social Democratic Party, OSDP |
| Kyrgyzstan | Social Democrats of Kyrgyzstan, SDK |
| Lithuania | Lithuanian Social Democratic Party, LSDP |
| Lebanon | Progressive Socialist Party, PSP |
| Mali | African Party for Solidarity and Justice, ADEMA-PASJ<br>Assembly for Mali, RPM |
| Mauritania | Assembly of Democratic Forces, RFD |
| Mauritius | Mauritius Labour Party |
| Mexico | Institutional Revolutionary Party, PRI |
| Republic of Moldova | Democratic Party, PDM |
| Mongolia | Mongolian People's Party, MPP |
| Montenegro | Democratic Party of Socialists of Montenegro, DPS<br>Social Democratic Party of Montenegro, SDP |
| Morocco | Socialist Union of Popular Forces, USFP |
| Mozambique | Frelimo Party |
| Namibia | SWAPO |

| | |
|---|---|
| Nepal | Nepali Congress Party |
| Niger | Party for Democracy and Socialism of Niger, PNDS |
| Pakistan | Pakistan People's Party, PPP |
| Palestine | Fatah |
| Paraguay | Progressive Democratic Party, PDP |
| Panama | Democratic Revolutionary Party, PRD |
| Peru | Peruvian Aprista Party, PAP |
| Philippines | Philippines Social Democratic Party, PDSP |
| Portugal | Socialist Party, PS |
| Puerto Rico | Puerto Rican Independence Party, PIP |
| Romania | Social Democratic Party, PSD |
| San Marino | Party of Socialists and Democrats |
| Senegal | Socialist Party, PS |
| Slovakia | SMER-Social Democracy |
| South Africa | African National Congress, ANC |
| Spain | Spanish Socialist Workers' Party, PSOE |
| Tunisia | Democratic Forum for Labour and Freedoms, FDTL |
| Turkey | Republican People's Party, CHP |
| Uruguay | New Space, PNE |
| Venezuela | Democratic Action, AD<br>A New Era, UNT<br>Popular Will, VP |
| Yemen | Yemeni Socialist Party |

## ٢- ئەندامانی راوێژکار:

| | |
|---|---|
| otswana | Botswana Democratic Party, BDP |
| Democratic | Unified Lumumbist Party, PALU |

| | |
|---|---|
| Republic of Congo | |
| Djibouti | Movement for Democratic Renewal and Development, MRD |
| Eswatini | People's United Democratic Movement, PUDEMO |
| Gabon | Gabonese Party for Progress, PGP |
| Gambia | United Democratic Party, UDP |
| Georgia | Social Democrats for Development, SDD |
| Ghana | Convention People's Party, CPP |
| Guinea-Bissau | African Party of Independence of Guinea and Cape Verde, PAIGC |
| Iran | Komala Party of Iranian Kurdistan, KPIK |
| Palestine | Palestinian National Initiative, PNI<br>Palestinian Popular Struggle Front, PPSF |
| São Tomé and Príncipe | Movement for the Liberation of São Tomé and Príncipe/Social Democratic Party, MLSTP-PSD |
| Syria | Democratic Union Party, PYD |
| Togo | Democratic Convention of African Peoples, CDPA |
| Turkey | Peoples' Democratic Party, HDP |
| Ukraine | Social Democratic Party of Ukraine, SDPU |
| Western Sahara | Polisario Front |

## ٣- ئەندامانی چاودێر:

| | |
|---|---|
| swatini | Swazi Democratic Party, SWADEPA |
| Great Britain and Northern Ireland | The Labour Party |
| Great Britain and | Social Democratic and Labour Party, SDLP of |

| | |
|---|---|
| Northern Ireland | Northern Ireland |
| Ireland | The Labour Party |
| Kenya | Labour Party of Kenya |
| Kosovo | Movement for Self Determination, Vetëvendosje |
| Lesotho | Lesotho Congress for Democracy, LCD |
| Serbia | Social Democratic Party of Serbia, SDPS |
| Somaliland | Justice and Welfare Party, JWP |

## ٤- ڕێکخراوی دەستەخوشك:

| |
|---|
| International Falcon Movement/Socialist Educational International, IFM/SEI |
| International Union of Socialist Youth, IUSY |
| Socialist International Women, SIW |

## ٥- ڕێکخراوەکانی سەر بە سۆسیال ئەنتەرناسیۆنال:

| |
|---|
| Arab Social Democratic Forum, ASDF |
| Euro-Latin American Forum of Progressive and Socialist Parliamentarians |
| International Federation of the Socialist and Democratic Press, IFSDP |
| International Labour Sports Confederation, CSIT |
| International League of Religious Socialists, ILRS |
| International Social Democratic Union for Education, ISDUE |
| Jewish Labour Bund, JLB |
| National Democratic Institute for International Affairs, NDI |
| Party of European Socialists PES |
| Social Democratic Group of the Latin American Parliament |
| World Labour Zionist Movement, WLZM |

## سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:


١–ویکیپیدیا،
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%8A%D9%85%D9%82%D8%B1%D8%A7%D8%B7%D9%8A%D8%A9_%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%B4%D8%AA%D8%B1%D8%A7%D9%83%D9%8A%D8%A9

٢– سۆسیال دیموکرات، پاشکۆی گۆڤاری ئایدیا والاّ ژمارە١٠ ،سلێمانی، ل٣.

٣– ماڵپەڕی المعرفة، الدیمقراطیة الآشتراکیة، https://www.marefa.org

٤– ئـەکرەمی میهرداد،سۆشـیال دیمـوکرات (دیمـوکراتی کۆمەڵایـەتی) ، ماڵپـەری PUKNOWhttps://www.puknow.com/articleview?article=20754&auther=3235

٥– دڵشـاد تاڵـەبانی، سۆشـیال دیمـوکرات و دەوڵـەت، بەڕێوەبەرایـەتی چـاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی،بەرگی یەکەم ٢٠١٣،ل١٠٨.

٦– نـەوزاد عوسمـان، ڕێبـازی سۆشـیال دیموکراتـەکان و کۆمەڵگـەی کوردی،چـاپی یەکەم، ٢٠٠٨، سلێمانی، ل٣٢٢.

٧– و/کارزان کاوسین، جیهانێکی دادپەروەر شـیاوە، سـلێمانی چـاپی یەکـەم ،٢٠٠٨، ل٦٥.

٨– ئاری محمود قەرەداغی، تیۆری سۆشیال دیموکرات، ڕۆژنامەی کوردستانی نویێ،
https://knwe.org/KU/ArticleDetails/1284?fbclid=IwAR3gI

6NvbNaEFoXKYBmAt2NR5w-LFV0Xsn1U4cIiEBNjNLcV7IYsGG6FATU
٩- سەروەت تۆفیق، سۆسیال دیموکرات، کۆمەڵگەی خۆشگوزەران، چاودێر ٢٠١٨.
١٠- ماڵپەڕی المعرفه، الديمقراطية الآشتراكيه،https://www.marefa.org
١١- ئەکرەمی میهرداد،سۆسیال دیموکراسی (مێژوو، تیۆر، ڕەخنە) ، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی،٢٠٠٨،ل١٠.
١٢- دڵشاد تاڵەبانی، سۆشیال دیموکرات و دەوڵەت،بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی،بەرگی یەکەم ٢٠١٣،ل١٢٣.
١٣- ئەکرەمی میهرداد،سۆسیال دیموکراسی (مێژوو، تیۆر، ڕەخنە) ، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی،٢٠٠٨،ل١٣.
١٤- دڵشاد تاڵەبانی، سۆشیال دیموکرات و دەوڵەت،بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی،بەرگی یەکەم ٢٠١٣،ل١٦١
١٥- و/ شاسوار کەمال، سۆسیال دیموکرات، گۆڤاری ئایدیا والآ، ژمارە (١٠) ل٧.
١٦- کتێبی (مارکسیزم یان سۆسیال دیموکراتی) نوسینی (ب.د. حەمید عەزیز)، ساڵی (٢٠١٧) – ناوەندی توێژینەوە و هزری شەهید ئارام/٢٠١٧ – لاپەڕە (١٠٧).
١٧- نامیلکەی (جیهانێکی دادپەروەر شیاوە) وەرگێڕانی لە ئینگلیزی (کارزان کاوسین) – زنجیرەی بیری سۆسیال دیموکراتی ژمارە (٧) .
١٨-چاپ کراوی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك) ساڵی (٢٠٠٨) – چاپی یەکەم – لاپەڕە (٦٢) .
١٩- کتێبی (پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید) مێژوو – پرۆگرام) .

٢٠- وەرگێڕانی لـە سـویدیەوە (عوسمـان حەمـە رەشـید گـورون) – زنجـیرەی بـیری سۆسـیال دیمـوکراتی (٤) – چـاپی یەکـەم/ سـلێمانی – ٢٠٠٨. لـە بڵاوەکراوەکـانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك) ساڵی ٢٠٠٨. لاپەڕە (٨٠) .

٢١- شتێك دەربارەی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال/ نوسـینی دکتـۆر لوئـەی جـاف/ نوێنەری (ی.ن.ك) لە فەرەنسا – ٢٠١٧/٣/١٣ (puk media) -پوك میدیا-

٢٢- کتێبی سۆسیال دیموکرات/ هەسەن عومەر/ ساڵی ٢٠٠٧- لاپەڕە (٥١) .

٢٣- سایتی (puk media) پوك میدیا لە ٢٠١٧/٣/٣.

٢٤- کتێبی پرەنسیپی گروپـەکانی کـار لـە حیزبـی سۆشـیال دیمـوکراتی ئـەڵمانیا – SPD وەرگێڕانـی لـە ئەڵمانیـەوە (جەمیلـە شـێخ مـەحمود) – چـاپی یەکـەم، سـاڵی (٢٠٢٢) لە بڵاوکراوەکانی مەکتـەبی گەشـەپێدانی بـیرو هۆشـیاری (ی.ن.ك) . لاپـەڕە (٨) .

٢٥- عوسمان حەمە رەشید گورون، بیری سۆسیال دیموکراسی و پراکتیزە کردنی لـە کوردستان،چاپی یەکـەم، چـاپخانەی حەمـدی، ئـەکادیمیای هۆشـیاری و پێگەیانـدنی کادیران، سلێمانی،٢٠١٦، ل٢٢.

٢٦- دڵشـــاد تاڵـــەبانی، سۆشـــیال دیمـــوکرات و دەوڵەت،بەڕێوەبەرایـــەتی چـــاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی،بەرگی یەکەم ٢٠١٣،ل٢٠٤

٢٧- م.د. ستار جابر عمران، منهجیه الاصلاح الاقتصادی فی العراق- دراسه تحلیلیـه، مجله الاداره والاقتصاد، ع٤٢، سنه ٢٠١٩، ص٤٨٩.

٢٨- ماڵپەڕی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی ڕاپەڕین،چۆن ژینگەی کوردستان بپارێزین، ٤/تشرینی دووەمی ٢٠١٧،

http://www.mdraparin.org/index.php/enviroment/53-how-to-care-about-kurdistan-en

٢٩- دڵشــاد تاڵــەبانی، سۆشــیال دیمــوکرات و دەوڵەت،بەڕێوەبەرایــەتی چــاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی،بەرگی یەکەم ٢٠١٣،ل٢٠٦

٣٠ کتێبی سۆشیال دیموکراتو دەوڵـەت، بـەرگی یەکـەم، نوسـینی دڵشـاد تاڵـەبانی، لاپەڕە ٤٨٠..

٣١- کتێبی (سۆسیال دیموکرات/ نوسـینی هەسـەن عومـەر بـەکرمانجی ژورو سـاڵی/ ٢٠٠٧ – بەشی روناکبیری مەڵبەندی رێکخستنی زاخۆی (ی.ن.ك) لاپەڕە (٤٢) .

٣٢- عادل عەلی، کورتەباسیێك دەربارەی پڕۆگرامی یەکێـیی نیشتمانیی کوردستعان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٥٢١ لاپەڕە ١١.

٣٣- کتێبی (سۆسیال دیموکرات) نوسینی هەسەن عومـەر/ بـەزمانی کرمـانجی ژوورو سـاڵی/٢٠٠٧ – بەشـی رونـاکبیری مەڵبەنـدی رێکخسـتنی زاخـۆی (ی.ن.ك) ، لاپــەڕە (٤٧) .

٣٤- نامیلکــەی (ی.ن.ك|، پێناســەی حزبێکــی سۆســیال دیمــوکرات) ، نوســینی: نەجمــەدین فــەقێ عەبـدوڵڵا – زنجـیرەی هۆشـیاری (٥٩) ئـەکادیمیای هۆشـیاری و پێگەیاندنی کادیران (ی.ن.ك) سلێمانی، ساڵی (٢٠١٢) – لاپەڕە (٦) .

٣٥- کتێبــی (رێبــازی سۆشــیال دیمــوکرات و کۆمــەڵگای کــوردەواری – چــەمك، گەشەکردن، دەسەڵات) ، نوسینی: نەوزاد موهەندیس، چاپی یەکەم، ساڵی (٢٠٠٨) – لاپەڕە (٣١١) .

٣٦- پرۆگــرام و پــەیڕەوی نــاوخۆی (ی.ن.ك) پەســەندکراوی چــوارەمین کــۆنگرە/ سلێمانی ١٢/٢١ – ١٢/٢٥ ٢٠١٩ – لاپەڕە (٩-٤٧) .



# نوسەر لە چەند دێڕێکدا:

* ساڵح عوسمان خدر

* ڕۆژی لە دایک بوون: ١٩٧١/٧/١ (ڕانیە/ چوار قوڕنە) .

* بڕوانامەی بەکالۆریۆس ئاداب/زمانی کوردی (زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر ١٩٩٤).

* خولی ئەفسەرانی باڵای ئاسایش (قەڵاچوالان–١٩٩٧)

* بەکالۆریۆس یاسا (زانکۆی سلێمانی–٢٠٠٣) .

* بڕوانامەی ماستەر لە بواری تیۆری نێودەوڵەتی (زانکۆی بەرگری نیشتمانی/بەغداد–٢٠٠٦) .

* سکرتێری گشتی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان (ساڵی ١٩٩٥) .

* ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان (ساڵی ٢٠١٠ تا ٢٠١٩) .

* ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان (ساڵی ٢٠١٩ تا ئێستا) .

* لێپرسراوی بەشی پاسپۆرت و مانەوە (١٩٩٩ تا ٢٠٠١) .

* جێگری بەڕێوەبەری پاسپۆرت و مانەوە (٢٠٠١ تا ٢٠٠٧) .

* بەڕێوەبەری پاسپۆرتی پارێزگای سلێمانی (٢٠٠٧ تا ٢٠١٥)

* بەڕێوەبەری نشینگەی پارێزگای سلێمانی (٢٠١٥ تا ٢٠٢٢) .

* شارەزا لە زمانی (عەرەبی و فارسی) –ناوەند لە ئینگلیزی.

* جگە لەم کتێبە خاوەنی ئەم کتێبانەی خوارەوەشە:

١– (تیۆری نێودەوڵەتی – سەرەتا و پەرەسەندن) ـ ساڵی (٢٠١٩)

٢– (دیپلۆماسی–سەرەتا،گەشە،بنەما) – ساڵی (٢٠٢٠)

٣– (گۆڕانی دیموکراسی و سەقامگیری سیاسی–عێراق بە نمونە) – ساڵی (٢٠٢١)

* بۆ پەیوەندی:salihbabany@gmail.com